رۆمان

# دەیڤید کۆپەرفیلد

PDF4Kurd

چارلز دیکنز

پێشەکیو پاچڤەی حەمەکەریم عارف

دەیڤید کۆپەرفیلد (رۆمان)

ن:چارلز دیکنز

و:حەمەکەریم عارف

تایپ: رزگار حەساری

هەڵەچن:سەرگوڵ محەمەد ئەمین

چاپی یەکەم:٢٠١١

## پێشەکی

## حەمەکەریم عارف

## *-ئەدەبیاتی منداڵان و نەوجەوانان

## "١"

بەو بەرهەمانە دەوترێ کە بۆ سەرگەرمی وفێربوونی منداڵان ومێرمنداڵان دەنووسرێن.دیارە ئەم بابەتە بەرهەمە دەبێ لە رووی زمان وگوزارشت و تیمەو نێوەرۆك و بابەتەوە دەگەڵ قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی منداڵ ومێرمنداڵدا بگونجێت.ئەگەر هەندێ ورد سەرنج بدەین دەبینین بەشێکی فرەی ئەدەبیاتی جیهان ئەو تایبەتمەندیانەیان تێدایە.ولە ناو دنیای ئەدەبیاتدا، زیاتر ئەو بەرهەمە فۆلکلۆری وئەفسانەیی و نەقڵ وحیکایەت و چیرۆکە خەیاڵی و پڕ لە ڕیسك وسەرکێشی وسەیرو عەنتیکانەی کە هەستی فزوڵیەت وکونجکاوی دەهاڕوژێنن،لە جەم منداڵ ومێردمنداڵان پەسندن.ئەگەر تەمەشای مێژووی تیرەی بەشەر بکەین دەبینین لە دێر زەمانەوە، کەم وزۆر بایەخ بە ئەدەبیاتی منداڵان ومێردمنداڵان دراوە.ودەکرێت مێژووی ئەم ئەدەبیاتە بەسەر چوار قۆناغدا دابەش بکرێت:قۆناغی کۆن، قۆناغی سەدەکانی ناڤین،قۆناغی داهێنانی چاپ وچاپکاری تا سەدەی نۆزدە،قۆناغی تازە لە سەدەی نۆزدەوە تا ئیستا.کۆنترین بەرهەم بۆ منداڵان،چیرۆکێکی کۆنی میسریە بە ناونیشانی (کەشتیوانی کەشتی شکاو)کە دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵی ٢٥٠٠پ.ز، گوایە لە روسیادا پارێزراوە.ئەمە نموونەیەکە لە چیرۆکی میسری کۆن، وەکو باس دەکرێت لە چیرۆکی رۆبنسن کرۆزۆ دەچێت.پاشان یۆنانی وئێرانی و هیندیەکانیش لەم بوارەدا خۆیان تاقیکردووەتەوە. ئەمە بە باشی لەو کاراکتەر ودیمەنانەدا کە هۆمەر دایهێناون بەدی دەکرێت، هەروەها لەو فابیلانەی(چیرۆکی گیانلەبەران)کە دراونەتە پاڵ ئیزۆپ،کە سەرچاوەی زۆربەیان ئەدەبیاتی کۆنی

میسـریه..ئیـدی ئـەدەبیاتی منـاڵو مێردمنـداڵانیش بـە گـوێرەی قۆنـاغ وسەردەمان،بوژانەوەو قاتوقڕی،بەخۆوە دیتووە..ئیدی کە هونەری چاپ و چـاپکاری لـە دەوروبـەری ١٤٣٦دا داهێنـرا، بـووە مایـەی بڵاوبوونـەوەی ئەدەبیاتی هەر ولاتێك لە ولاتانی تردا،ولـەم رێگەیـەوە ئەوە ئاشکرابوو کە گـەلێك لـەو تیمـەو نێوەرۆکـە فۆلکلۆریانـەی لـە ئـەدەبیاتی منداڵانـدا بـەکار هاتوون،یـەك ڕەگ وریشـەیان هەبووە،وتـەنیا گێڕانـەوەکانیان جیـاواز بووە..بەهەرحاڵ لە هەرقۆناغ وسەردەمێکدا خـەڵکانێك هـەبوون لـە مەیدانی ئەدەبیاتی منداڵ ونەوجەواناندا کاری شایستەیان کردووەو جێدەستیان دیاربووە.لـە سـەدەی نۆزدەوە کتێبـانی وێنـەدار، رەونـەق و رەواجی باشی پەیداکردو ئەمە گوڕو تەکانێکی باشی بە ئـەدەبیاتی منداڵان بەخشی و تا ئیستاش بەردەوامە..لێرەدا تـەنیا بـۆ نموونـە نێـوی بڕێك لـەو نووسـەرانە دەبەین کە راستەوخۆ لە مەیدانی ئەدەبیاتی منداڵان و نەوجەواناندا کاری باشـیان کـردووە یـان لـە بەرهەمـەکانی ئەوانـەوە، ئـەدەبیاتی منـداڵان هـەڵێنجراوەو ئامادەکراوە،لەوانـە:

سێرڤانتس،لافۆنتین،دیڤۆ،سویفت،ئارۆینڤ،ئەندرسن،م.ئالکت،ر.ل.ستیوذ سن،م.توین،ر.کپلینگ،س.لاگرلۆف..

ئـەو بەرهەمـە رۆژهەلاتیانـەش کـە چـیرۆك و بەرهـەمی منـداڵانیان لێـوە هەڵێنجراوە دەکرێت نێوی کلیلەودمنە، هـەزارو یـەك شـەوە، تـوتی نامە،چل توتی، مشك و پشیلە، شانامە...هتد ببرێت

هەڵبەتە کورد بەداخەوە لەم بوارەشدا هەر قڕەی میللەتانەو هێشتا لە دوای دواوەیـەو زۆر لـە کـاروان بـە جێمـاوە..بەڵام بـەم حاڵەشـەوە سووکە هـەوڵی خـۆی هەیـە، خـەڵکانێکی دڵسـۆز لەقـەد توانـای خـۆ هـەوڵێکیان داوە کـە جێگـەی رێـزو دەستخۆشـیە وئەگـەر بمانـەوێ و بەرنامـەمان هـەبێت رەنگـە بتـوانین لـە رۆژگـاری ئەمڕۆدا،کـە لەسـایەی گلۆبالیزمـدا،دنیا بـووە بـە گونـدێکی چـکۆلە، رێگاکـان قەدبڕبکـەین و بۆشـاییەکان زووتـر

پڕبکەینــەوە..بەهــەرحاڵ ئــەوەی بــە ئــەدەبیات دەوتــرێ ودەگەیــەنرێت ونیشـــاندەدرێت، بەکایـــە رۆشـــنبیری و ئەبســـتمۆلۆجیەکانی تـــر ناوترێت،ئەگـەر بشـوترێ ئەدەبیانـەو ئەدیبانـە نـاوترێ.مـرۆڤ لـە رێگـەی ئەدەبیاتــەوە هــەم مــرۆڤ دەناسـێت و هــەم زمــانی مــرۆڤ دەناسـێت،واتە ئــەدەبیات لــە رێگــەی زمــانێکی هونــەریی بــاڵاوە مامەڵــە لــە تــەك تــەبع و تەبیعـــەتی مرۆڤـــدا دەکات،ســـاتە مرۆڤانیـــە زنـــدووەکان دەهونـــەرێنێ وبەرجەســـتە دەکات،دەکەوێتـــە توێکـــاری و شـــیکاری ســـایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی مرۆڤ، هەوڵدەدات هەموو رازو رەمزەکانی هونەریانە کەشف بکـات..واتـە دۆزی سـەرەکی ئـەدەبیات مـرۆڤ وئـازادی مرۆڤـە..بۆیـە دەگـەڵ خوێندنەوەی جدی هەر دەقێکی ئەدەبی رەسەندا،بە نهێنییـەکی تـازەی نـاخ و دەروونــی ئینســان ئاشــنا دەبین،وئەفســوونی تــەکنیك و وردەکاریــەکانی زمان دەبین،کە داهێنـانێکی مرۆڤانی هێنده گەورەیـە، دەتـوانین بڵێین هـیچ شتێك لە دەرەوەی زماندا نیە.وزمان ئـەو داهێنانەیـە کـە مـرۆڤ دەتوانێت لـە رێگەیــەوە هــەم خــۆی بناســێنێ و بســەلمێنێ،هەم دیاردەکــانی دیکــەش بناسـێت و پـتر ئاشـنایان ببێـت. ئـەدەبیات دەتوانێـت قـوڵایی زەیـن و دڵ ودەروون ونیهـادی بنیـادەم فـەتح و کەشـف بکـات وهەسـت وسـۆزەکانی بەرجەســتە بکــات.ئــەدەبیات چــرایەکی ئەفســووناوی یــەجگار کاریگــەرو بەشەوق و پڕشنگدارە،وتیشك بۆ دوورتـرین وتـاریکترین گۆشـەی پـەنهان و کــەناری نادیــاری جیهــانی بــەرین و بــێ مــەرزو ســنووری دەروون و نــاخی بنیادەم دەهاوێت.دەقی ئەدەبی ، بە تایبەتی چیرۆك،بەزەبری خـەیاڵ خـۆی بـە کـون و کەلەبـەرو پـەناو پەسـێوی هێنـدە قـوڵ ونهێنــی نیهـادی مرۆڤـدا دەکات، کە هیچ هونەرو زانستێکی دیکە ناتوانێت بیگاتێ..زمان یەکێکە لـە داهێنانــە هــەرە گــەورەکانی بەشــەرو بــە درێــژایی مێــژووی بەشــەر خزمــەتی کــردووەو خزمــەتکراوە، پوختــەکراوە، مشــت ومــاڵ دراوە،تــا هــەم دنیــای بــەرینی دەرەکــی باشــتر بنــوێنێ وبناســێنێ و هــەم دنیــای ئــاڵۆزی دەروون

ونیهاد باشتر وێنە بگرێت و بەرجەستە بکات..ئەدەبیات یەکێك بووە لە فاکتەرە هەرە گرینگەکانی پوختەکردن و خەملاندن وکاراکردن و چالاکاندنی زمان.ئەگەر زمان بۆ زانستەکانی دی کەرەستەیەکی خاو بێت و هۆیەك بێت لە هۆیەکانی تێگەییشتن و تێگەیاندن، ئەوا بۆ ئەدەبیات هەوێن و ماکی هەرە زندووە،وشێوەو جوڵە بە گشت وێنە دیارەکان و خەیاڵە پەنهانەکان دەبەخشێت..یانی ئەدەبیات دەکاتە مامەڵەیەکی یەجگار هونەریانە دەگەڵ خودی زماندا،واتە بەرهەمهێنانەوەیەکی هونەریانەی زمانە..لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت کە ئەدەبیات بۆ نەوجەوانان یەجگار پێویستە..بە تایبەتی چیرۆك کە ئاوێتەیەکە لە فانتازیاو واقیع، لە حەقیقەت و خەیاڵ، ڕێك پڕ بە پێستی واقیعی تەمەن و تەبیعەتی نەولاوان و لاوانە،کە تەمەنێکی دەڵەمەی نەمەیوی ئاوێتەیە لە واقیع وخەیاڵ.جا ئەدەبیات وەکو ئەوزارێك کە هەردوو جیهانی واقیع و خەیاڵ بە وردی دەخاتە روو وبە روونی دەناسێنێت وبەرجەستە دەکات،یەکێکە لەو خۆراکە واقیعی و رۆحیانەی نابێت منداڵان بە گشتی و نەولاوان و لاوانی لێ مەحرووم وبێبەش بکرێت.هەڵبەتە دەبێت ئەوەش بگوترێت کە خوێندنەوەوبایەخدان بە کتێبان بە زۆری لە قۆناغی نەوجەوانی و سەرەتای لاویەوە دەست پێدەکات وئەم قۆناغە نەك هەر لە دیاریکردنی دوا شێوەی ژیانی تاکدا، بەڵکو لە دیاریکردنی رێگەو رەوشی ژیانی ئایندەشدا دەوری گرینگ و سەرەکی دەبینێت..کەچی لە وڵاتی ئێمەدا وەکو پێشتریش ئاماژەم کردیٚ، بایەخێکی ئەوتۆ بە کتێبانی تایبەت بە نەولاو ولاوان نەدراوە،جا لەو گۆشەنیگایەوە کە منداڵ بە گشتی و نەوجەوانان بە تایبەتی ئاوێنەی کۆمەڵن،هەرچەند سەیری ئەم ئاوێنەیە بکەیت و بیر لە کۆمەڵگەی داهاتووی کورد بکەیتەوە بە داخەوە تەنیا وێنەیەکی تەڵخ و لێڵ و تاریك دەبینرێت....

"٢"

## *-چارلز دیكنز

یەكێكە لە نووسەرە خۆشەویست و مەزنەكانی ئینگلیز، لە ساڵی ١٨١٢دا هاتووەتە دنیاوە.بابی فەرمانبەرێكی پایەبەرزی هێزی دەریایی ئینگلیز بوو. بەڵام پیاوێكی خەمساردو بیٚ موبالات ودەستبلاو وناجدی بوو، لە ئەنجامدا لەبەر قەرداری كەوتە زیندان..چارلز دیكنز لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا و پاش گرتنی بابی، ناچار بوو وبۆ ماوەیەكی كەم لە كارخانەیەكی بۆیاخسازیدا كاربكات و ئەمەی یەجگار بەلاوە ناخۆش بوو.بە نەنگی و كێماسییەكی گەورەی كۆمەڵایەتی دەزانی وهەرگیز لە بیری نەچووەوەو كارێكی فرەی كردە سەر ژیانی و لە بەرهەمەكانیدا بە زەقی رەنگی داوەتەوە وتیمەو نێوەرۆكی زۆربەی بەرهەمەكانی بریتیە لە ناڕەوایی یاسا،بەد رەفتاری دەگەڵ منداڵان، بیٚ سەروبەری وبێتوانایی دەزگای دادڤانی، نالەباری ژیانی پیشەسازی،و جیاوازی چینایەتی.

دیكنز بە مامۆستای تراجیدیا وكۆمیدیا ناسراوە، چونكە لە گشت بەرهەمەكانیا، سەرباری ئەوەی چڕترین و قوڵترین وبە سوێترین سۆزی بەشەری دەهاڕوژێنێت،لە هەمان كاتدا تەنزو تەوس وشۆخی ولایەنە كۆمیكیەكانیش فەرامۆش ناكات..دیكنز یەكێكە لە ئەدیبە پڕ خوێنەرەكانی ئەوروپا وكەم كەس توانیویەتی بە ئەندازەی ئەو قارەمانان و كاراكتەرانی زندووی ئەوتۆ بخوڵقێنێت كە لە بیرنەچنەوەو ببن بە هاوریٚ و ئاشنای خوێنەران. ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی كە قارەمانەكانی لە جەرگەی ژیانەوە هەڵبژاردوون و پەیوەندی یەجگار نزیكیان بە ژیانی هەمووئینسانێكەوە هەیە،واتە ساتە ئینسانیە زندووەكانی هونەرمەندانە خوێندووەتەوەو لە قاڵبی هونەردا نیشانی داون.دیكنز بە خۆی لە جەرگەی كۆمەڵگەی پڕ لە كێشماكێشی سەدەی نۆزدەی ئینگلیزدا ژیاوەو بە كردەوە ژیانی جەربانوووەو ماوەیەك كاری رۆژنامەوانی كردووەو بە تایبەتی چیرۆكی بە زنجیرە لە رۆژنامەاندا بلأوكردووەتەوە، كە هەر هەموو ئەمانە

کردوویانەتە کارێك چیرۆکەکانی تەواو لە واقیع نزیك ببنەوەو بە ئاسانی لە لایەن خوێنەرەوە پێشوازی بکرێن.کە چیرۆکەکانی بە زنجیرە بڵاودەکردەوە،خوێنەران گشت لایەنەکانی ئەو چیرۆکانەیان تاوتوێ دەکرد وباری سەرنجی خۆیان لەسەر دەردەبڕی و ئەمەش یارمەتی دیکنزی دەدا کە ئەو باری سەرنج و پەرچەکردارانە لە بەرهەم و نووسینەکانیدا ڕەچاوبکات.

دیکنز لە ساڵی ١٨٧٠دا کۆچی دوایی کردو کۆمەڵێك بەرهەمی نایابی لە پاش بەجێماوە، لەوانە:ئۆلیڤەر تویست-١٨٣٨،نیکۆلاس نیکلبی-١٨٣٩،ڕۆژگاری تەنگانە-١٨٥٤،دوریتی چکۆلە-١٨٥٧،چیرۆکی دووشار-١٨٥٩،و دەیڤید کۆپەرفیڵد-١٨٤٩:ڕۆمانی دەیڤید کۆپەرفیڵد جۆرە ژیاننامەیەکی نووسەر خۆیەتی و بە ڕاناوی یەکەم کەس گێڕدراوەتەوەو بەلای نووسەرەوە لە زۆربەی بەرهەمەکانی تری پەسندترە.کەم بەرهەم هەیە توانیبێتی وەکو دەیڤید کۆپەرفیڵد بەم ڕادەیە لە نزیکەوە واریقاتی واقیعی و هەژێنەری ژیانی مێردمنداڵێکی داماوی بەلەنگازی کلۆڵی هەژارو بێنەوای بەرجەستە کردبێ و لەو قاڵبە هونەریە سفتەدا نیشانی دابێت.

خوێنەری هێژا، ئەم ڕۆمانەی بەردەستت، کورتکراوەی دەقە ئەسڵیەکەیە،و ئەم کارە لە ناو زۆربەی میللەتانی دنیادا کراوەو دەکرێت..جا ئەم کورتکراوەیە سەرباری ئەوەی بە شێوەیەکی سخ وچڕ ستاتیکای دەقە ئەسڵیەکەی پاراستووە،وەختێکی کەمتریش لە خوێنەر دەگرێت و دەرفەت و دەلیڤەی ئەوەی بۆ دێڵێتەوە کە فریای چالاکیەکانی تریشی بکەوێت،وەکو:دەرس و دەور، وەرزش و گەمە ویاری و چالاکی دیکەی کۆمەڵایەتی..هەروەها خوێنەرش هاندەدا بۆ خوێندنەوەی دەقە ئەسڵیەکە بە تایبەتی و کتێبان بە گشتی..جا ئەم کارە بە مەبەستی ئاشناکردنی مێردمنداڵان بە شاکارانی ئەدەبی جیهانی کراوە، بۆیە بەندەش لەبەر گشت ئەو هۆیانەی باسکران وەکو بەشدارییەك لە خزمەتی مێردمنداڵان و

جـەوانانی کـوردا ئـەم شـاکارەم لـەم سەرچـاوەیەوە کـردووە بـە کـوردی، هیوادارم بە دڵیان بێت،دەنا ماڵی قەڵب سەری ساحێبی.

سەرچاوە:

چارلز دیکنز/دیوید کاپرفیلد/متن کوتاەشدە/ادبیات جهان برای جوانان
ترجمە مهدی سحابی/کتاب مریم(وابستە بە نشر مرکز) چاپ دوم/١٣٧٦

تێبینی:بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*-برنوبتلهایم/کودکان بە قصە نیاز دارند(کاربردهای افسون) مترجم:کمال بهروزکیا/چاپ اول ١٣٨٤

*-دایرە المعارف فارسی/بە سرپرستی:غلامحسین مصاحب/جلد اول/چاپ پنجم/١٣٨٧ ص٧٢

*- ناودارنی ئەدەب/ئا:حەمەکەریم عارف/چ١/٢٠٠٩/دەزگای موکریانی

((١))

## منداڵیەکی خەمناك

### یەکەمین بیرەوەری

کە بیر لە ساڵانی منداڵی خۆم دەکەمەوە، ئەوانەی بیرم دێنەوە یەکێکیان دایکمەو ئەوی تریان پگوتی کارەکەرمانە. بابی خۆم هەرگیز نەدیتبوو، چونکە پێش ئەوەی من لە دایك ببم مرد بوو.
دایکم سەرو قژێکی جوانی هەبوو، بەدارو باروبەژنو باڵا رێكو پێك بوو. بەڵام پگوتی وا نەبوو، قۆڵو بازوو ئەستور،وگۆناکانی سوور لە سێو دەچوون. هەمیشە سەرم لەوە سوڕ دەما کە بۆچی باڵندەکان نەدەهاتن، بە دەنووکان تێی بەربنو گوشتی ئەو گۆنا سوورانەی بخۆن.
هێشتا ماڵەکەی خۆمانم لە بیرە، ژووری نووستنەکەم لەبەرچاوە، پەنجەرەکانیم لەبەرچاوە کە دەیان خستنە سەر پشت تا هەوای ژوورەکە بگۆڕێ.
ماڵەکەمان، باخچەیەکی هەبوو کە پەرژینێکی بەرزی بەدەوردا کێشرابوو. پەپوولەو دارمیوەکانی ئەو باخچەیەم هێشتا لە بەرچاون. میوەکانی ئەو باخچەیەم، لە میوەی هەموو ئەو باخچانەی کە دواتر دیتمن، ئاودارترو شیرنیتر دێتە بەرچاو. هەندێجار، لە شەوانی ساردی زستاندا لە دەوری ئاگری ژووری نیشتمان دادەنیشتینو گەمەمان دەکرد. دایکم بیر دێتەوە کە شەکەتو ماندوو لەسەر کورسیەك دادەنیشتو سەری چەپکێك لە قژەکەی بە قامکەکانیەوە دەپێچا. دەمزانی کە خۆیشی دەزانێ خشیكو شەنگوڵەو بە جوانیەکەیەوە دەنازێت.
شەوێك منو پگوتی بە تەنێ لە پاڵ ئاگرەکە دانیشتبوین،خەریك بوو کتێبم بۆ دەخوێندەوە کە زەنگی دەرگا لێدرا. چووینو دەرگامان کردەوە. دایکم بوو، لە جاران جوانتر دەهاتە بەرچاو،و پیاوێکی دەگەڵ بوو. دایکم دانەویەوە، لە هەمێزی گرتمو ماچی کردم. ئەو پیاوەی کە دەگەڵی بوو دەستێکی بەسەرمدا هێنا، نازانم بۆچی حەزم لە چارەی نەکرد. لەو کاتەدا کە دەستی بەسەری مندا دەهێنا، دەستی دایکیشمی، کە منی لە هەمێز گرتبوو، نەوازش کرد. بەغیلیم پێبرد.
دایکم سوپاسی ئەو پیاوەی کرد کە گوایە گەیاندبویە ماڵەوە. پاشان پگوتی دەرگاکەی داخستو هەموو چووینە ژووری نیشتمان.
بەرە بەرە بەدیتنی ئەوە پیاوە ڕاهاتم، لێ هەرچیم دەکردو دەکۆشا حەزم لە چارەی نەدەکرد، پێم قووت نەدەچوو. نێوی (مەردستۆن) بوو.
نزیکەی دوو مانگێك دواتر، شەوێك منو پگوتی بە تەنێ لە ماڵەوە بووین. دایکم دیسان چوو بووە دەرەوە. پگوتی لە پڕو بێ هیچ پێشەکیەك گوتی: "کاکە دەیڤید، حەز دەکەی دەگەڵ منا بۆ (یارموت) بێی؟ برایەکەم لەوێندەر دەژیو سەردانێکی دوو هەفتەیی دەکەم. لە کەناری دەریایە، زۆر خۆشە، هەر حەز دەکەی سەیری بکەی: پڕە لە کەشتیو کەڵەكو بەلەمو ماسیگر. پلاژیشی هەیە. برازایەکم هەیە بەنێوی (هام)و دەتوانی یاری دەگەڵ بکەی." وەڵامم دایەوەو گوتم کە ئەو جۆرە سەفەرەم زۆر پێ خۆشە،و مەمنونیش دەبم.

ڕۆژی سـەفەرەکەمان بـۆ (یـارموت) زۆر زوو هـات. بـەیانی پـاش خـواردنی تاشـت لـە مـاڵ وەدەرکـەوتین و سـواری گالیسـکەیەکی دێهـاتی بـووین و وەڕێکـەوتین. لـەو کاتـەدا کـە لـە مـاڵ وەدەردەکەوتین، دایکم بە ڕاکەڕاکە خۆی گەیاندە حەوشەکە. گازی کردم و هات ماچم بکات. گریان گرتمی و دایکیشم گریا.
دایکم هێشتا لەبەر دەرگا وەستابوو، ئێمە کەوتینە ڕێ. چاوم بە مەردستۆن کەوت کە لە دوورەوە بەرەو ماڵی ئێمە دەهات. قسەی دەگەڵ دایکم کرد و وام هاتە بەرچاو کە لە گریانەکەی ئەو ناڕەحەت و توڕەیە. تیا مابووم و نەمدەزانی کە بۆچی هەقی بەسەر کاری من و دایکمەوە هەیە. هەستم کرد کە پگوتی-ش سەری لەم کارەی سوڕما.

## پشوو

کاتێ گەیشتینە (یارموت) زۆر ماندوو بووم و خۆشحاڵ بووم بەوەی سەفەرەکەمان تەواو بوو. (هام) برازاکەی پگوتی، چاوەڕوانمان بوو. جەوانێکی بە هەیکەل و داروبارو توندو تۆکمە بوو. باڵای نزیکەی سەدو هەشتا سانتیم دەبوو، بەڵام دەموچاوی زۆر منداڵانە دیار بوو.
(هام) منی کردە قەڵاندۆشکان و بۆ ماڵی بردم. دوای ئەوەی ماوەیەک ڕێمان کرد، گەیینە پارچە زەویەکی تەختانی لە چاڵاییەکدا. (هام) گوتی: "کاکە دەیڤید. ئەمە ماڵی ئێمەیە!"
سەرم لەم قسەیەی سوڕما، چونکە هەرچی تەمەشای دەوروبەرم کرد نە ماڵم بینی نە خانوو. دوای تۆزێک، کەمێک لە دوورتر، چاوم بە کەشتیەکی چکۆلەی کۆنی ڕەشباو کەوت کە دوور لە دەریا، لە وشکاییدا وەستابوو. لە جیاتی دووکەڵکێش لولەیەکی ئاسن لەسەر بانەکەیەوە هاتبووە دەرێ. ئەو دووکەڵەی لەو لوولەیەوە دەهاتە دەرێ، ئەو هەستەی لای ئینسان دروست دەکرد کە ناو کەشتیەکە گەرم و نەرم و ئیسراحەتە. گوتم: "ئەمە خانووەکەتانە؟ لە کەشتی دەچێت."
(هام) وەڵامی دامەوە: "بەڵێ، کاکە دەیڤید."
زۆرم لاخۆش بوو کە بنیادەم لە کەشتیدا بژی. دەرگایەک و چەند پەنجەرەیەکی هەبوو. لە دڵی خۆدا دەمگوت ڕەنگە ژیان لەم جۆرە شوێنەدا زۆر خۆش بێ.
کە لە ماڵەکە نزیک بووینەوە، سەیرم کرد ژنێک و کیژۆڵەیەک لەبەر دەرگا چاوەنۆڕی ئێمەن. ژنەکە سیماو ڕواڵەتێکی خەمینی هەبووو کیژۆڵەکە زۆر زۆر جوان و خشیک بوو. چوومە پێشەوە تا قسەی دەگەڵ بکەم، بەڵام ڕێی نەدا، هەڵات و خۆی لە سوچێکدا شاردەوە. نێوی ئیمیلی بوو. دوای تۆزێک، کە لەسەر شیو خواردن بووین پیاوێک هات. قژی درێژو بژ، بەڵام ڕووی گەش بوو. کاک پگوتی، برای کارەکەرەکەمان بوو.
دوای کەمێک پگوتی بۆی گێڕامەوە کە هام و ئیمیلی خوشک و برا نین، بەڵکو پسمام و دۆتمامن. هەم داک و بابی ئیمیلی و هەم باب و داکی هام-ش مردبوون، کاک پگوتی، کە مامیان بوو، گرتبوویانییە خۆ. ئەو ژنە غەمگینەش کە لە ماڵەکە دیتم، هاوسەری کاک پگوتی نەبوو، بەڵکو ژنی پیاوێک بوو بە نێوی گامیج کە سەردەمانێ لە کاری ڕاوە ماسیدا شەریکی کاک پگوتی بوو

بوو. گامیچ بە هۆی لافاوێکەوە لە دەریادا خنکابوو وچونکە هاوسەرەکەی ژنێکی هەژارو بیَ دەرەتان بوو پگوتی جێگەی ئەویشی لە ماڵەکەی خۆیدا کردبووەوەو ئاگاداری دەکرد.
ئەو شەوە، کە کاتی خەوتن هات، کۆمەڵێك دەنگی ترسناك لە رەخی دەریاوە دەهات: بایەکی توند دەی لوراندو شەپۆلان بە هاڕەو هاژەی ترسناکەوە خۆیان بە کەنارەکەدا دەکێشا. دڵم بەوە خۆش بوو کە کاك پگوتی لە ماڵەو نایەڵێت هیچ بەڵایەکمان بەسەر بێت.
بۆ سبەینیَ. دنیا خۆش‌وهەتاو بوو. لە خەو ڕابووم‌و دەگەڵ ئیمیلی دا رۆیشتین بۆ کەناری دەریاو سەرگەرمی کۆکردنەوەی زیخ‌و چەو بووین.
بە ئیمیلی–م گوت: "سواری کەشتیت پیَ خۆشە، وانا؟"
گوتی: "نا، لە دەریا دەترسم."
تەمەشایەکی دەریاکەم کردو بە دەنگێکی دلێر گوتم: "دەریا ترسی ناویَ، من هیچ ناترسم!"
ئیمیلی گوتی: "بەڵام دەریا، زۆر توڕەو بیَ ڕەحمە. بە چاوی خۆم دیتم کە کەشتیەکی گەورەی بەقەد خانووەکەی ئێمەی پارچە پارچەکرد."
ئیمیلی–م زۆر خۆش دەویست. هەموو رۆژیَ پێکەوە لە کەناری دەریا پیاسەو گەمەمان دەکرد، شەوان پێکەوە لە دەوری ئاگر دادەنیشتین‌و قسانمان دەکرد.
رۆژان بورین‌و ئیدی وەختی ئەوە هات کە بۆ ماڵەکەی خۆمان بگەڕێینەوە. لە گەڕانەوەدا دیتم کە لەو ماوە کورتەدا، گۆڕانی گەورە لە ماڵەکەماندا بووە. دایکم شووی بە (مەردستۆن) کردبوو،و دەبووا لەوە بە دواوە بە بابی خۆمی بزانم.
مەردستۆن، دایکمی زۆر خۆشدەویست، بەڵام پیاوێکی میهرەبان نەبوو. رۆژیَ پێی گوتم: "تەمەشا، دەیڤید،ئەگەر ئەسپەکەم یان سەگەکەم بە گوێم نەکەن، دارکاریان دەکەم. زۆر خراپیش دەست دەوەشێنم. لە دڵی خۆدا دەڵێم دەبیَ بە هەر نرخیَ بووە ڕامی بکەم،و ئەم کارەش هەر دەکەم." لە قسەکەی مەردستۆن ئەوە حاڵی بووم کە ئەگەر منیش گوێڕایەڵ نەبم، دارکاریم دەکات. چەند رۆژێك دواتر، خوشکە گەورەکەی ئاغای مەردستۆن پەیدا بوو. خا(مەردستۆن) ژنێکی وشك‌و گرژو مۆن بوو، قژی وەکو قژی براکەی ڕەش بوو. هاتبوو کە لە کاروباری ماڵەوەدا یارمەتی دایکم بدات‌و قەرار بوو بە یەکجاری لێرە بمێنێتەوە.

## خوێندنی من.

جووتە خوشك‌و برا ئەم باسەیان هێنایە گۆڕی کە نابیَ من لە ماڵەوە بمێنمەوەو دەبیَ بچمە قوتابخانە. کارێکیان کرد کە دایکشم رازی بوو کە بخرێمە قوتابخانە. هێشتا کاتی چوونە قوتابخانەم نەهاتبوو،وئەنجام لە ماڵەوە دەستیان بە فێرکردنم کرد.
هەرگیز ئەو وانانەم بیر ناچنەوە کە لە ماڵەوە پێیان دەدام! ئێستاش کە بیرم دەکەونەوە لەرزم لێدێت. قەرار بوو دایکم مامۆستاو فێرکارم بیَ، بەڵام راستت دەویَ بە درێژایی ماوەکە هەر سەروکارم دەگەڵ ئاغای مەردستۆن‌و خوشکەکەیدا بوو. هەردووکیان هەمیشە لە ماڵەوە بوون. وایان دەنواند گوایە سەرگەرمی کاری خۆیانن، بەڵام هەمیشە چاوەڕوانی ئەمە بوون کە

بیانوویـەك بێتەپێشـیٚ‌و خـۆ لـە دەرس‌و دەورو خوێندنەكـەی مـن هـەڵقورتێنن. هێنـدەیان لێـدە ترسام هەركە چاوم پێیان دەكەوت، هیچ شتێكم لە بیر نەدەما.
ئیـدی هـەموو رۆژێـك، شـەو كتێبەكـەم دەكـردەوەو چـەند دەرسـێكم دەخوێنـد. هـەموو بەیانیـەك، دوای قاوەڵتی كتێبەكەم دەدایە دەستی دایكم‌و ئەویش ئەو شتانەی لیٚ دەپرسیمەوە كە ئەزبـەرم كردبوون.
بەڵام وەكو باسم كرد، چونكە لە ئاغاو خات مەردستۆن دەترسام، هیچ كاتیٚ نەمدەتوانی بـەبیٚ هەڵـە وەڵام بدەمـەوە. لەگـەڵ یەكـەمین هەڵـەدا ئاغـای مەردسـتۆن سـەری قـوت دەكـردەوە. لەگـەڵ دووەمین هەڵەدا خات مەردستۆن مۆرەی لێدەكردم. دەموچاوم لـە شـەرما سـوور هەڵدەگـەڕا. دوای سیٚ چوار هەڵەی دی زمانم دەبەستراو ناچار بێدەنگ دەبووم. دایكم نەیدەوێرا یارمەتیەكم بـدات. تەنیا بە ئەسپایی‌و لەبن لێوانەوە دەیگوت: "ئاه، دەیڤید، دەیڤید!".
هەنگیٚ ئاغای مەردستۆن دەیگوت: "پێویستە ئـەم منداڵـە بكریٚ بـە بەشـەر. هـەر بـە ئـاه دەیڤیـد، ئاه دەیڤید، نابێت. دەبیٚ بزانی كە دەرسەكی فێر بووە یان نا."
خات مەردستۆن، وەكو قەل دەیقڕاندو دەیگوت: "نا، فێر نەبووە."
بەیانیەك چووم بۆ ژووری نیشتمان، سەیرم كرد دایكم پەست‌و نیگەرانـەو خـات مەردسـتۆن-ش توڕە دێتە بەرچاو. ئاغای مەردستۆن خەریك بوو شتێكی بەسەری دارێكی باریكەوە دەبەست.
ئاغای مەردستۆن بە دایكمی گوت: "بزانە كلارا، منیش بە منداڵی كوتەكی زۆرم خواردووە."
دەرسی ئەو رۆژەم زۆر خراپ بوو، تا زیاتر دەچوومە پێشەوە خراپتر دەبووم. بەڕادەیەك لە باسی كوتەك‌و كوتەككاریەكەی ئاغای مەردستۆن ترسا بووم كـە هیچم بەمێشكا نەدەچوو. كـار گەییـە ڕادەیەك كە دایكم كەوتە گریان. ئاغای مەردستۆن، هاواری بەسەر دایكم دا كرد. پاشان بینیم كـە ئامـاژەیـەكی بـۆ خوشكەكەی كرد كـە لـە ماناكـەی حـاڵی نـەبووم. ئـەنجام لـە جێـی خـۆی هەسـتا، دەستی دایە ئەو شولەی كە پێشتر ئامادەی كردبوووپێی گوتم: "هەستە كـوڕۆ، لەگـەڵ منـدا وەرە سەریٚ، كارم پێتـە." بـە هێواشـی بـۆ ژوورەكـەی خـۆمی بـرد. ئـەوجا لـە پڕێكـا بـازووی لـە گـەردنم هاڵاندو سەری توند گرتم‌و بە تەركە كەوتە گیانم. زۆر دڵڕەقانە لێی دەدام. منیش، كە بۆ بەرگری لە خۆم هیچم لە دەست نەدەهات،" كە دیتم دەستی لەبـەر دەممدایـە، تـا هێـزم تیـابوو قـەپم پێـدا كرد.
دوای گازەكە، بەجۆریٚ تێم بەربوو لەتۆ وایە دەیەویٚ بمكوژێت. لە خوارەوە دەنگی گریانی دایكم دەهات، پاشان گوێم لیٚ بوو كـە پگوتـی-ش دەگریـا. ئاغـای مەردسـتۆن پـاش ئـەوەی داركاریـەكی باشی كردم، لە ژوورەكەی خۆمدا زیندانی كردم‌و دەرگاكەی لە دەرەوە لە سەرم داخست.
پێنج دانـە رۆژی خشـت لـە ژوورەكـەی خۆمـدا حـەپس بووم. دایكم‌و پگوتی مـافی دیتنـی منیـان نەبوو، لەو پێنج رۆژەدا تەنیا خات مەردستۆن-م بینی.
شەوی پێنجەم لە دەنگێك خەبـەرم بـووەوە. بـەترس‌و لـەرزەوە لەسـەر تەختـە خەوەكـەم دانیشـتم. گـوێم لیٚ بـوو یـەكێك لـەو دیـو دەرگاكـەوە گـازم دەكـات. هەسـتام‌و بـەرەو دەرگاكـە چـووم. لـە تاریكیەكەداو بە ئەسپایی گوتم: "پگوتی، تۆیت؟"

گوتی: "بەڵێ، منم، دەیڤید گیان."
پرسیم: "دایکم چۆنە، پگوتی گیان؟ زۆر لێم تورەیە؟"
گوێم لێ بوو کە پگوتی بە ئەسپایی دەگریا، وەڵامی دامەوە: "نە، زۆر نا."
پرسیم: "پگوتی گیان، دەیانەوێ چم لێبکەن؟"
گوتی: "بۆ قوتابخانەت دەنێرن، قوتابخانەی سیلیم هاوس، نزیکی لەندەن. دەبێ سبەی بەیانی بڕۆی.". ئەوجا لە بن لێوانەوە گوتی: "دەیڤید گیان حەزدەکەم شتێك بزانی. نازانم لە ئێستا بە داوە ئەم وەزعو حاڵە چی لێدی. بەڵام نابێ هیچ کاتێك من لە بیر بکەی. قەولت دەدەمێ کە بە هەمان ئەمکداریەوە کە خزمەتو ئاگاداری تۆم دەکرد، خزمەتو چاودێری دایکیشت بکەم."
گوتم: "سوپاس پگوتی گیان، سوپاس."
کە رۆژ بووەوە، خات مەردستۆن هاتە ژوورەکەمو گوتی کە دەبێ بۆ قوتابخانە بڕۆم. چاوەڕوان بوو بەو هەواڵە شپرزەو ناڕەحەت بم، بەڵام من کە پێشتر هەواڵەکەم لە پگوتی زانی بوو، خۆم شێلو نەکرد. ئەوجا پێی گوتم کە جلکان لەبەر بکەمو بۆ نانی بەیانی بچمە خوارەوە.
لە ژووری دانیشتندا دایکم بینی کە ڕەنگی زەردو پەشێو دەهاتە بەرچاووچاوانی سوور بوو بوون. جووتە خوشكو برا، جووتە مەردستۆن، توانی بوویان لەو چەند رۆژەدا قەناعەت بە دایکم بێنن کە من منداڵێکی بەدو بێ کەڵکم. هەستم کرد زیاتر خەفەتباری ئەوەیە کە من منداڵێکی بەدو بێ کەڵکم، تا خەفەتباری لە دەست دانی من بێ،وئەم هەستە زۆری خەمگینو پەریشان کردم.

((٢))

**دوور لە ماڵ**

**سیلیم هاوس**

دوای چەند دەقیقەیەك گالیسکەیەك هاتە بەر ماڵەوە. چاوم بۆ پگوتی گێڕا، بەڵام وادیار بوو کە لە ماڵەوە نیە: ئاغای مەردستۆن-ش لە ماڵەوە نەبوو.
لەو کاتەدا کە جانتاکەمیان لە گالیسکەکە بار دەکرد دایکم لە ئامێزی گرتمو گوتی: "خودا حافیز دەیڤید. قوتابخانە بۆ تۆ زۆرباشە. من دەتبەخشم کوڕیژگە ئازیزەکەم. خودا ئاگادارت بێ."
خات مەردستۆن، مۆڕەیەکی لە دایکم کردو گوتی: "بەسە کلارا!"
خات مەردستۆن، دەگەڵ مندا بەرەو لای گالیسکەکە هاتو من سوار بووم. بەڕێ کەوتینو وردە وردە لە ماڵ دوور کەوتینەوە، هێشتا بە تەواوەتی دوور نەکەوتبووینەوە کە دەستەسڕەکەم لە فرمێسکا تەڕی تەڕ بوو.
دوای نزیکەی شەش سەد، حەوت سەد مەترێك گالیسکەکە لەپڕ وەستا. زۆرم پێ سەیر بوو کە پگوتی بە پەیژەی گالیسکەکەدا سەرکەت، باوەشی پێداکردمو بە خۆیەوەی قرساندم. ئەوجا ئەو چەند شیرینییەی کە دەگەڵ خۆیدا هێنا بووی، خستە گیرفانمەوە. هیچ قسەیەکی نەدەکرد،

بێدەنگ بوو. دوای ئەوەی شیرینییەکانی خستە بەرکم، جزدانێکی بچووکی پارەی دایە دەستم. دووبارەو بێ ئەوەی هیچ شتێك بڵێ باوەشی پێدا کردمو بەخۆیەوەی گوشیمو ئەوسا لە گالیسکەکە دابەزیو بەپەلە ڕۆیی. جزدانە بچوکەکە سێ سکەی زیوی بریقەداری تێدا بوو کە وام مەزندە دەکرد، پگوتی هێندەی سووی بوونەوە بۆیە بریقەیان تێکەوتبوو. بەڵام شتێکی دیکەش لە جزدانەکەدا بوو کە لە سێ سکەکەم پێ خۆشتر بوو. دوو دانە سکەی تر بوو، کە لە سیانەکەی دی گەورەتر بوونو لە پارچە کاغەزێکەوە پێچرابوون. و بە دەستخەتی دایکم ئەمەی لەسەر نووسرابوو: "بۆ دەیڤید، لەگەڵ ئەو پەڕی خۆشەویستیمدا."

گالیسکەکە لە (یارموت) وێستا. لەوێندەر پاش فراڤینێکی سادەو بەپەلە، سواری گالیسکەیەکی گەورەتر بوومو بەرەو لەندەن وەڕێ کەوتین.

لە لەندەن نزیك بووینەوەو بەرە بەرە شار لە دوورەوە دەردەکەوت. تا زیاتر لە شار نزیکتر دەبوینەوە فزوڵیەتو کونجکاوی من پتر دەبوو. ئەنجام گەییشتینە لەندەنو گالیسکەکە لەبەر میوانخانەیکی بچووکدا وەستا. کە لە گالیسکەکە دابەزیمو چووم بۆ ئۆفیسی ئوتێلەکە (میوانخانە) هەستم بە تەنیاییەکی زۆر کرد. کەس نەهاتبووە پێشوازیم. کەس نەیدەزانی کە دەبێ چ لەگەڵ مندا بکرێ. دانیشتمو لە فکران ڕاچووم. لە دڵی خۆدا گوتم ناکا ئاغای مەردستۆن بە پیلان منی بۆ لەندەن نارد بێت تا لەم شارە گەورەیەدا ون ببمو لە کۆڵی ببمەوە. لە خۆم دەپرسی، کە ئەگەر بەپای پیادە بکەومە رێو بۆ ماڵی خۆمان بگەڕێمەوە چ دەبێت؟ ئایا جگە لە پگوتی کەسی دی پێشوازیم دەکات؟

کە بەدەم ئەو بیرانەوە دانیشتبووم، لاوێکی باریكو بنێسی جل ڕەش وەژوور کەوتو بە ئەسپایی دەگەڵ کارمەندی ئوتێلەکەدا کەوتە قسان. دیقەتم دا کە هەم پانتۆڵەکەیو هەم قوڵی چاکەتەکەی بۆ وی کورتن.

لە منی پرسی: "تۆ قوتابیە تازەکەی؟"

نەمدەزانی چ وەڵامێکی بدەمەوە.

گوتی: "من ناوم میلەو یەکێکم لە مامۆستاکانی قوتابخانەی سیلیم هاوس."

گوتم: "ببورە قوربان، قوتابخانەکە زۆر لێرەوە دوورە؟"

وەڵامی دامەوە: "بە گالیسکە نزیکەی دە کیلۆمەترە."

سیلیم هاوس، بینایەکی چوارگۆشەی خشت بوو. لە چۆڵ دەچوو. کاتێ گەیشتینە ئەوێندەر هێندە کڕوکپو بێدەنگ بوو وام مەزەندە دەکرد کە منداڵەکان هەموو چوونەتە دەرەوە. بەڵام جەنابی میل بۆی باسکردم کە منداڵەکان لە وێندەر نین، چونکە پشووی قوتابخانەیەو هەموویان لە ماڵی خۆیانن. پێی سەیر بوو کە نازانم قوتابخانان لەو کاتەی ساڵدا پشوویانە. ئاغای کریکل، خاوەنی قوتابخانەکە، دەگەڵ هاوسەرەکەیو کیژەکەیدا بۆ کەناری دەریا چوو بوو. هەستم کرد بۆیە لە کاتی پشووی قوتابخانەدا منیان بۆ ئەوێندەر ناردووە تا تەمبێم بکەن. یەك دانە مانگی خشتی بۆ کردنەوەی قوتابخانەو دەرسو دەور مابوو، ودەبوایە من بەتاقی تەنیا لەوێ وەمێنم.

ئاغای میل منی بردە پۆلێکەوەو بە تاقی تەنیا لەوێندەری بەجێهێشتمو بە خۆی ڕۆیی. پۆلەکە لەبەر چاوما شوێنێکی چۆڵو خەمناك بوو. ڕوانیمە ریزی ڕەحلەکانو ئەو کۆنە کتێبە شڕو وڕانەی کە لەسەر ئەرزە پیسو تۆزاویەکە پەرتو بڵاو بوو بوونەوە. هێواش هێواش بۆ ئەو سەری ژوورەکە چوومو لە پڕ لەسەر ڕەحلەیەك پارچە مقەوایەکم دۆزییەوە کە لەسەری نووسرابوو: "ئاگاداربن گاز دەگرێت!"

وام مەزەندە کرد کە سەگێکی زەلامو ترسناك لە ژوورەوەیەو ئەو نووسینە دەربارەی ئەوە. لە ترسی گیانی خۆم چوومە سەر ڕەحلەکەو لەسەری وەستام. ماوەیەك بەو دەقەوە مامەوە تا ئاغای میل هات. لێی پرسیم بۆچی لەو سەرە وەستاوم.

وەڵامم دایەوە: "ببورە قوربان، لە ترسی سەگ هاتوومەتە ئەم سەرە."

بە سەرسامی گوتی: "سەگ؟ کام سەگە؟

گوتم: "ئەو سەگەی کە نووسیوتانە گاز دەگرێت."

مامۆستا میل بە دەنگێکی خەمگین گوتی: "نا، کوپەرفیلد، ئەو نووسراوە دەربارەی سەگ نیە، بەڵکو مەبەستی تۆیە. دەبێ ئەو نووسینە بە پشتتەوە هەڵواسم. زۆر بە داخەوەم، کوپەرفیلد، بەڵام هیچ چارێك نیە، دەبێ ئەم نووسینە بە پشتی تۆوە هەڵواسرێ."

## ئاغای کریکل

منی لەسەر ڕەحلەکە هێنایە خوارێو مقەواکەی بە پشتمەوە هەڵواسی. بۆ هەر شوێنێك ڕۆیشتبام دەبوایە ئەو نووسینە بە پشتمەوە ببینرێت.

کەس نەیدەزانی چ ئازارێکم دەچەشت. هەموو کاتێ ئەوەم دێنایە بەرچاوی خۆم کە یەکێك خەریکە نووسراوەکەی سەر پشتم دەخوێنێتەوە، تەنانەت ئەو کاتانەش کە کەسم لە دەوروبەر نەبوایە. بەو زووانە چلو پێنج قوتابیەکەی قوتابخانەکە لە پشوو دەگەڕانەوە، ودەم هێنایە بەرچاوی خۆم کە هەر هەموویان بە دیتنی من هاوار دەکەن: "ئاگاداربن، گاز دەگرێت!"

دوای یەك دانە مانگ ئاغای کریکل هاتەوە. لە هەمان شەوی ئەو ڕۆژەی کە لە پشوو گەڕایەوە، دەستورم درایە کە بەر لە خەوتن بۆ ژوورەکەی ئەو بڕۆم. ڕۆیشتمو بە دیتنی دووچاری ترس بووم.

ئاغای کریکل پیاوێکی قەڵەو بوو، دەستەیەکی گەورە کلیلی پێ بوو،وسەعاتێکی زنجیرداری لە دەست بوو. لەسەر کورسیەکی گەورەو پان دانیشتبوو و بوتڵێكو پەرداخێکی لەبەر دەستدا بوو. جووتێ چاوی زۆر بچووکی بە قوڵا چووی هەبوو، دەموچاوی هێندە سوورو هەڵکفابوو، لەتۆ وایە زۆر تووڕەو تڕۆیە. کەپووی بچووكو چەناگەی پان بوو، سەری ڕوتا بووەوەو ئەو مووە تەنکەی هەردوو لای سەری وەکو تەڕ دەهاتنە پێش چاو. ئەو شتەی کە پتر مایەی ترسی من بوو، ڕواڵەتو سیمای ترسناکی ئەو نەبوو، بەڵکو دەنگی بوو، کە دەتگوت لە بنەبانی ئەشکەوتەوە دێت. هێندە بە ئەسپایی قسانی دەکرد لە تۆ وایە هەر لە بنی دەنگی نیە.

ئاغای کریکل، بۆیە بانگی کردبووم تا پێم بڵێت کە وەکو باوە پیارەکەم، یانی وەکو مەردستۆن، پیاوێکی سەختگیرەو لێبڕاوە بە هەر نرخێ بووە بمکات بە بەشەر، ودەبێ هەر چییەك دەڵێت بێ چەندوچوون بە گوێی بکەم.

لە کاتێکا کە گوێی دەسوومەوە، بە دەنگە نزمەکەی گوتی: "کە شتێکم بە کەسێك گوت، دەبێ بە گوێم بکات."

زۆر دەترسام، بەڵام داوایەکی زۆر گرینگم هەبوو کە دەبوایە پێی بڵێم.

لە کاتێکا دەنگم لە ترساندا دەلەرزی گوتم: "ئاغا، تکایەکم هەیە، دەکرێ رێم بدەی تا منداڵەکان نەگەڕاونەتەوە ئەم نووسینە لە پشتم بکەمەوە؟ زۆر لەو کارەی کە کردوومە ژێوانمو بەڵێن دەدەم کە چیتر کوڕێکی خراپو لاسار نەبم."

ئاغای کریکل، بە تەکانێك لەسەر کورسیەکەی هەستاو من پێم وەغارێوە نا. بێ ئەوەی ئاوڕێکی پاشەوە بدەمەوە، تا نێو ژوورەکەم غارمدا. خۆم دا بەسەر تەختە خەوەکەمداو تا دوو دانە سەعات لە ترسا دەلەرزیم. خۆشبەختانە، بەختم هەبووویەکەم قوتابی کە لە پشوو گەڕایەوە، کوڕێکی سوعبەتچیو قۆشمەچی بووونووسینەکەی پشتمی بەلاوە زۆر خۆش بوو. نێوی تۆمی ترادلز بوو، منی بە منداڵەکانی دیکە ناساندو نووسینەکەی سەر پشتمی پێ نیشانداندو گوتی: "کوڕینە تەمەشاکەن، گەمەیەکی خۆشە!"

هەندێ لە منداڵەکان وایان دەنواند کە من سەگم. مشتێکیان پێدا دەدامو دەیانگوت: "وەرکەوە، لە جێی خۆت نەجوڵێی!" هەوەڵجار لەم کارەیان نارەحەت بووم، بەڵام پاشان بینیم کە مەبەستیان گەمەو شۆخیەو رەفتاریان دەگەڵ مندا دۆستانەیە. لە ئەنجامدا گەییمە ئەو قەناعەتەی کە ئەو نووسینە ئەوەندەش خراپ نیە کە من وێنام دەکردو پێوەی سەخڵەتو نیگەران بووم.

قوتابیەکمان هەبووبە ناوی (جیمس ستیرفورت). بە تەمەن لە هەموو قوتابیەکان گەورەتر بوو. ئەمە شەش دانە ساڵ لە من گەورەتر بوو، و زۆری میهرەبانی دەگەڵ دەکردم. بە کۆمەکی ئەو، بەو پارەیەی کە هەمبوو میوەو شیرینیو ساردیم بۆ هەموویان کڕی. ئەو شەوە لە ژووری نووستنەکەماندا ئاهەنگێکی تێرو تەسەلمان بەرپاکرد، بخۆو بڵێو پێبکەنە، و زۆرشتم دەربارەی قوتابخانەکە لە قوتابیەکانەوە بیست.

## دەرکردنی ئاغای میل

سبەینێی ئەو رۆژە دەرس دەستی پێکرد. هەرکە ئاغای کریکل پێی نایە پۆلەوە، هەموو منداڵەکان بێدەنگ بوون. بە دەنگە نزمەکەی گوتی: "منداڵینە باش گوێ بگرن. ئەمرۆ دەستپێکی ساڵی تازەی خوێندنە. ئاگاتان لە رەفتارو کرداری خۆتان بێت. تا دەتوانن هەوڵبدەن دەرسەکانتان باش فێربن. چونکە ئەگەر کۆشش نەکەن، سزاتان دەدەم، ودەست لە کەس نا پارێزم. نمرەتان لێدەشکێنمو هەرچییەك بکەن ناتوانن نمرەکانتان پڕ بکەنەوە. بۆیە هەر هەمووتان، بەوپەڕی جدی دەست بە کارو کۆشش بکەن."

ئاغا كريكل، دواى ئەم هەڕەشەو گوڕەشانە بەرەو رەحلەكەى من هات. گوتى دەزانێت كە من بە گازگرتن بە ناوبانگم، بەڵام ئەويش لە گازگرتندا هيچى لە من كەمترنيە. شولكەكەى دەستى نيشاندامو گوتى: "ئەم تەركەيە لە ددانيش تيژترە. لە هەر ددانێك باشتر گاز دەگرێت. وانيە؟" لەگەڵ هەر قسەيەكدا شولێكى پێدا دەكێشام. روندكم لە چاوان هاتنە خوارێ.

(ستيرفورت) بوو بە دۆستێكى زۆر چاكو دڵسۆزى من. ئەوەندەى لە دەستى هاتبا، پشتيوانى لێدەكردمو دەى پاراستم. بەڵام نەيدەتوانى لە هەنبەر رەفتارى ناهەقانەى ئاغاى كريكل دەرهەق بەمن، هيچ بەرگرييەكم لێبكات. بە هەرحاڵ ئەگەر بشيتوانيبا، لەم رووەوە هيچ كارێكى نەكرد. بەڵام رەقىو زبرى ئاغاى كريكل دەگەڵ مندا يەك فايدەى هەبوو. هەر جارێ كە بەلاما رەت دەبوو، حەزى دەكرد شولێكم پێدا بكێشێت، ئەو مقەوايەى كە بەپشتمەوە هەڵواسرابوو، نەيدەهێشت جەزرەبەكەيم بە باشى پىێ بكەوێ. بۆيە دەستورى دا مقەواكە لە پشتم بكەنەوەو ئيتر نەم ديتەوە.

ئاغاى ميل، خۆشى دەويستمو زۆرى يارمەتى دەدام، و زۆرم پێناخۆش بوو كە دەمبينى ستيرفورت بەد رەفتاريەكى زۆرى دەگەڵ دەكات.

رۆژێكى شەممە، ئاغاى ميل سەرگەرمى دەرس وتنەوە بوو، بەڵام غەڵبە غەڵبو دەنگە دەنگى قوتابيەكان گوێى بنيادەميان كەڕ دەكرد. هەندێك پێدەكەنين، هەندێكى دى گۆرانيان دەچڕى، هەندێك لە منداڵەكان قسەيان دەكرد، تەنانەت هەندێ هەبوون كە لە پۆلەكەدا سەمايان دەكرد يان يەكتريان بە پۆلەكەدا ڕاودەنا و گەمەو شۆخيان پێكەوە دەكرد. ئاغاى ميل لە پڕ هاوارى كرد: بێدەنگ! ئەم هەراو هەنگامەيە چيە. سەبرم سوا، تاقەتم چوو. نازانم خۆتان دەزانن كە رەفتارتان چەند خراپە يان نا."

منداڵەكان هەموو بێدەنگ بوون، هەندێكيان ئەم سەرزەنشتەى ئاغاى ميل-يان پىێ سەير بوو. هەندێكى تريان تاڕادەيەك ترسا بوون، هەندێكيشيان لەوە دەچوو لە كارەكەى خۆيان پەشيمان بن.

ستيرفورت، لە بنەبانى پۆلەكەدا وێستابوو. پشتى بە ديوارەكەوە دابوو،دەستەكانى لە بەرِكەكانى نابوونو تەمەشاى مامۆستا ميل-ى دەكرد. مامۆستا ميل وايزانى كە خەريكە فيكە لێدەدا. گوتى: "بێدەنگ."

ستيرفورت، بەبێ نەزاكەتى گوتى: "خۆت بێەنگ بە. دەستور بە منيش مەدە!"

مامۆستا ميل گوتى: "دانيشە!"

ستيرفورت ديسان گوتى: "خۆت دانيشە!"

هەندێ لە منداڵەكان كەوتنە پێكەنينو يەك دوو كەسێكيش چەپڵەيان لێدا، بەڵام رەنگى مامۆستا ميل لە تورەيى دا بە جۆرێ پەڕى بوو، كە ديتيان هەموو بێدەنگ بوون. مامۆستا ميل گوتى: "ستيرفورت، تۆ كە لەم قوتابخانەيەدا رووت دەدرێتێ، ماناى وانيە، ئەمە بە هەل بزانىو دەگەڵ پياوێكى بە حورمەتدا، ئەو جۆرە بىێ ئەدەبيە بكەى."

ستيرفورت زۆر روودارانه گوتی: "پیاوی به حورمەت؟ کوا؟ من هیچ پیاوێکی به حورمەت لێرەدا نابینم."

ئاغای میل داوای له (ترادلز)ش کرد که بێدەنگ بێت. پاشان گوتی: "کاکه ستیرفورت. سووکایەتی کردن به کەسێکی زەحمەتکێش که قەت خراپەی بۆ نەبوویت، کارێکی ناجوامێرانەیه. ئێستا هەر کارێکت دەوێ بیکه: یا دانیشه یان بەو دەقەوە به پێوە بوەسته.

ستیرفورت، له بنەبانی پۆلەکەوە هاته پێشەوەو به ئاغای میل-ی گوت: "که تۆ به من دەڵێی کارەکەم ناجوامێرانەیه، منیش به تۆ دەڵێم پیاوێکی گەوجی ناکەس بەچەیت."

له پڕ هەموو پۆلەکه بێدەنگ‌و مت بوو. ئاغای کریکل هاتبووە پۆلەکەوە.

کریکل یەجگار توڕەبوو. به ئاغای میل-ی گوت که نازانێت پۆلەکه کۆنترۆڵ بکات. گوتی که چیتر ناخوازێ ئاغای میل له قوتابخانەکەدا کار بکات‌و دەری کرد. لەو کاتەدا که ئاغای میل له پۆلەکه دەچووە دەرێ، تۆمی ترادلز کەوتە گریان. ئاغای کریکل لەسەر ئەوەی که بۆ مامۆستاکه گریابوو، دارکاری کرد.

چەند رۆژێك دوای ئەو رووداوە، له رۆژی له دایکبوونمدا، یەکێك له مامۆستاکان پێی گوتم بچم بۆ ئۆفیسەکەی ئاغای کریکل. به خۆشحاڵیەوە رۆییشتم، چونکه وام خەیاڵ دەکرد که پگوتی به بۆنەی ساڵیادی له دایکبوونمەوە دیاریەکی بۆ ناردووم، بەڵام سەیرم کرد له ئۆفیسەکەی ئاغای کریکل دا جگه له خۆی ژنەکەشی چاوەڕوانمه. که هەردووکیانم پێکەوە بینی هەستم کرد که دەبێ شتێکی خراپ رووی دابێت، هەواڵێکی ناخۆشیان پێ بێ.

خانم کریکل به دەنگێکی خەمناك دواندمی. گوتی که دایکم شتێکی خراپی لێقەوماوە. له قسەکانیا بۆم دەرکەوت که دایکه بەلەنگازو بێنەواکەم مردووە. له هۆڕژنی گریانم دا، نەمدەزانی چی بکەم. هەستم دەکرد که ئیتر تەنیای تەنیام‌و له سەرانسەری ئەم جیهانەدا هیچ کەسێکم نیه.

خاتوو کریکل میهرەبانیەکی زۆری دەگەڵ کردم. به درێژایی رۆژەکه له لای خۆیەوەی دانام. هێندە گریام تا هێزم لەبەر بڕاو خەوم لێکەوت.

بۆ سبەینێ له قوتابخانەی سیلیم هاوس رۆییشتم‌و ئیتر هەرگیز بۆ ئەوێندەر نەگەڕامەوە.

((٣))

## دەست بەکاربوون

## ئیمیلی‌و ستیرفورت

پاش ئەوەی دایکەمان به خاك سپارد، یەکەم کاری خات مەردستۆن ئەمە بوو که پگوتی دەرکرد. پێی گوت دەبێ تا مانگێکی دی بۆ خۆی شوێنێك پەیدا بکات‌و لەو ماڵه بڕوات. پگوتی بۆ ماوەی دوو هەفتەیەك دەڕوات بۆ یارموت، بۆ ماڵی براکەی. له خات مەردستۆنی پرسی که ئایا دەتوانێ منیش دەگەڵ خۆیدا بەرێت یان نا؟ خات مەردستۆن که دەتگوت ئەمەی له خودا دەویست گوتی: "بەڵێ، براکەم هێندە سەرقاڵه که دەرفەتی نیه بیر لەم شتانه بکاتەوەو نابێ ئیزعاج بکرێ. بۆیه پێم وانیه بەرهەڵستی رۆییشتنی ئەم منداڵه بکات."

ئاغای پگوتیو هام له یارموت چاوەڕوانی ئێمه بوون. زۆر زوو گەییشتینه ماڵی ئاغای پگوتی. ڕێك وەکو خۆی مابووەوە، هیچ نەگۆڕابوو. خات گامیچ-ش لەبەر دەرگا چاوەڕوانی ئێمەی دەکرد، بەڵام ئیمیلی دیار نەبوو. خات گامیچ گوتی بۆ قوتابخانه چووە.
دەمزانی ئیمیلی له چ ڕێگەیەکەوە بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە، بۆیە، خێرا کەوتمە ڕێو هێواش هێواش ڕۆییشتم تا بیگەمێ.
هات، خشیکترو رووخۆش تر بوو بوو. چاوەشینەکانی له جاران شین تر دەیانواند، لێبڕام سوعبەتی دەگەڵ بکەمو وا بنوێنم که نایناسم. رووم وەرگێڕاو بێئەوەی هیچ ئاشناییەکی پێ نیشان بدەم بەلایا رەت بوون. بەڵام ئیمیلی-ش کەم نەبوو. منی دیتو ناسیمی، بەڵام هیچی نەگوتو به دەم پێکەنینەوە پێی وەغارەوە نا. بەغار دووی کەوتمو له نزیکی ماڵەوە پێی گەییشتمەوە. که پێیدا گەییشتم، به پێکەنینەوە گوتی: "ئهی، ئەمه تۆی دەیڤید؟"
گوتم: "بەڵێ خۆمم. له هەوەڵیشەوە ناسیمیت."
ئیمیلی گوتی: "ئەدی تۆ؟ منت ناسییەوە؟"
گوتم ئەدی چۆن. ویستم وەکو مندالان شۆخی دەگەڵ بکەم. بەڵام ئیمیلی خێرا گوتی که منداڵەکەی جاران نیه. ئیمیلی هێندەم دەگەڵ میهرەبان بوو،و رەفتارێکی هێندە دۆستانەو دڵگیری هەبوو که له جاران خۆشترم ویستو دڵبەندی بووم.
دوای چایی له دەوری ئاگر دانیشتین. رووداوو واریقاتەکانی قوتابخانەی سیلیم هاوس-م بۆ هەموویان گێڕایەوە،و به تایبەتی زۆرم دەربارەی ستیرفورت قسان کرد.
گوتم: "ستیرفورت کورێکی زۆر مەحبوبو خۆشەویستو دەستو دڵ کرایەوە. زۆر پیاوانەیە، چەندی پێدا هەڵبڵێم هەر کەمه."
لەو دەمەدا که به تاسەو ستایشەوە باسی ستیرفورت-م دەکرد چاوم به سیمای ئیمیلی کەوت: به دڵ گوێی له قسەکانم دەگرت، چاوەکانی پرشنگیان دەداو گۆناکانی گوڵ ئاسا گەشا بوونەوە.
سەرم سوڕما، بێدەنگ بووم، هەموو کەوتنه پێکەنینو تەمەشای ئیمیلی-یان کرد.
پگوتی گوتی: "ئیمیلی وەکو منەو زۆری حەز لێیه ئاغای سیترفورت بناسێت."
ئیمیلی له شەرماندا سوور هەڵگەڕاو به دەستەکانی دەموچاوی وەشارد. دوای تۆزێك سەری هەڵبڕیو که دیتی هەموو سەیری دەکەین هەستاو بەڕاکردن ڕۆیی. ڕۆییو خۆی له شوێنێکدا شاردەوەو کەمێك پێش کاتی خەوتنان گەڕایەوە.
کاتەکه زۆر به خێرایی دەڕۆیی، له تۆ وایه دەفڕێ، ئیدی کاتی ئەوەهات که من دووباره بۆ ئەو ماڵه بگەرێمەوە که لێی بێزار بووم،و لەوێندەر بەد رەفتاریو بێ میهریم دەبینی. له هەمووی خراتر ئەمه بوو که دەبوایه به تەنێ بگەرێمەوەو پگوتی گیانم لەگەڵدا نەبوو.

## کار له کۆمپانیاکەی مەردستۆندا

بەیانیەك، دوای نانی بەیانی که خەریك بوو له ژوورەکه وەدەردەکەوتم، ئاغای مەردستۆن گازی کردمو گوتی که نەڕۆم. یەکێك له دۆستەکانی، به نێوی ئاغای کوئینیون لەوێ بوو. ئاغای کوئینیون دەستەکانی له بەرکەکانی نابووولە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرێی دەکرد.

مەردستۆن گوتی: "دەیڤید، لاوێکی وەکو تۆ نابێ هەموو رۆژێ بێکارو تەمەڵ لەماڵەوە دانیشێت. بەخۆت دەزانی کە من دەوڵەمەند نیمو مەسرەفی خوێندنیش زۆر گرانە. ناتوانم چیتر بۆ قوتابخانەت بنێرم. دەبێ خۆت مشوری خۆت بخۆیتو بتوانی بەرەی خۆت لە ژێر پێیان دەربێنی. دەبێ خۆت ژیانی خۆت بەڕێوەبەریو تا زووە دەست بە کاربکەی."
وام دەهاتە بەرچاو کە تا ئەو کاتەش چارەنووسی ژیانم کەوتبووە دەستی خۆم،ودەبوایە لەوە بەدواوەش بەهەر زەحمەت وگیانەهاریەك بووە بە تەنیاو بێ هیچ پشتیوانیەك ژیانی خۆم هەڵسوڕێنمو بەڕێوە ببەم.
ئاغای مەردستۆن گوتی: "پێم وایە کە ناوی کۆمپانیای مەردستۆنو گرینبی–ت، کە کۆمپانیای کڕینو فرۆشتنی ساردەمەنییە، بیستووە. ئاغای کوئینیون بەڕێوەبەری ئەم کۆمپانیایەیە، کۆمەڵێك گەنج لەبەر دەستیدا کار دەکەنو پێشنیازی کردووە کە کارێکیش بە تۆ بدات، بۆیە دەبێ لەگەڵ ئاغای کوئینیون دا بۆ لەندەن بڕۆیتو وردە وردە لەسەر پێی خۆت بوەستیو دەبێ بە خۆت ژیانی خۆت بەڕێوەبەریت."
کارگەکەی مەردستونو گرینبی لە کەناری روبارێك بوو، بینایەکی کۆنی ناشیرینی هەبوو، کە ئاوی روبارەکە هەڵدەکشا، بیناکە رێك دەکەوتە لێوار ئاوەکە، کە ئاوەکە دادەکشا، ئیدی قوڕو سیان لە هەموو لایەکەوە دەوری دەدا. زۆر چاکم لە بیرە کە ناو ژوورەکانو سەر قاڵدرمەکان یەکپارچە قوڕو سیان بوو ومشکانی زەلامو پیری کەوەیی بە هەموو لایەکدا دەهاتنو دەچوونو جرتو فرت، دەنگی زیقەو چرنۆك گرتنیان لە هەموو لایەکەوە دەهاتە گوێ. بینایەك بوو چیوای لە کاولە خەرابەیەك کەمتر نەبوو.
کاری من ئەمە بوو بوتڵە بەتاڵەکان بدەمە بەر رووناکیو فەحسیان بکەم. ئەوانەی کە عەیبێکیان هەبوو، دەمخستنە لایەکەوە، تا دووبارە بەکار نەهێنرێنەوە. بوتڵە باشەکانیش دەبوایە بشۆردرانایە، کە لە فەحسی بوتڵە بەتاڵەکان دەبوومەوە دەبوایە زۆر کاری ترم بکردایە. دەبوایە سەری بوتڵە پڕەکان بە تەپەدۆر بنەینەوەو بەستەبەندییان بکەین. منو دوو سێ کوڕی دی ئەم کارەمان دەکرد.
بەمجۆرە، هەرچی هیواو ئومێدێکم هەبوو کە ببمە گەنجێکی خوێنەواری شایستەو بە حورمەت، بوو بە نەخشی سەر ئاو، یانی ریسەکەم بووەوە بە خوری. شەرمم لە وەزعو کاروباری خۆم دەکرد.

## ماڵباتی میکابر

لە سەعات دوانزەو نیوی رۆژی یەکەمی کارەکەم دا، ئاغای کوئینیون، بۆ ئۆفیسەکەی خۆیی گاز کردم. لە نووسینگەکەیدا پیاوێکی قەڵەوی ناقسالم بینی کە چاکەتێکی قاوەییو پانتۆڵێکی رەشی لەبەر بوو، وجووتێ پێڵاوی رەشی لە پێدا بوو. سەرە گەورەو سافو لوسەکەی وەکو کولەکەی بێ موو وابوو، دەموچاوی پان بوو. جلەکانی کۆنو خراپ بوو.

ئاغای کوئینیون پێی گوتم: "ئەمە ئاغای میکابرە، ئاغای مەردستون دەیناسێتو بەنامەیەك داوای لێکردووە کە یەکێك لە ژوورەکانیماڵەکەی خۆی بە کرێ بدات بە تۆ".

ئەو کاتە بوو کە ئاغای کوئینیون بە فەرمی پێی راگەیاندم کە منی لەو کۆمپانیایە، بە هەفتەی شەش شلینگ دامەزراندووەو پاشان کرێکەم دەگاتە هەوت شلینگ لە هەفتەیەکدا.

سەعات هەشتی شەو، دیسان ئاغای میکابر پەیدا بووەوە. دەستو چاوم شتو دەگەڵ ئەودا بەرەو ماڵی وان بە رێکەوتم، بۆ ئەو شوێنەی کە پاشان دەبوایە بە ماڵەکەی خۆمی ناوبەرم.

خانووەکەی ئاغای میکابر، هەمان وەزعو حاڵی هەژارانەی خاوەنەکەی هەبوو، بەڵام هەولی ئەوەش درابوو کە تاڕادەیەك وەکو خاوەنەکەی سەلارو بەحورمەت بنوێنێ. ئاغای میکابر منی بە هاوسەرەکەی ناساند کە ژنێکی باریکەلەی لاوازی بە تەمەن بوو. خات میکابر منداڵێکی چکۆلەی بە باوەشەوە بوو.

سێ منداڵی دیکەش لە ماڵەوە بوون: کوڕێکی نزیکەی چوار ساڵان، کیژۆڵەیەکی نزیکەی سێ ساڵانو منداڵێکی دیکەی بچووك.

خات میکابر، دەگەڵ مندا هاتە سەر قاڵدرمەکان تا ژوورەکەم پێ نیشان بدات. ژوورێك بوو رێك لەسەر کۆتایی قاڵدرمەکان بوو، کەلوپەلێکی ئەوتۆی تیا نەبوو. خات میکابر کە لە قاڵدرمەکانەوە گەییە ژوورەکە ماوەیەك دانیشت، تا بینێ بدات.

پێی گوتم: "بەر لەوەی شوو بە ئاغای میکابر بکەم هەرگیز ئەوەم بە بیرا نەهاتبوو کە رەنگە رۆژێ لە رۆژان ناچار بم ژوور بە کرێ بدەم، بەڵام ئاغا میکابر قەرزدارەو وەکو دەبینی ناچارم بەم وەزعو حاڵە قاییل ببم".

لە وەڵاما گوتم: "بەڵێ، خا میکابر."

گوتی: "ئەو کەسانەی کە قەرزیان لەسەر ئاغای میکابرە دەبێ مۆڵەتی بدەن تا بتوانێت قەرزەکانیان بداتەوە، و ئەگەر زۆری بۆ بێننو گوشاری بخەنە سەر خۆیان زەرەر دەکەنو لە ئەگەری هەر پێشهاتو رووداوێك بەرپرسیار دەبن. بە زۆرو گوشاران پارە دروست ناکرێتو ئاغای میکابر حاڵی حازر لە وەزعو حاڵێکا نیە کە بتوانێت قەرزی کەس بداتەوە."

کەسانێ کە هاتوچۆی ئەو ماڵەیان دەکرد، یان لەو ماڵەدا باسیان دەکرا، تەنیا ئەوانە بوون کە قەرزیان لەسەر ئاغای میکابر بوو. ئەم خودان قەرزانە لە وەختو نا وەختدا دەهاتنو هەندێکیانیش زۆریان بەد رەفتاری دەکرد.

دوای ئیش، وەختی خۆم لەو ماڵەداو دەگەڵ ئەو ماڵباتەدا بەسەر دەبرد.

بەخۆم نانی بەیانیم ئامادە دەکرد کە بریتی بوو لە تۆزێ شیرو پارچە نانێکی هەرزان بایی. شیویشم کە تۆزێك نانو پەنیر بوو، هەر خۆم ئامادەم دەکرد.

خانمو ئاغای میکابر، زۆرم بۆ باش بوون، بەڵام لەو قۆناغەدا، ژیانم خۆش نەبوو. لە بەیانیەوە تا شەوێ دەگەڵ پیاوانی گەورەو منداڵانی زبرو بێ تەربێت دا کارم دەکرد، و وەکو منداڵە هەژارێکی پیسو چەپەڵو شڕوشەپڕێو وا بووم: هەموو ئەو پارەیەی کە وەرم دەگرت هەر بەشی خواردنی دەکردمو خواردنەکەش باش نەبوو.

زۆربەی کاتی بێکاریم، لە کوچەو کۆڵانندا بە پیاسەو گەڕان بەسەر دەبردو تەنانەت مەترسی ئەوەش هەبوو کە ببم بە دزو ڕێگر، چونکە نە چاودێری کەسم بەسەرەوە هەبوو و نەکەس ڕێنوێنی دەکردم. خەمو پەژارەکانم دەخواردەوەو بۆ کەسم باس نەدەکرد، تەنانەت لەو نامانەشدا کە بۆ پگوتی-م دەنارد، هیچم لەمبارەبەوە نەدەگوت.

بەرە بەرە وام لێهاتبوو، وامدەزانی تازە ژیانم بە فیڕۆ چووەو قەتیش باشتر نابێت، وچاوەڕوانی ئەوە نەبووم کە رۆژێ لە رۆژان لە تەنیاییو بێکەسی رزگار ببمو کارێك بدۆزمەوە کە مایەی شانازی بێ، نەك شەرمەزاری.

## ئاغای میکابر لە زینداندا

کێشەو گرفتەکانی ئاغای میکابریش دەبوون بە سەرباری نەگبەتیەکانی خۆمو زیاتریان خەفەتبار دەکردم. شەوێك خات میکابر بردمیە پەنایەکەوەو زۆر خۆمانە قسەی دەگەڵ کردم. گوتی: "دەیڤید کوپەرفیلد، ڕێم بدە وەکو دۆستێك دەردی دڵی خۆمت بۆ هەڵڕێژم.کێشەو گرفتەکانی ئاغای میکابر زۆر زۆر زیاتر بوون ولە چارە دەرچوون. جگە لە تۆزێك پەنیر ئیدی زەوادمان لە ماڵێ نەماوە کە سکی ئەم منداڵانەی پێ تێر بکەم."

ئەنجام قەرزەکانی ئاغای میکابر ئەوەندە زۆر بوون کە بەیانیەك گرتیانو لە حەپسخانەیان پەستاوت. لە یەکەمین یەك شەممەی دوای گرتنی چووم بۆ دیدەنی. لە حەوشەی زیندانەکەدا چاوەڕوانم بوو، وپێکەوە چووین بۆ سالولەکەی خۆی. ماوەیەکی زۆر بە دوو قوڵی گریاین. ئامۆژگاری کردم کە پەندو عیبرەت لە ژیانی ئەو وەربگرمو کارێ نەکەم کە رۆژم بەو رۆژەی ئەو بگات. ئەوجا شلینگێکی بە قەرز لێوەرگرتم تا تۆزێ خۆراکی بۆ خۆ پێ بکڕێت.

یاسایەکی تایبەتی هەبوو، کە بە گوێرەی هەندێ مەرج، ڕێگەی بە زیندانی دەدا، لە زیندان مەرەخەس بێت. ئاغای میکابر بۆ ئەم مەبەستە عەرزوحاڵێکی دابوو بە حکومەت، و هاوسەرەکەی چاوەڕوان بوو کە تا شەش هەفتەی دی ئازاد ببێت.

ئاغای میکابر دەیگوت: "دوای ئازادی، گومانم لەوە نیە کە پارەیەکی باش بە دەست دێنمو ژیانێکی تازە دەست پێدەکەم، هەڵبەتە ئەگەر بارودۆخەکە باش ببێ". مەبەستی لەم قسەیە ئەمە بوو کە بەو زووانە بەخت رووی تێدەکات.

سەرەنجام ئاغای میکابر لە زیندان ئازاد بوو، ومنیش بێ ئەندازە خۆشحاڵ بووم. لە خات میکابرم پرسی: "ئێستا کە مێردەکەت رزگاری بووە، بە تەمان چی بکەن؟" خات میکابر وەڵامی دامەوە: "خزمانی من باوەڕیان وایە کە ئاغای میکابر پیاوێکی بە بەهرەو فرە توانایە، بە بۆچوونی ئەوان، بە سووکە واسیتەیەك دەتوانێ لە دەزگایەکی دەوڵەتی دا کارێك پەیدا بکات". خات میکابر، زۆربەی کات بە جۆرێ باسی خزمەکانی خۆی دەکرد کە لە تۆ وایە خەڵکانێکی یەجگار بە دەسەڵاتو دەستڕۆن.

گوتی: "خزمەکانم پێیان وایە کە ئاغای میکابر دەبێ بڕوات بۆ (پیلموت). چونکە ئەوێ بۆ ئایندەی ئەو شوێنێکی لە بارەو دەرفەتی کاری زۆرترە."
پرسیم: "تۆش لەگەڵیا دەڕۆیت؟"
خات میکابر بە دەم گریانەوە گوتی: "هیچ کاتێ مێردەکەم بە تەنیا ناهێڵم. هەرچەندە لە سەرەتای یەکتر ناسینمانەوە لە هیچ گرفتێکی خۆی ئاگاداری نەکردمەوە، وێڕای ئەمەش قەت لێی دانابڕێم، بۆ هەر کوێیەك بڕوات لەگەڵیا دەڕۆم."

## جیابوونەوە لەماڵباتی میکابر

دڵم پڕ بوو. دەبوایە ماڵباتی میکابر بەجێ بڵێم. ناچار بووم جارێکی دی دەگەڵ خەڵکانێکی تازەدا بژیم. هەستم دەکرد کە بەبێ ڤیانو مەحەبەتو دۆستایەتی ماڵباتی میکابر دیسان دەبێ دووچاری تەنیاییو نائومێدی ببمەوە. دەمزانی تا نەخشەو بەرنامەیەك بۆ ژیانی خۆم دانەڕێژمو لە بیرو خەمی رزگاری خۆمدا نەبم. لەم وەزعوحاڵوخەمو نائومێدیە ناخەلەسمو هەر ئەمە حاڵم دەبێ.

خانمو ئاغای میکابر بە ناچاری دەبوایە بڕۆنو هەموومان بەم لێك دابڕانە زۆر غەمگینو ناڕەحەت بووین، خات میکابر پێی گوتم: "دەیڤید کوپەرفیلد، تا لە ژیانابم هەر جارێ کە بیر لە کێشەو گرفتەکانی ئاغای میکابر بکەمەوە دڵنیابە کە یادی بەخێری تۆش دەکەمەوە. چونکە تۆ چاکەی زۆرت لەگەڵماندا کرد، هاوڕێی رۆژانی تەنگانەمان بوویت."

گوتم کە جیابوونەوەم لەوان زۆر پێ ناخۆشە.

ئاغای میکابر گوتی: "دۆستی ئازیز، من لە ژیانا تەنگانەو سەختی زۆرم دیتووە، دڵنیام کە بەو زووانە بەخت هەڵدەستێتەوەو بارودۆخەکە دەگۆڕێ، بەڵام تا ئەو رۆژە دێت تەنیا ئەوەندەم لە دەست دێت کە ئامۆژگاریت بکەمو دڵنیام کە ئامۆژگاریەکانم بە کەڵکت دێن. من ئەوەی بە تۆی دەڵێم، ئەگەر بە خۆم جێبەجێم کردبایە رۆژم بەم رۆژگارە نەدەگەیی. یەکەمین ئامۆژگاریم بۆ تۆ ئەمەیە کە هەرگیز کاری ئەمڕۆ مەخە سبەینێ. ئامۆژگاری دووەمم ئەمەیە کە ئەگەر دەرامەتت بیست شلینگ بوو، نۆزدە شلینگی خەرج بکە. لەم حاڵەتەدا ژیانت بەباشیو خۆشی دەگوزەرێ، بەڵام ئەگەر دەرامەتت بیست شلینگ بێو خەرجت بیستو یەك شلینگ بێت هەنگێ واوەیلا بە حاڵت، قوڕت بەسەر دەبێ، بەدبەخت دەبیت."

بۆ سبەینێ، بەدڵێکی پڕ لە خەمەوە خودا حافیزم لە ماڵباتی میکابر کردو سواری گالیسکە بوونو..

خات میکابر گوتی: "خودا حافیز دەیڤید، هەرگیز چاکەی تۆ لەبیر ناکەم. خودا یارو یاوەرت بێت."

ئاغای میکابر گوتی: "خودا حافیز کۆپەرفیلد، هیوادارم لە ژیانا شادو سەرکەوتووبیت. ئەگەر وەزعەکان باش بێ، کە دڵنیام هەر چاك دەبێت، بە کەماڵی مەیل یارمەتیت دەدەم."

گالیسکەکە کەوتە ڕێ. هەموو ئەندامانی خێزانەکە بە جۆرێ دەستەسڕەکانیان بۆ تەکان دەدام کە سیمایانم بە باشی نەدەبینی. ڕۆییشتن و دوای یەك دەقیقە جێگاکەیان چۆڵ بوو. بەرەو کارگەکەی مەردستون و گرینبی بەڕێ کەوتم تا دەست بە کارە ناخۆش و خەمناکەکەی هەموو ڕۆژانم بکەم.

بەڵام لێبڕابووم ئیدی لە چەند ڕۆژێك زیاتر لەوێندەر نەمێنمەوە، لێبڕا بووم خۆم لەوێندەرو لەو وەزعە نالەبارە ڕزگار بکەم، بە نیاز بووم بە هەر شێوەیەك بووە خۆم بگەیەنمە لای ئەو تاقە خزمەم کە لەم دنیایەدا هەمبوو. تاقە کەسێك کە لە هەموو بنەماڵەکەمان مابووەوە، پورم بوو، خاتوو بتسی تراتڤود بوو، حەزم دەکرد بچم بۆ لای ئەوو لە وەزع و حاڵ و گرفتەکانی خۆمی ئاگادار بکەمەوە. لە پگوتی-م زانی بوو کە خات تراتڤود، خانوویەکی بچووکی لە نزیکی شاری (داڤێر)دا هەیە.

تا ڕۆژی شەممە سەبرم گرت و درێژەم بەکارەکەم دا. پاشان لە هەمان شەودا بڕیاری یەکجارەکیم داو لێم دا ڕۆییشتم.

((٤))

## بتسی تراتڤود

### ڕێگەی دوورو درێژی داڤێر

لە دڵی خۆدا بە تەما بووم هەموو ڕێگەی نێوان لەندەن و داڤێر بە غاردان ببڕم. بەڵام هەرکە لە شاری لەندەن وەدەرکەوتم، ناچار بووم بوەستم و پشوویەك بدەم. ئەو قۆناغە ڕێیەی کە بڕیبووم، زۆری ماندوو کردبووم. سەعات دەی شەو بوو، شەوێکی تاریك و گەرم، بەڵام هەواکەی خۆش بوو. لێبڕا بووم شەو لە پەنا دیوارێکی پشت بینای کۆنە قوتابخانەکەی خۆم ڕۆژ بکەمەوە. هەستم دەکرد بەم کارەم کەمتر هەست بە تەنیایی دەکەم، وامدەزانی ئەگەر لە دۆستە کۆنەکانمەوە نزیك بم، هەست بە دڵنیایی و ئاسوودەیی دەکەم، با نەشزانن کە من لەوێندەرم.

دوای ماوەیەکی کەم قوتابخانەی سیلیم هاوس-م دۆزییەوەو خۆم گەیاندە ئەو شوێنەی کە بە تەما بووم شەوێ لێی بنووم. شەکەت و بێتاقەت لەسەر عاردی ڕاکشام، بۆ یەکەم جار لە عەمراتما لە شوێنێك دەنووستم کە میچی نەبوو، هیچ سابیتەیەکم بەسەر سەرەوە نەبوو، هەستم بە تەنیاییەکی ئەوتۆ کرد کە هەرگیزاو هەرگیز لە بیرم نەچێتەوە.

گەرمای هەتاوو دەنگی زەنگی بەیانی قوتابخانەی سیلیم هاوس لە خەویان هەستاندم. لەو دەمەدا کە منداڵانی قوتابخانەکەی ئاغای کریکل لە خەو ڕادەبوون، من لەوێندەر دوور کەوتمەوەو ڕێگەی (داڤێر)م دۆزییەوە. ئەو یەك شەممەیە پتر لە سی و پێنج کیلۆمەترم بە پێیان بڕی. ئەنجام سەوزەزارێکم لە کەناری جادەکەدا دۆزییەوەو خۆم دا بە زەویداو لێی خەوتم.

بۆ بەیانی، کاتێ بە ڕێ کەوتم، سەیرم کرد ئەمبەرو ئەوبەرم پڕە لە باخی سێو، هەموو سێوەکان گەیی بوون و سوور دەچوونەوە. ئەو شوێنەم زۆر بەلاوە جوان بوو، بڕیارم دا شەو لە بن ئەو دارانەدا بەسەر بەرم.

بە هەر زەحمەتێ بوو ئەو رۆژەش پتر لە سی کیلۆمەترێك بە پێیان رۆییشتم. رانەکانم سووتابوونەوەو پێیەکانم یەکپارچە بوو بوون بە زامو تلۆق. سەرەنجام لە نێو درەختەکاندا شوێنێکم بۆ خەوتن دۆزییەوەو خۆم لێ بە عاردیدا دا. بۆ سبەینێ گەییمە بەرزاییەکانی کەنارەکانی نزیکی شاری داڤیرو ئاخریەکەی دوای شەش رۆژە رێ، خۆم لە ناو شاردا بینییەوە، هەوالی مالی پورم لە چەند بەلەمەوانێك پرسی، نەیان دەناسی. کەس پرسیارەکانی بە هەند نەدەگرتم. دوکاندارەکان دلنیا بوون کە من دەرۆزەکەرو بەرەلڵاو پێش ئەوەی پرسیاریان لێ بکەم لە خۆیان دوور دەخستمەوە. کە ئەو رەفتارەم لێدەدین، لەو کاتانەدا لە هەموو ساتێکی دی، بە درێژایی سەفەرەکەم لە لەندەنەوە بۆ داڤیر، خۆم بە نەگبەت ترو بێکەستر دەهاتە بەرچاو. برسی و تینوو هێزم لە هەناودا نەما بوو، کەچی خەلکەکە پێم پێدەکەنین و گاڵتەیان پێدەکردم و رایان دەبوارد. لەسەر پلیکانەی دوکانێکی چۆڵو مەتروکە دانیشتبووم. چاوم بە شوفێرێك کەوت کە پێم وابوو بنیادەمێکی باش و بێوەیە، ئەدرەسی مالی پورمم لێ پرسی. لە وەلامدا گوتی: "خاتوو تراتڤود ناوەکەی غەریب نیە، تەمەنی لە چیدایە؟"

گوتم: "مەیلەو پیرە."

وەك بلێی پوری ناسیم، گردێکی نیشاندامو گوتی: "بەو دەستەدا هەلگەرێ تا دەگەیتە چەند مالێکی روو لە دەریاکە، مالەکەی لەوێندەرە."

دوای رێیەکی درێژ گەییمە ئەو خانووانە. خۆم بە دوکانێکی چکۆلەدا کردو ئەدەرسی مالی خات تراتڤودم پرسی، پرسیارەکەم لە کابرای فرۆشیار کرد کە خەریك بوو تۆزێ برنجی بۆ ژنێکی گەنج دەکێشا. بەلام ژنەکە وەك ئەوەی پرسیارەکەم لەو کردبێت، رووی کردمیّو گوتی: "خات تراتڤود؟ چکارێکت پێیەتی؟" و گوتی کە ئەو کارەکەری خانمە.

گوتم: "دەمەوێ قسە دەگەلێ خۆی بکەم، تکایە."

ژنە گەنجەکە برنجەکەی لە زەمیلەیەکی بچووك ناو لە دوکانەکە وەدەرکەوت، گوتی کە دوای بکەوم، دوای چەند هەنگاوێك گەییشتینە خانوویەکی چکۆلەی زۆر خاوێن و رێك و پێك.
باخچەیەکی چوار گۆشەی پڕ لە بنچکە گولێ لەبەردەم خانووەکەدا بوو.

ژنە گەنجەکە گوتی: "ئەمە مالی خات تراتڤودە". هیچی تری نەگوت و بە پەلە وەژوور کەوت تا بیسەلمێنێ کە ئەو رێنوێنی منی بۆ ئێرە نەکردووە.

## لە مالی پورێ دا

دوای چەند ساتێك خانمێك لە ژوورەوە هاتە دەرێ. یەکسەر زانیم کە بتسی تراتڤودە، رێك هەمان روالەت و نیشانانی ئەو ژنەی هەبوو کە زۆرجار دایکم بۆی وەسف کردبووم.

خات بتسی کە منی بینی سەرێکی باداو گوتی: "برۆ، برۆ بە شوێنی کاری خۆتەوە! ئێرە شوێنی مندالە ورتکان نیە. برۆ!" هیچ پێم سەیر نەبوو کە پورم تەنانەت نایەوێ چارەشم بدینێ، سەروسیمام زۆر خراپ بوو. جلەکانم پیس، شڕو شەپڕێو بوو، چەندین رۆژ بوو کە قژم شانە نەکردبوو، تەپوتۆزی رێگە سەراپای داپۆشی بووم. ئیدی تەواو دلم لە خۆ ما، بەلام چونکە زۆرم

پێویست بە یارمەتی بوو، پێم ڕێی دانەگرت هەر بەو ئاسانیە وازبێنمو بڕۆم. هێواش هێواش پێم نایە ناو باخچەی ماڵەکە، لە پاڵ پورمدا وێستام، قامکێکم پێدا هێنا، گوتم: "تکا دەکەم، خات تراتڤود، تکایە".

بەو دەقەوە وەستا بوو و تەمەشای منی دەکرد.

دیسان گوتم: "تکا دەکەم پوریٚ، من برازای تۆم."

پورم گوتی: "وای خودا گیان!" و لە پڕ لەسەر عاردەکە دانیشت.

گوتم: "من ناوم دەیڤید کۆپەرفیلدە..."

ویستم بۆی روون بکەمەوە کە بۆچی چوو بوومە دیدەنی. بەڵام لە پڕ زمانم چووە کلیلە، نەمتوانی لەوە پتر جڵەوی خۆم بگرمو کەوتمە گریان. پورم بە پەلە لەسەر عاردەکە هەستاو منی بردە ماڵەوە، یەکەم کاری ئەوە بوو کە لە زەنگێکی دا.

لەگەڵ دەنگی زەنگەکەدا کارەکەرەکەی هاتە ژوورەوەو پوریٚ پێی گوت: "جانێت، بڕۆ سەریٚو گەرماوەکە تۆزیٚ گەرم بکە."

جانێت سەیری لێهات، بەڵام ڕۆیی تا فرمانی خانمەکەی جێبەجیٚ بکات. پورم بە بێتاقەتی بە ژوورەکەدا دەهاتو دەچوو. ژنێکی کەڵەگەت بوو، سیماو رەفتاری وای نیشان دەدا کە ژنێکی زبرو توڕە بێت. وێڕای ئەمەش نە دەکردا بگوتریٚ رواڵەتێکی ناشیرینی هەیە. چاوەکانی گەشو قژی ماشو برنج بوو.

ئەو ژوورەی تیایا بووین، وەکو پوریٚ خاوێنو بە تەرتیب بوو. مۆبیلەو شمەکە دارینەکانی ناو ژوورەکە باشو مکوم بوونو لە خاوێنی دا دەبریقانەوە. هەر لەو ژوورەدا چاوم بە گورپەیەك، دوو باڵندەی دەستەمۆ، کاسەیەکی پڕ لە گوڵەباخی وشکەوە بوو، وکۆمەدیەکی بەرز کەوت. لەو دیو دەرگا شووشەکانی ئەم کۆمەدیەوە هەموو جۆرە بوتڵو شەربەو گوڵدانێکت دەبینی.

پاش ئەوەی خۆم شت، پوریٚو جانێت، کراسو پانتۆڵێکی خاوێنیان، لە ماڵە دراوسێیەك بۆ هێنا بووم، دامیٚو لەبەرم کردن. ئەوەندە شەکەتو پەرێشان بووم کە دوای دوو سیٚ دەقیقە لەسەر کورسیەك خەو بردمیەوە. کاتیٚ بێدار بوومەوە، وامدەزانی هەموو ئەو شتانەم لە خەودا دیتووە. وام دێنایە بەرچاو کە پورم هاتووە، بەسەرما دانەویوەتەوەو نیگای کردوومو دەستی بە قژ ونێو چەوانم دا هێناوە. وام خەیاڵ دەکرد کە لە خەونمدا گوێم لە یەکێك بوو پێی گوتم: "کوریژگە جوانەکەم"و "بەستەزمانەکەم!"

دوای هەستانم بە ماوەیەکی کەم شیومان خوارد. دوای شیو خواردن ئەوجا پورم لە حاڵو ئەحواڵو ژیانو گوزەرانی پرسیم. بەرە بەرە، دوای چەند پرسیارێك ئەوجا زانی کە چیم بەسەر هاتووە. کاتیٚ ویستم باسی مەرگی دایکم، وباسی پگوتی بکەم، بە رادەیەك گریان ئەوکی گرتم کە نەمتوانی تاقە قسەیەك بکەم. دەستەکانم نانە سەر مێزەکەو سەرم خستە سەریو ما فرمێسکان هەڵڕێژم.

پوریٚ بە جانێت–ی گوت: "ئەگەر جێگە حازرە با بیبەین بیخەوێنین."

بەیانی، کاتێ چوومە خوارەوە سەیرم کرد پوریێ لە پشت مێزی نان خواردنەکەوە دانیشتووە. زۆر جدی دەهاتە بەر چاو. گوتی کە نامەیەکی بۆ ئاغای مەردستون ناردووەو ئاگاداری کردووەتەوە. کە گوێم لەم قسەیەی پورم بوو زۆر ترسام، و پرسیم یانی دەبێ بگەڕێمەوەو لەگەڵ مەردستون دا بژیم؟

پوریێ گوتی: "نازانم. دەبێ سەبر بگرین‌و بزانین چی دێتە پێشێ."

دوای هەفتەیەك ئاغاو خانم مەردستون بۆ ماڵی پورم هاتن. زۆر بە خراپی باسی منیان بۆ پوریێ کرد. گوتیان کە من منداڵێکی زۆر بەدئاکارم، لە جیاتی هەموو چاکەیەك کە دەگەڵ منیان کردووە، هەر ناشوکریم کردووەو، بەرانبەریان سپڵەو پێ نەزان بووم، ڕەفتارم زۆر بەدو ناشایستە بووە. گوتیان کە هاتوون من دەگەڵ خۆیان بەرنەوەو ئەگەر بە مەیلی خۆم نەڕۆم ئیدی هەرگیز ڕێم نادەم پێ بنەمە ماڵیان.

پورم لە وەڵامی ئاغای مەردستون دا گوتی: کە باوەڕی بە هیچ یەکێك لە قسەکانی ئەو دەرهەق بە من نیە. گوتی کە من لای خۆی گلدەداتەوەو بە خۆی سەرپەرشتیم دەکات‌و هەموو ئەرکێکم دەکێشێت‌و لە ئەستۆ دەگرێت. خانم‌و ئاغای مەردستون ورتەیان لێوە نەهات‌و لە ماڵەکەی پوریێ وەدەرکەوتن.

**ئاغای ویکفیلد**

من‌و پورە بتسی زۆر زوو هۆگری یەکتری بووین، ڕۆژگارمان بە خۆشی‌و شادی دەچووە سەر. شەوێك پوریێ گوتی: "گوێ بگرە دەیڤید، دەبێ مشوری خوێندنی تۆ بخۆم، دڵت پێوەیە بچیتە قوتابخانەیەکی شاری کانتربری؟".

گوتم زۆریش مەمنون‌و خۆشحاڵ دەبم. کانتربری نزیکی داڤیر بوو، یانی زۆر لە پورم دوو نەدەکەتمەوە.

بۆ سبەینێ چووین بۆ کانتربری. هەوەڵجار سەرێکی نووسینگەکەی ئاغای ویکفیلدمان دا کە پارێزەری پوریێ بوو. پوریێ داوای لێکرد کە قوتابخانەیەکی باشم بۆ بدۆزێتەوە کە هەم بە باشی دەرسم پێ بڵێنەوەو هەم خۆشڕەفتاربن دەگەڵم دا. دوای گفتوگۆیەکی کەم ئاغای ویکفیلد پوریێ بۆ تەمەشای قوتابخانەیەك برد کە بەبۆچوونی خۆی قوتابخانەیەکی باش بوو. من لە ئۆفیسەکەی ئاغای ویکفیلدا چاوەڕێم کردن.

کە لەوێندەر دانیشتبووم، ژوورێکی بچووکترم بە تەنیشت ژوورەکەی ئاغای ویکفیلدەوە بی. پیاوێکی گەنجی لاوازی، قژ سوور لەوێ دا کاری دەکرد. وام خەیاڵ دەکرد کە من نابینێ، بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت کە تەمەشای من دەکات. هەستم بە نیگەرانیەکی زۆر کرد. هەرچەند دەقیقەو جارێك بۆ ماوەی یەك دەقیقەی تەواو لە من ورد دەبووەوە. بەم حاڵەشەوە لەسەر نووسینی خۆی دەڕۆیی یان وای نیشان دەدا کە خەریکی نووسینی خۆیەتی.

سەرەنجام پوریێ‌و ئاغای ویکفیلد گەڕانەوە. پوریێ قوتابخانەکەی بەگەن کردبوو. قەراریان وا بوو کە من بە ڕۆژەوە بچمە قوتابخانەو شەوان لە ماڵی ئاغای ویکفیلد بم.

ئاغای ویکفیلد بە من وپورێی گوت: "دەگەڵ مندا وەرن با بە کارەکەرە چکۆلەکەمتان بناسێنم."

بە پلیکانەیەکی تەنیشت ئۆفیسەکەی ئاغای ویکفیلدا سەرکەوتین و گەییشتینە ژوورێکی کۆنی نیمچە تاریك. لەبەر هەر پەنجەرەیەکی ژوورەکەدا کەرەویتەیەکی تەختە دانرا بوو. ژوورەکە پڕ بوو لە گۆشەو قوژبنان کە لە بەردەم هەر یەکێکیاندا کورسیەك یان جێ کتێبێك یا مێزێك دەبینرا. ئاغای ویکفیلد تەقەیەکی ئەسپایی لە دەرگایەك داو کیژێکی هاوسالّی من بەلەز هاتە دەرێ و ئەوی ماچ کرد. رووی گەش و بە خەندە بوو، هێندە نەرم رەفتار بوو کە تا ئەمڕۆکەش لە بیرم ماوەو هەرگیز فەرامۆشی ناکەم.

ئاغای ویکفیلد گوتی: "ئەمە ئاگنسە، کچی من وکارەکەری چکۆلەمە." بە دەم ئەو قسانەوە دەستی کیژەکەی لە نێو دەستی خۆی نا، لە شێوەی گوتنەکەیدا وام هەست کرد کە ئەو کیژە هەموو ئومێدو شادیەکی ژیانیەتی.

پوریێ پێی گوتم کە ئاغای ویکفیلد هەموو کارەکانی من رێك دەخات، ئەوسا بەوپەڕی میهرەبانیەوە لەگەلّمدا کەوتە قسەو چەند ئامۆژگارییەکی پڕ بەهای کردم.

گوتی: "دەیڤید هەم لەبەر خاتری خۆت و هەم لەبەر خاتری من هەولّبدە ئەوەندەی لە دەستت دێ باش کار بکەی و کەسێکی سەر راست و دروستکاربیت. قەت لە ژیانا سووکی وچروکی نەکەی. هەولّبدە هەمیشە راستگۆو سەر راست و بە ئابڕوو شەرەف بیت. هەرگیز دلّڕەق و بێ بەزەیی مەبە. ئەگەر بەم سێ راوێژو پەندە بکەیت، هەمیشە سەرکەوتوو دەبیت". قەولم دا کە هەمیشە ئەم سێ پەندەم لەبیر بێت، هەنگێ ماچی کردم و رۆیی.

ئاغای ویکفیلد، عادەتی وابوو سەعات پێنجی دوا نیوەڕوان شیو بخوات. مێزی شیو هەر بۆ من و ئەو ئامادەکرا، بەلاّم کیژەکەشی لە بەرانبەریا دانیشت. وا بزانم ئەگەر کیژەکەی لەوێ نەبا، ئاغای ویکفیلد شیوی پێ نەدەخورا.

دوای شیو چووەمە قاتی خوارەوە. سەیرم کرد پیاوە گەنجە سورفلەکە خەریکی داخستنی دەرگای ئۆفیسەکەیە. چونکە هەموویانم بە دۆستی خۆم دەزانی، بەرەو لای ئەو چووم و قسەم دەگەلّ کرد. گوتی کە ناوی (یوریا هیپ)ـە. کاتێ ویستم لێی جیا ببمەوە تەوقەی دەگەلّ کردم. بەلاّم وای کە دەستی چەند ساردو شێدار بوو! سەرم لەو هەموو ساردیە سوڕما. دەستەکانم لێکدی هەلّسوون تا گەرمیان ببێتەوەو ساردی دەستی ئەوم لەبیر بچێتەوە. بەلاّم حالّەتی دەستی هێندە ناخۆش بوو کە دوای ئەوەی چوومە ژوورەکەی خۆیشم هێشتا هەر هەستم بە ساردی و ناخۆشیەکەی دەکرد.

((٥))

### ئاغای هیپ

### لە کانتربری دا

بۆ سبەینێ، پاش نانی بەیانی، لە قوتابخانەی تازە دەست بە کار بووم. ئاغای ویکفیلّد بردمی بۆ لای دکتۆر سترانگ کە خاوەن و بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بوو. دکتۆر سترانگ بۆ پۆلی بردم، ژوورێکی زۆر گەورە بوو وکەوتبووە بێدەنگترین بەشی بیناکەوە. نزیکەی بیست و پێنج قوتابی

سەرگەرمی کار بوون. کە چووینە پۆلەکەوە هەموو بەرزە پێ هەستان و ڕۆژباشیان لە دکتۆر سترانگ کرد، وکە من وئاغای ویکفیلدیان بینی، هەر بە پێوەمانەوە.
دتکۆر سترانگ گوتی!" ئەم کورە قوتابی تازەی ئێمەیە و نێوی دەیڤید کوپەرفیلدە."
چاودێروگەورەی پۆلەکە، یانی ئەو کورەی کە تەمەنی لە قوتابیەکانی دی زیاتر بوو، لە پشت ڕەحلەکەیەوە هاتە دەرێ و خێر هاتنی منی کردو ئەوجا شوێنەکەمی نیشاندام. هەر ئەویش بە فێرکارەکانی ناساندم. چونکە لە مێژبوو دەگەڵ منداڵانی هاوسونح وساڵی خۆدا نەژیا بووم هەستێکی سەیرو غەریبم لەلا چێبوو. لەو ماوەیەدا کە لە کارگەکەی مەردستۆن و گرینبیدا کارم دەکرد، تەنانەت تاقە جارێکیش گەمەو وەرزشم نەکردبوو،ئەم شتانەم بیرچوو بوونەوە. کە تاقییان کردمەوە هیچم نەزانی، بۆیە لە نزمترین پۆلی قوتابخانەکەدا دایاننام.
دوای دەوامی قوتابخانە بۆماڵەکەی ئاغای ویکفیلد ڕۆییشتمەوە. لە وێدا هێندەم هەست بەسەفاو خۆشیو خۆشەویستی کرد کە هەموو خەمو پەژارەیەکم ڕەوییەوە. ئاگنسو بابی لە ژووری نیشتماندا بوون. ئاگنس رووخۆشو دەم بەخەندە قسەی دەگەڵ کردمو لێی پرسیم کە ئایا قوتابخانەکەم لاخۆش بوو؟ لە وەڵامدا گوتم بەتەما بووم خۆش بێ، بەڵام لە سەرەتاوە لام سەیر بوو. ئاغای ویکفیلد گوتی دکتۆر سترانگ پیاوێکی یەجگار میهرەبانەو دڵنیام قوتابخانەکەیت زۆر پێ خۆش دەبێت.
دوای شیو، دیسان چووینەوە ژووری نیشتمان. ئاگنس بەدەم کارکردنەوە قسەی دەگەڵ بابی دەکرد. کەمێك پێکەوە گەمانمان کردو چاوێکمان بە کتێبە دەرسیەکانی مندا گێڕا. دوای ئەوەی ئاگنس ڕۆیی بخەوێ، ئاغای ویکفیلد لێی پرسیم: "دەیڤید حەزدەکەی لێرە، لای ئێمە بمێنێیتەوە یان بۆ جێیەکی دیکە بڕۆیت؟"
یەکسەر وەڵامم دایەوە: "حەزم لێیە لای ئێوە بمێنمەوە."
گوتی: "تۆ کوڕێکی باشی. منو ئاگنس هەردوکمان خۆشمان دەوێی. تا حەزت لێیە دەتوانی لای ئێمە بمێنێیتەوە."
گوتی هەر کاتێ کە مەیلم لێ بێ دەتوانم بۆ کتێب خوێندنەوە، یان دانیشتن دەگەڵ ئەودا، بچم بۆ ژوورەکەی. زۆر سوپاسی ئەو لوتفەیم کرد.
دوای تۆزێك کە لە پلیکانەکانەوە دادەگەڕام سەیرم کرد ژوورە چکولەکەی ئۆفیسەکە روناکە. فزوڵیەتولاپرەسەنییەکی تایبەتی بەرەو لای یوریا هیپ-ی ڕادەکێشام، دەرگاکەم کردەوەو چووم بۆ ژوورەکەی. یوریا زۆر بە وردی وسەرنجەوە کتێبێکی ئەستووری دەخوێندەوە. هەر دێڕێکی دەخوێندەوە قامکی بەسەردا دێنا.

## گفتوگۆ دەگەڵ یوریا هیپ دا

گوتم: "ئاغای یوریا تا ئەم درەنگە شەوە کار دەکەی؟"
گوتی: "بەڵێ، کاکە کوپەرفیلد."

هەستم کرد کە یوریا هیپ ناتوانێت وەکو خەڵکی دیکە زەردەخەنە بکات. لە بری زەردەخەنە زاری زیاتر دەکردەوە تا لە زەردەخەنە بچێت، بەڵام بەتەواوەتی دیار بوو کە زەردەخەنەکەی بە تۆبزیە.

گوتی: "کاکە کوپەرفڵید، خەریکی موتاڵا و خوێندنەوەم تازانیاری مافەوانیم زیاتر بێت."

گوتم: "بێگومان مافپەروەرێکی گەورەیت."

گوتی: "من؟ نە کاکە کوپەرفیلد. من بنیادەمێکی سادەی زۆر هەژارو بێ نموودم."

تەنیا من نەبووم کە وام خەیاڵ دەکرد دەستانی یوریا ساردو لینج و تەڕن. لەوە دەچوو بە خوێشی هەر واهی بیر بکاتەوە، چونکە لێکدا لێکدا دەستەکانی لێکدی دەسوون، وەکو ئەوەی بیەوێ گەرم و وشکیان بکاتەوە. زۆربەی کاتیش بە جۆرێك کە نەبینرێ، بەدەستە سڕەکەی وشکی دەکردنەوە.

گوتی: "بەخۆم دەزانم کە بنیادەمێکی ئاسایی و سادەم. دایکیشم بێنەواو هەژارو داماوە، یانی ئەویش وەکو من بنیادەمێکی سادەیە. لە خانوویەکی سادەو هەژارانەشدا دەژین، ئاغای کوپەرفیلد. بەڵام زۆر شتیش هەیە شوکرانەی خوای دەوێ."

لە یوریام پرسی کە ئایا لە مێژە لەلای ئاغای ویکفیلد کاردەکات؟

گوتی: " نزیکەی چوار ساڵە، کاکە کوپەرفیڵد. لەوەتای بابم مردووە لەلای ئەم کار دەکەم. زۆرم دەگەڵ باش و بەلوتفە، زۆری لێ مەمنوونم."

گوتم: "لەوەیە رۆژێ لە رۆژان ببی بەشەریکی ئاغای ویکفیڵد. هەنگێ نێوی ئەم کۆمپانیایە دەبێت بە: کۆمپانیای ویکفیڵدو هیپ."

یوریا لە وەڵامدا گوتی: "نا، کاکە کوپەرفیڵد، من لەوە سادەترو هەژارترم کە ببم بەشەریکی ئەو! ئاغای ویکفیلد پیاوێکی گەورەو شایستەیە. پوری تۆش خانمێکی فرە باشە، کاکە کوپەرفیڵد."

کە قسەی دەکرد وەکو مار پێچی دەخوارد. ئەم کارەی زۆر ناشرین و ناخۆش بوو. نەمدەتوانی گوێ لە قسەکانی بگرم، چونکە هۆش و حەواسم لەلای گینگڵ و پێچ خواردنی بەدەنی بوو.

یوریا هیپ گوتی: "خانمێکی زۆر باشە، کاکە کوپەرفیڵد. زۆریشی خانم ئاگنس خۆش دەوێ، وانیە کاکە کوپەرفیلد؟"

گوتم: "دڵنیام کە هەمووان خۆشیان دەوێ."

گوتی: "سوپاس کاکە کوپەرفلید، قسەیەکی جوانت کرد!زۆر دروستە. هەرچەندە من بنیادەمێکی سادەم، دڵنیام کە ئەم قسەیەی تۆ راستە کاکە کوپەرفیلد، مەمنوونم!"

بەڕادەیەك هاتبووە جۆش و پێچی دەخوارد کە لەزگ بوو لەسەر کورسیەکە بکەوێتە خوارەوە.

گوتی: "دەبێ هێواش هێواش بڕۆم، دایکم چاوەڕوانمە. ئێمە ئەگەر چی خەڵکانێکی زۆر سادەو هەژارین، بەڵام زۆرمان یەکتر خۆشدەوێ کاکە کوپەرفیلد. ئەگەر حەزت کرد رۆژێك تەشریف بۆ ماڵە هەژارانەکەی ئێمە بێنەو پیاڵە چایەکمان لەگەڵدا بخۆرەوە. دایکیشم وەکو من زۆرخۆشحاڵ دەبێت."

گوتم بە مەمنوونیەوە دێم.

سەرەنجام بڕیاری دا کە کاری ئەو شەوە تەواو بکات و بۆ ماڵ بڕواتەوە. گلۆپەکەی کوژاندەوە و تەوقەی دەگەڵ مندا کرد. دەستی لە تاریکییەکەدا لە ماسی مردوو دەچوو. لە دەرکەیەکەوە کە بەسەر شەقامەکەدا دەکرایەوە وەدەرکەوت و ڕۆیی.

## چایی لە ماڵی هیپ دا

بەرە بەرە قوتابخانەو هاوپۆل و دۆستە تازەکانم لە لا خۆشەویست دەبوون و ژینگەکەم بە دڵ بوو. زۆر بەجدی کارم دەکرد و دەرسم دەخوێند. خۆشبەختانە زۆر زوو بیرەوەری ئەو قۆناغ و ڕۆژگارەی کە لە کارگەکەی مەردستۆن و گرینبیدا بەسەرم بردبوو و لە زەینم دا مابووەوە، کاڵ بووەوەو رابورد. ئیدی وامدەزانی چەندین ساڵە لە قوتابخانەکەی دکتۆر سترانگ دام. قوتابخانەیەکی فرە باش بوو. لەگەڵ قوتابخانەکەی ئاغای کریکل دا ئاسمان و ڕێسمان بوون. لە سەرانسەری شاردا هەموو هەر ستایشی قوتابیانی قوتابخانەکەی دکتۆر سترانگ یان دەکرد و ئێمەش هیچ کارێکمان نەدەکرد کە مایەی شەرمەزاری ئەو بێت، یان ئەوی پێ بشکێتەوە. هەندێ لە قوتابیە گەورەکان لە ماڵی ئەودا دەژیان. لەوانم دەبیستەوە کە هەموو قوتابیەکان، دکتۆر سترانگ دەپەرستن. بەڕاستیش یەکێك بوو لە بنیادەمە هەرە میهرەبانەکانی دنیا.

بەیانیەکی پێنج شەممە کە بۆ قوتابخانە دەرۆییشتم یوریام لە جادەدا بینی. بیری خستمەوە کە بەڵێنم دابویە کە ڕۆژێك بۆ عەسرە چایەك بۆ ماڵیان بڕۆم.

پاشان گوتی: "بەڵام، کاکە کوپەرفیلد، مەرج نیە قسەکەت بەریتە سەر. چونکە ئێمە ئەوەندە رووتەو هەژارین کە تۆ ئێمەمانان بە شایستەی هاتوچۆ نازانیت."

هێشتا بە تەواوەتی نەمدەزانی کە یوریا هیپ-م خۆشدەوێ یان نا، بەڵام حەزم نەدەکرد کە وابزانێ پۆزی بەسەرا لێدەدەم. لە ئەنجامدا پێم گوت کە چاوەڕوانم دەعوەتم بکات ئەوجا بڕۆم بۆ ماڵیان.

گوتی: "کەواتە، ئەگەر هەژاری و نەداری ئێمەت بەلاوە گرینگ نیە فەرموو تەشریف بێنە. ئەمشەو باشە؟"

گوتم کە ئیزن لە کاك ویکفیلد وەردەگرم و ئەگەر رازی بوو، بە مەمنوونیەوە بۆ ماڵیان دەچم. پرسم کردو لە سەعات شەشدا بە یوریام گوت کە من ئامادەم.

لە کاتێکا کە بە دوو قۆڵی لە ئۆفیسەکە وەدەرکەوتین گوتی: "دایکم بەدیتنی تۆ زۆر خۆشحاڵ دەبێت."

پرسیم: "لەم دواییانەدا کتێبی زۆری مافت خوێندووەتەوە؟"

گوتی: "نە کاکە کوپەرفیلد. تەنیا هەندێ شەو یەك دوو سەعاتێك کتێبی ماف دەخوێنمەوە، ئەمەش کارێکی گرنیگ نیە."

گەییشتینە خانوویەکی بچووك کە دەرگاکەی واز بوو. چووینە ژوورێکی نزمەوە کە خاتوو هیپ لەوێندەر چاوەڕوانمان بوو. ژنێك بوو کوت و مت لە کوڕەکەی دەچوو، بەڵام تۆزێ کورتتر بوو.

خاتوو هیپ بەدەم ئامادەکردنی چایەوە بە کوڕەکەی گوت: "ئەم رۆژە گەورەیە، کە ئاغای کوپەرفیلد هاتووەتە دیدەنمان، هەرگیز لەبیر ناکەم" یوریا گوتی: "پێم گوت کە بە هاتنی خۆشحاڵ دەبێت."

خات هیپ گوتی: "خۆزیا مێردەکەم مابا. دڵنیام کە ئەویش بەدیتنی ئاغای کوپەرفیلد خۆشحاڵ دەبوو."

ئەم هەموو وێڵ و ماریفەت نواندنەم پێ ناخۆش بوو. بەڵام دەمبینی کە وەکو میوانێکی زۆر مەزن و شایستە رەفتارم دەگەڵ دەکەن.

خات هیپ گوتی: "یوریا دەمێکە چاوەڕوانی رۆژێکی وەها بوو. بەڵام دەترسا کە تۆ لەبەر هەژاری و نەداریمان نەیەی. منیش هەمان ترسم لە دڵدا بوو. بەڵام چ بکەین، ئێمە هەژارین و هەژار بووین و هەر بە هەژاریش دەمێنین".

لە دەوری مێزێکی چکۆلە دانیشتین. خات هیپ بەرە بەرە لێم نزیکتر دەبووەوە و یوریا وردە وردە لێم دوور دەکەوتەوە.

بەرێزێکی یەجگار زۆرەوە هەندێ خۆراکی بەلەزەتیان لە بەردەمم دانا. هێشتا بە تەواوەتی دانەنیشتبووین باسی پورو میمکانیان هێنایە پێشێ و منیش باسی پورم بۆ کردن. پاشان باسی دایکانیان هێنایە پێشێ و منیش باسی دایکم کرد. پاشتر خات هیپ باسی باوکانی هێنایە گۆڕێ و منیش دەستم بە باسی باوکم کرد، بەڵام زوو جڵەوی خۆم گرت، چونکە پورم ئامۆژگاری کردبووم کە لەمبارەیەوە هیچ بە کەس نەڵێم.

نازانم بۆچی نەمدەتوانی لە هەنبەر یوریا و خات هیپدا ڕاوەستم. بەرەو باسی شتی ئەوتۆیان بکێش دەکردم کە حەزم نەدەکرد باسیان بکەم. دەستیان دابووە دەستی یەکترو پرسیار لەسەر پرسیاریان لێدەکردم و هەرچیم دەزانی لێیان دەردێنام. دوای ئەوەی هەموو شتێکی دڵخوازی خۆیان لێ پرسیم، کەوتنە باسی ئاغای ویکفیلد و ئاگنس. هێندەیان قسان دەکرد و هێندەیان بابەتی جیاواز دێنایە پێشێ کە من سەرم لێ دەشێواو سەرم لێ دەرنەدەکردن. هەوەڵجار باسی چاکیەکانی ئاغای ویکفیلدیان کرد. پاشان باسی ڕادەی پەیوەندی من و ئاگنس-یان کرد. دوای ئەمانە باسیان هێنایە سەر کاروباری ئاغای ویکفیلد و دەرامەت و دەسکەوت و سەروەت و سامانی. بە درێژایی ئەم ماوەیە سەیرم دەکرد هەندێ شتیان پێدەڵێم کە نەدەبووایە بیڵێم.

## دیداری دووبارەی ئاغای میکابر

بەرە بەرە ناڕەحەت دەبووم لە دڵی خۆدا دەمگوت خۆزیا دەمتوانی لە دەستی یوریا هیپ و دایکی هەڵێم. لە پڕ لە دەرگاکەوە، کە کرابووەوە پیاوێکم بینی بە شەقامەکەدا ڕەت بوو، گەڕایەوەو سەیرێکی نێو حەوشەکەی کرد و بە خۆشیەوە هاواری کرد "کوپەرفیلد"! ئاغای میکابر بوو.

بەدیتنی زۆر خۆشحاڵ بووم‌و بەتاسەوە دەستیم گوشی. هیچ چارێك نەبوو دەبوایە ئاغای میکابر بە یوریا هیپ‌و دایکی بناسێنم، بەڵام حەزم دەکرد تا زووترە لەو ماڵە وەدەربکەوم‌و پاش ماوەیەکی کورت بە دوو قۆڵی لەوێندەر وەردەرکەوتین.

ئاغای میکابر بۆ ئوتێلەکەی خۆیانی بردم. لەوێندەر خات میکابرم بینی کە لەسەر تەختێکی بچووك خەوتبوو. خات میکابر گوتی کە مێردەکەی نەی توانی بوو لە پیلموت کارێك پەیدا بکات. خزمەکانی باوەڕیان وابوو کە ئاغای میکابر دەبیّ بکەوێتە کاری بازرگانی، بەڵام پارەی تەواوی بۆ ئەو کارە نەبوو. لە ئەنجامدا هاتبوون بۆ کانتربری، بەو هیوایەی کە رێکەوتێکی باش بێتە پێشیّ‌و وەزع‌و حاڵیان باشتر ببێت. دوای چەند رۆژێك دووبارە چوومەوە دیدەنیان‌و شیوم دەگەڵ خواردن. زۆرم پێ سەیر بوو کە بیستم یوریا هیپ‌و ئاغای میکابر بوون بە برادەر. ئاغای میکابر گوتی: "کوپەرفیلدی ئازیز، ئەمە رۆژەکەیە، من مردوو تۆ زندوو، ئەم ئاغای هیپە رۆژیّ لە رۆژان دەبێت بە پارێزەرێکی گەورە. ئەگەر ئەوم لە کاتی تەنگانەییەکەمدا ناسیبوایە، کێشەکانم زۆر ئاسانتر چارەسەر دەکرد."

لەم قسەیەی حاڵی نەبووم، بەڵام حەزیشم نەدەکرد بچمە بنج‌و بناوانی‌و بۆم روون بکاتەوە.

شەوێکی زۆر خۆشمان پێکەوە رابوارد. هیچ ئاماژەیەکیان بۆ ئەوە نەکرد کە لە کانتربری دەمێننەوە یان دەڕۆن. بۆیە سبەینیّ کە دیتم ئاغای میکابرو خانەوادەکەی بۆ لەندەن رۆییشتوون، زۆر سەرم سوڕما.

((٦))

## دۆستانی کۆن

### گۆڕانکاری

سیّ ساڵ لەوە دوا  قۆناغی قوتابخانەم تەواوبوو، بەڵام هیچ لە بیرم نیە کە ئەمەم پیّ ناخۆش بوو بیّ! لەو ساڵانەدا، ژیانم لەلا بوو بوو بە چیرۆکێکی خۆشی زۆر درێژ، وتازە خەریك بوو حەزم دەچووە سەر خوێندنەوەی ئەوچیرۆکە‌و لەزەتم لێدەبینی.

من‌و پوریّ زۆرمان لە مەڕ ئایندەم گوت‌و باسکرد. لە ماوەی پتر لە یەك ساڵدا بەردەوام لێی دەپرسیم: "گەرەکتە لە ئایندەدا ببی بەچی؟" هەوڵم دەدا وەڵامێکی قەناعەت بەخش بۆ پرسیارەکەی بدۆزمەوە. بەڵام راستت دەویّ من هێشتا بە تەواوەتی نەمدەزانی کە دەمەویّ لە ئایندەدا چی بکەم.

لە شەوێکی ساردا، کە تازە قوتابخانەم تەواو کردبوو، پوریّ گوتی: "وا دەزانم پێویستت بە تەبدیل هەوایەك هەیە تابتوانی بە مێشکێکی کراوەترەوە بڕیار دەربارەی ئایندەت بدەی. چۆنە بڕۆیت سەرێکی ئەو ژنۆکە عەجیب‌و غەریبە بدەی، کە ناوێکی گەوجانەی هەیە؟" مەبەستی پگوتی بوو!

لە وەڵاما گوتم: "ئای پوریّ گیان، ئەگەر دەزانی چەند دڵم پێوەیە ئەم کارەبکەم!"

پوریّ گوتی: "باشتر. چونکه منیش حەزم دەکرد کە ئەم سەفەرە بکەی. بە تەنیا دەتنێرم تا مەجبور ببی لەسەر پێی خۆت بوەستی و بەرە بەرە خۆت بڕیار لەمەڕ ژیانی خۆت بدەی."
لە کاتی خودا حافیزیدا پوریّ چەند ئامۆژگارییەکی گرینگی کردم و چەند جارێکی ماچ کردم. ئامۆژگاریەکەی ئەمە بوو کە لە ڕێگەمەوە بە سافولك دا، یان لە گەڕانەوەمدا بەوێدا، چەند ڕۆژێك لە لەندەم بمێنمەوە. ڕاستت دەویّ سیّ هەفتە تا مانگێکم وەخت هەبوو کە هەرچیم ویست بیکەم.
هەوەڵجار بۆ کانتربری ڕۆییشتم تا خودا حافیزی لە ئاگنس و ئاغای ویکفیلد بکەم. ئاگنس بە دیتنم زۆر خۆشحاڵ بوو، گوتی کە دوای ڕۆییشتنی من ماڵەکە ئەو کەیف و سەفاو خۆشیەی جارانی نەما. ئەوجا تۆزیّ خۆی نیگەران نواندو گوتی: "دەیڤید، فرسەتەو دەمەویّ شتێکت لیّ بپرسم، چونکە لەگینە بەم زووانە دەرفەتی وا دووبارە نەبێتەوە، ئایا بە بۆچوونی تۆ بابم گۆڕاوە؟ گوتم بەڵیّ. ئاگنس بە دەموچاوما تێگەیی کە مەبەستم چیە. سەری داخست و سەیرم کرد چاوانی تەژی ڕوندك بوون.
پرسی: "بە بۆچوونی تۆ چ گۆڕانێکی بەسەر هاتووە؟".
گوتم: "بە بۆچوونی من حاڵی باش نیەو بەزۆری نیگەران دێتە پێش چاو. دەستەکانی دەلەرزن، قسەکانی زۆر روون و ڕەوان نین، چاوەکانی شپرزەو ترساون. هەروەها بۆم دەرکەوتووە کە ئێستا بە زۆری ناچارە یەیجۆری ئەم یان ئەو کاری مافەوانی بکات."
ئاگنس گوتی: "یوریا ناچاری دەکات."
گوتم: "بەڵیّ."
دوای کەمێك بەرەو لەندەن وەڕیّ کەوتم، ئەم سەفەرەم دەگەڵ ئەو سەفەرەم دا کە لە لەندەنەوە بۆ داڤیر کردبووم، بەراورد دەکرد. ئێستا لاوێکی خوێنەواری تەڕپۆش بووم و بەڕکەکانم پڕ لە پارە بوون. بە دوای ئەو شوێنانەدا گەڕام کە لەو سەفەرەمدا لەسەر عاردی خەوتبووم. بە تەینشت قوتابخانەی سیلیم هاوس دا، کە لە چەند کیلۆمەتری لەندەن بوو، تێپەڕیم. حەزم دەکرد خۆم بە قوتابخانەکەدا بکەم و دارکارییەکی باشی ئاغای کریکل بکەم، و هەموو منداڵەکان لە قوتابخانەکەی ئازاد بکەم. چونکە هەموویان لە تەیرو باڵندانی ناو قەفەز دەچوون.

## ستیرفورت و ڕۆزا دارتل

لە لەندەن، لە ئوتێلێکدا ژوورم گرت. دوای نانی ئێواریّ، کەمێك بە دیار ئاگرەوە دانیشتم، و ئەوسا هەستام تا بۆ ژوورەکەم بڕۆم و بخەوم. بەلای کەسێك دا تێپەڕیم کە سیمایم بەلاوە ئاشنا بوو. گەڕامەوەو تەمەشام کرد. ئەو منی نەناسی، بەڵام من ناسیمەوە: ستیرفورت بوو.
بە دیتنی یەکدی زۆر خۆشحاڵ بووین. باقی ئەو شەوەمان پێکەوە ڕابوارد، باسی ژیان و کاروبارمان و ئەو سەربهوردو ڕووداوانەمان کرد کە لە دوای تەرك کردنی قوتابخانەی سیلیم هاوس بەسەر هەر یەکێکماندا هاتبوو. ستیرفورت دەعوەتی کردم کە یەك دوو ڕۆژێك لە ماڵی ئەودا بگوزەرێنم و منیش بە خۆشحاڵیەوە دەعوەتەکەیم قبولْ کرد.

چـووین بـۆ ماڵیـان. سـتیرفورت، بـە دایکی‌وخـانمێکی دیکـەی، بـە نێـوی خادارتـل، ناسـاندم. سـتیرفورت‌و دایکـی بـە (ڕۆزا)یـان بـانگ دەکـرد. دیـار بـوو لـە هـەمان مـاڵ دەژی‌و دەمـێ سـاڵە هاودەمی دایکی ستیرفورتە.

ڕۆزا دارتـل، ژنێکـی ئەنـدام وردیلـەی قـژ ڕەش بـوو، زۆر سـەنگین نەدەهاتـە پـێش چـاو. نـازانم چ شتێکی تیا بوو کە دەبووە مایەی فزوڵیەت‌و کونجکاوی‌و سەرسامی من. ڕەنگە ئـەو جـێ برینـەی سەر لێوی بووبێ: زامێك کە دەمێ بوو سارێژ بوو بووەوەو تەنیا شوێنەکەی مابوو، پاشان زانیم کە ئەو زامە کاری ستیرفورت بووە. کە هەردووکیان منداڵ بـوو بـوون، ستیرفورت بە چەقۆ لێـوی برینـدار کردبـوو، و ڕۆزاش هـەرگیز گـەردنی ئـازا نـەکردبوو، ئـەوەی لـە دڵ دەرنەچـوو بـوو، جـێ برینێکـی ئـەوتۆ نـەبوو کـە زۆر زەق‌و لەبـەر چـاو بـێ، بـەڵام بـە هـەرحاڵ بـە لێـوی سـەرەوەیەوە دەبینرا. بە مەزەندە ڕۆزا سی ساڵ دەبوو، پێدەچوو حەزی بە شوو بێت. خـانم سـتیرفورت، هـۆی سەفەری (سافولك)ی لێ پرسیم، گوتم خۆشحاڵ دەبم ئەگەر (سـتیرفورت)ش دەگـەڵما بێـت، باسـی پگوتی‌و ماڵی برایەکەیم کە لە شێوەی کەشتیدا بوو، بۆ کرد، ستیرفورت گـوتی پێـی وایـە دیـتنی ئەو جۆرە خەڵکانە زۆر خۆش بێ.

## ئیمیلی

خـودا حافیزیمـان لـە خـات سـتیرفورت وخـا دارتـل کـردو بـەرەو یـارموت ڕۆییشـتین.شـەومان لـە ئوتێلێکـدا رابـوارد. بـەدەم قـاوەڵتی بەیانیـەوە سـتیرفورت پرسـی: ئـێ، کـەی بـۆ دیـدەنی مـاڵی پگوتی–م دەبەی؟"

گوتم: "پێم وایە ئەمشەو وەختێکی باشە. هەموویان لە دەوری سۆپا دادەنیشن‌و باشترین وەختـە بۆ سەردانیان، ئاگاداریان ناکەینەوەو لە پڕا خۆمانی پێدا دەکەین."

ستیرفورت گـوتی: "هەڵبەتە، سـەردانی کـوت‌وپڕ زۆر خۆشـترە. وا هەسـت دەکـەم زۆرت حـەز لێیـە کۆنە کارەکەرەکەت بدینی."

گوتم: "بەڵێ، لە هەمووان پتر، تامەزرۆی دیتنی پگوتی–م."

سـەعات هەشـتی شـەو بـۆ دیـدەنی خانـەوادەی پگـوتی وەڕێکـەوتین، دنیا سـاردو تاریك بـوو، بـە پێیان کەناری دەریامان بڕی‌و گەییشتینە کەشتیەکی کۆن کە ماڵی ئاغای پگوتی بوو.

بە ستیرفورت–م گوت: "شوێنێکی چۆڵ‌و بیابانە، وانیە؟"

گوتی: "لە تاریکی دا شوێنێکی ترسناك دێتە بەرچاو. دەریاش بە جۆرێ دەهـاڕێنی‌و دەهـاژێنێ لەتۆ وایە جانەوەرێکی برسیەو دەیـەوێ پیـاو هەڵلوشـێت. ئـەو روناکیـەی کـە دیـارە کەشـتیەکەی پگوتییە؟"

گوتم: "بەڵێ، گەییشتین."

ئیدی هـیچ قسـەیەکمان نـەکرد، بـە ئەسـپایی‌و بـێ خشـپە بـەرەو دەرگاکـە چـووین. دەسـتم خسـتە سەر دەرگاکەو بە (ستیرفورت)م گوت کە لە من جیا نەبێتـەوەو بـە شـوێن پێـی منـدا بێـت. دەرکـەم کردەوەو پێکەوە وەژوورکەوتین.

هەموو خانەوادەکە لەوێ بوون. بە دیتنی ئێمە زۆر سەرسام بوون، حەپەسا بوون نەیاندەزانی چ بڵێن و هەموو چاویان بڕیە من.

تەوقەم دەگەڵ ئاغای پگوتیدا کرد، هام هاواری کرد: "کاکە دەیڤیدە! دەیڤید هاتووە!"

هەموو تەوقەمان دەگەڵ یەکدی کردو ئەحواڵپرسیمان کرد. ئاغای پگوتی هێندە خۆشحاڵ بوو بەوەی کە چوو بووینە ماڵەکەی، هێندەی هەست بە شانازی دەکرد کە زمانی بەسترا بوو. منیش پەیتا پەیتا دەستی هەموویانم دەگوشی و لە کەیفان قاقام لێدەدا.

پگوتی، کە تا ئەو کاتە لە ماڵ نەبوو، لە ڕێوە گەیی، هەوەڵجار نەیناسیم، پاشان کە ناسیمیەوە، باوەڕی نەدەکردو لەسەر سامی وکەیفان حەپەسا بوو.

بە جۆش و خرۆشەوە گوتم: "سەلام، پگوتی!"

گوتی: "کوڕەکەم، کوڕە ئازیزەکەم!" باوەشی پێدا کردم و هەردووکمان کەوتینە گریان.

بە عەمراتم بە ئەندازەی ئەو شەوە نە پێکەنی بووم و نە گریا بووم.

پاشان ستیرفورت–م بە هەموویان ناساند، لە سەفەری پێشووم دا زۆر باس و ستایشم کردبوو.

ئاغای پگوتی هاواری کرد:

"ئیمیلی، کیژم، ڕاکە وەرە! ئەو ئاغایەی کە باسیان بۆ کردبووی هاتووە، وەرە گیانەکەم! دەگەڵ ئاغای دەیڤیدا هاتووە تۆ ببینێ."

پاشان بە (ستیرفورت)ی گوت: "ئاغا، ئیمیلی کیژە بچووکی ئەم ماڵەیە، هەموو کەیف و سەفاو خۆشی و شادی ئەم ماڵە بە ئیمیلییەوەیەو روناکی ماڵەکەمانە. کیژی خۆم نیە، من هەر لە بنی منداڵم نەبووە، بەڵام زۆر لە جگەرگۆشەی خۆمم خۆشتر گەرەکە. باوەڕ ناکەم ئەگەر منداڵی خۆم هەبوایە بە ئەندازەی ئەم کیژەم خۆش ویستبایە، حاڵی عەرزم هەی ئاغا؟"

ستیرفورت گوتی: "بەڵێ، تێدەگەم"

ئاغای پگوتی گوتی: "دەزانم تێدەگەیت و زۆر لە ئێوە مەمنوونم، بەڵام رەنگە کەس پەی بەوە نەبات کە ئیمیلی چەند بۆ من شتە."

## هەواڵی تازە

ئاغای پگوتی بە دەست قژە بژەکەی دایە لاوەو وەکو یەکێك بیەوێ چیرۆکێك بگێڕێتەوە گوتی: "یەکێك هەیە، ئیمیلی چکۆلە لەوساوە کە بابی لە دەریادا خنکا، دەناسێت. ئەم یەکە کوڕێکی گەنجی روح سووك و باشە. هەڵبەتە رواڵەت و سیمای وەکو من کەمێك زبرە، چونکە کاری قورس دەکات، بەڵام گەنجێکی دروستکارو ئابڕومەندو سەنگینە، و زۆریش میهرەبانە". بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە ئەو قسانەی دەکرد، هام بزەی دەهاتێ و دەخنایەوە، پێم وابوو هام بە عەمراتی بە ئەندازەی ئەو شەوە پێ نەکەنی بوو.

ئاغای پگوتی لەسەری رۆیی: "دەزانی ئەم گەنجە باش و ئابڕومەندە چی کردووە؟ بە دڵێ نا بە سەد دڵ ئاشق و شەیدای ئیمیلی بووە. بەڵێ، شەوێك ئیمیلی کارەکەی بەجێ هێشتبوو ودەگەڵ ئەو گەنجەدا هاتبووە ماڵەوە. ئەو گەنجەش هەر کە منی بینی دەستی ئیمیلی گرت و بە خۆشحاڵیەوە بە منی گوت: هاپۆ گیان، هاوسەری ئایندەی خۆمت پێدەناسێنم! ئێمە بڕیارمان

داوە بۆ یەکتر بێنو زەماوەند بکەین. ئیمیلی–ش بە نیوە ترسو نیوە پێکەنین گوتی: بەڵێ هاپۆ گیان، تکا دەکەم ڕەزامەندی بفەرموون.
هام، بە ڕادەیەك هەڵچوو بوو، بە زەحمەت قسەی بۆ دەکرا، گوتی: بەڵێ، ئیمیلی–م فرە لە دڵ ئازیزە. لە دنیادا کەسم لەو لەلا ئازیزتر نیە، جگە لەو هیچی ترم ناوێت، بەڕاستی خۆشم دەوێ".
خۆشەویستیەکەیان هێندە سادەو پاكو ڕاستەقینە بوو کە دڵم بە حاڵی هەردووکیان سووتا. بەڵام دوای چەند دەقیقەیەك هەموومان دووبارە کەوتینە شۆخیو سوعبەتو پێکەنین. نزیکی نیوە شەو بوو کە شادو بە کەیفو ڕوو بە پێکەنین خودا حافیزیمان لە خانەوادەی پگوتی کردو هاتینە دەرێ. هەموویان بۆ بەدرەقەوبەڕێکردنی ئێمە لەبەر دەرگا کۆبوونەوە. چاوانی شینی ئیمیلی–م دەبینی کە بە نیگا بەڕێی دەکردینو گوێم لە دەنگە نەرمو ناسکەکەی دەبوو کە دەیگوت لە ڕێگا وریا بین.
ستێرفورت گوتی: "ئیمیلی کیژێکی جوانە."
دوای چەند هەنگاوێك دووبارە گوتی: "چەند لە وەختێکی باش دا چووینە دیدەنیانو بە ژنەوتنی هەواڵی زەماوەندەکەیان بەشداریمان لە خۆشیو شادی ئەو خانەوادەیە کرد. تا ئێستا خەڵکانێکم بەم خۆشیو شادیەوە نەبینی بوو. بەڵام بە بۆچوونی من هام کوڕێکی بێ سەروبەرو گەوجەو بۆ ئەو کچە نابێت".
سەرم لەم قسە خراپەی سوڕماو زۆر لە دوو ڕووییەکەی ناڕەحەت بووم، چونکە هەموو شەوەکەی دەگەڵ هامو ئەندامانی تری خانەوادەکەدا بە قسەوپێکەنین بەسەر بردبوو.
هیچم پێی نەگوت، دوای دەقیقەیەك بە خۆشیەوە کەوتە خوێندنی ئەو گۆرانیەی کە لە ئاغای پگوتییەوە فێری بوو، وبە پەلە بۆ ئوتێل گەڕاینەوە.
پتر لە دوو هەفتە، دەگەڵ ستێرفورتدا لەوێندەرماینەوە. پاشان، ڕۆژێك کە نانی بەیانیمان دەخوارد نامەیەکم بە دەست گەیی، نامەی پورم بوو. بۆی نووسی بووم کە بۆ ماوەی هەفتەیەك بۆ لەندەن چووە تا مشورێکی کاری ئایندەی من بخوات، و داوای لێکردبووم بچم بۆ لای. هەر ئەو ڕۆژە بە مەبەستی خودا حافیزی چووینە ماڵی ئاغای پگوتیو ئەوسا بەرەو لەندەن بەڕێ کەوتین. لە لەندەن، ستێرفورت بۆ ماڵی خۆیان ڕۆییشتەوەو منیش چووم بۆ ئەو ئوتێلەی کە پوری گیان لەوێندەر چاوەڕوانم بوو.

## کار لە لەندەن دا

پورم حەزی لێ بوو کە من ماف بخوێنمو ببم بە پارێزەر. پرسی پێکردمو پێم گوت زۆرم حەز لە کاری پارێزەرییە.
بۆ سبەینێ چووین بۆ ئۆفیسی پارێزەروانی ئاغایان سپنلو، وجارکینز. ئۆفیسەکەیان لە کۆڵانێکی کڕوکپو بێدەنگ بوو، هەراو زەناو دەنگە دەنگی شار نەدەگەییە ئەوێندەر، پورم منی بە ئاغای سپنلو ناساندو قەرار بوو یەکسەر دەست بە کار ببم. ڕێکەوتین کە بۆ ماوەی مانگێك بۆ تاقیکردنەوە کار بکەمو ئەگەر بە دڵم بوو لەلایان وەمێنمو ماف بخوێنم تا ببم بە پارێزەر.

لە ئۆفیسەکە وەدەرکەوتین و دەربارەی شوێنی مانەوەی من لە لەندەن، قسەمان کرد. پوریێ لە ڕۆژنامەدا ئاگاداریەکی دەربارەی بەکرێدانی خانوویەك خوێندبووەوە کە لە ڕەخی ڕوبارا بوو و پەنجەرەکانی ڕوو لە دەریا دەکرانەوە. چووین تا ئەو خانووە بدینین، وەکو لە ئاگادارینامەکەدا نووسرا بوو، ئەو ژوورانەی بە کرێ دەدران لە قاتی سەرەوەی بینایەکە بوون و لە پەنجەرەکانەوە ڕوبارەکە بە هەموو شکۆو سامێکی یەوە لە چەند شەقاوی بینایەکەدا دەبینرا. زۆرم چووە دڵەوە. پوریێ دەربارەی بڕی کرێیەکە قسەی دەگەڵ خانمی خاوەن ماڵەکەدا کردو بۆ سبەینێ چوومە ماڵی تازەمەوە.

((٧))

## شەریکی تازە

## نامەیەکی ئاگنس

زۆرم پێ خۆش بوو کە ئەو خانووە جوانەم بە تاقی تەنیا، دەربەست لە خزمەتدا بوو. کە دوو شەوو ڕۆژم لەوێندەر بەسەر برد، وام هەستدەکرد، ساڵێك زیاترە لەوێم.

بەیانی ڕۆژی سێیەم بەپێیان چووم بۆ دیدەنی خاتوو ستیرفورت. بە دیتنم خۆشحاڵ بوو و گوتی کە کوڕەکەی، جیمس، دەگەڵ یەکێك لەدۆستانی زانکۆیدا، چووەتە سەفەر. خانم دارتل، زۆر بە تاسەوە گوێی لەو قسانەم دەگرت کە دەربارەی ئەو کارانەی کە دەگەڵ (جیمس ستیرفورت)دا لە یارموت، کردبوومان.

بۆ سبەینێ نامەیەکی ئاگنس ویکفیلدم بەدەست گەیی، نووسی بووی: "دەیڤیدی ئازیز، من ئێستا لە (هالبورن)م لە ماڵی دۆستێکی بابم بە نێوی ئاغای واتربروك. هەر کاتێ حەزت کرد، سەرێکم لێبدە تا یەکدی بدینین.. دۆستت ئاگنس."

سەعات سیێو نیو لە ئۆفیس وەدەرکەوتمو دوای نیو سەعات گەییمە ماڵی ئاغای واتربروك. کارەکەرێك ژوورێکی نیشتمانی بچووکی نیشاندامو سەیرم کرد ئاگنس لەوێ خەریکی دورمانە.

ئاگنس بە دیتنم خۆشحاڵ بوو، دوای ئەوەی کە دانیشتین لێی پرسیم کە ئایا یوریا هیپ-م دیتووە یان نا؟

گوتم: "نا، نەمدیتووە، چما لە ندەنە؟"

ئاگنس گوتی: "هەموو ڕۆژێ دێتە ئۆفیسەکەی بابم لە قاتی خوارەوەی ماڵەکە. پێم وایە بەو زووانە دەبێ بە شەریکی بابم."

بەسەرسامی پرسیم: "تێ نەگەیشتم! یوریا ببێ بە شەریکی بابت؟" ئەو کەسەی هەر دەکوڕزایەوەو دەیگوت هەژارە، چۆن گەییوەتە ئەو ئاستە؟ نابێ ڕێگە بە بابت بدەی بیکا بە شەریکی خۆی. تا کار لە کار نەترازاوە دەبێ نەیەڵی ئەم کارە سەر بگرێت".

ئاگنس، دوای تۆزێك بێدەنگی گوتی: "یوریا زۆری یارمەتی بابم داوە، بنیادەمێکی زرینگو کارامەیە، سەری لە هەموو شتێ دەردەچێت. خاڵی لاوازی بابمی گرتووەو هەنووکە بابم لەو دەترسێت."

ئاگنس، زۆری پێ بوو وکەمی دەردەخست، پێدەچوو لەوە بترسێت خراپترین بەلا بەسەر بابیدا بێت‌و منیش کە بە ئاشکرا هەستم بەمە دەکرد هیچم نەگوت‌و بێدەنگ بووم.
ئاگنس گوتی: "بابم زۆری لێدەترسێت‌و ئەویش ئەمە بە قازانجی خۆی بەکار دێنێ. هەڵبەتە بەخۆی دەڵێت کە بنیادەمێکی رووتەیە، بەلام بەڕای من ئەوەندەی دەتوانێ بابم ئیستیغلال دەکات‌و من لەمە زۆر نیگەرنم."
گوتم کە یوریا هیپ پیاوێکی بودەڵەو خوێڕی‌و سپڵەیەو بەم قسەیە دڵی خۆم فێنك کردەوە.
ئاگنس بە دەم گریانەوە گوتی: "بابم زۆر نیگەران بوو. بەلام وادیار بوو شەریکێکی وەکو یوریا ئاسوودەی دەکرد. راستت دەوێ، شەریکایەتی دەگەڵ یوریادا بۆ بابم هەم مایەی ئاسوودەیی‌و هەم مایەی شەرمەزارییە".
لە ئاگنس–م پرسی: "ئەدی بۆچوونی تۆ لەمبارەیەوە چ بوو؟"
گوتی: "کارێکم کرد کە بەلای منەوە دروست بوو، وای بۆ دەچووم کە ئاسوودەیی‌و ئارامی بابم لە هەر شتێکی دیکە گرینگترە. بۆیە، وام وێنا دەکرد کە شەریکایەتی دەگەڵ یوریادا، بە هەموو خراپییەکیەوە، بە قازانجی بابم بێ. لە ئەنجامدا بۆ ئەم کارەم هاندا. گوتم کە لەوەیە ئاسوودەتر بێ‌و کەمتر هەست بە نیگەرانی بکات. بەلام ئێستا وا هەست دەکەم کە بەم کارەم دژمنایەتیم دەگەڵ کردووەو رەگی حەیاتیم لە ریشە دەرهێناوە."
ئاگنس کەوتە گریان. تا ئەو کاتە گریانی ئەوم نەبینی بوو. تا ئەوکاتە نەمدی بوو کە تەنانەت رووی خۆشی گرژ بکات. هێندەم دڵ بۆی دەسووتا نەمدەزانی چ بکەم، تەنیا وەکو منداڵان دەمگوت: "تکا دەکەم مەگری، ئاگنس! تکا دەکەم، خوشکی ئازیز."
دەستی لە گریان هەڵگرت‌و هێور بووەوەو گەڕایەوە سەر هەمان حاڵەتی کەیف‌و سەفاو ئارامی هەمیشەیی خۆی.
گوتی: "دەیڤید، تا کار لە کار نەترازاوە با هەندێ شتت پێ بڵێم. هەوڵبدە رەفتارت دەگەڵ یوریادا دۆستانە بێت، دەگەڵیا سارد مەبە. بیر لە من‌و باوکم بکەوە."
نەیتوانی لەوەی زیاتر بڵێ، خانم واتربروك، کە ژنێکی زۆر قەڵەوی کەتە بوو، هات. هێندە قەڵەو بوو لە کەشتی دەچوو، رێکردنیشی زیاتر لە جوڵەی کەشتییەکی نێو دەریایەکی ئارام دەچوو! گوتی کە ئاگنس باسی منی بۆ کردووە، خوڵکی کردم کە سبەی ئێوارە بۆ شیو بچمە ماڵی ئەوان، دەعوەتەکەیم قەبوڵکردو خوا حافیزیم لێکردن.

## دیداری کۆنە دۆستێك

سبەی ئێوارە بۆ شیو چووم بۆ ماڵی خات واتربروك‌و سەیرم کرد (یوریا هیپ)ش لەوێندەرە، چاکەت‌و پانتۆڵێکی رەشی لەبەر بوو.
میوانی دیکەشی لێبوون، یەکێکیانم ئاشنا هاتە بەرچاووخولیای ئەوەم کەوتە سەر کە بزانم کێیە، یەکێك ئەوی پێناساندم‌و گوتی: "ئاغای ترادلز! بە ئاغای واتربروك–م گوت کە ئاغای

ترادلز له دۆستانی کۆنی منه.. گوتی که ترادلز ماف دەخوێنیٚ‌و هەندێجار بەعزە کارێك بۆ ئەو دەکات.
دوای تۆزێکی تر دەرفەتێك هاتە پێشیٚ کە زیاتر دەگەڵ ئاگنس دا قسان بکەم، ترادلز-م پێیناساند، ترادلز ناچار بوو زوو بڕوات، چونکە بۆ سبەینیٚ دەچووە سەفەرێکی یەك مانگە. لیٚ ئەدەرسەکانمان دایە یەکدی‌و قەرارمان کرد کە لە گەڕانەوەیدا یەکتر بدینین.
هەردووکمان بەم دیدارە تازەیە خۆشحاڵ بووین. ترادلز کە بیستی دەگەڵ ستیرفورت دا هاتووچۆم هەیە زۆر خۆشحاڵ بوو، ولەوە دەچوو (ستیرفورت)ی فرە خۆش گەرەك بیٚ.
دوای رۆییشتنی ئەو، من مامەوەو دەگەڵ ئاگنسدا قسەم کرد، وپاشان ئەو گۆرانی بۆ میوانەکان چڕی. حەزم نەدەکرد روو بدەمەوە یوریا، بەڵام داواکەی ئاگنس-م وەبیر هێنایەوەو پاش رۆییشتنی میوانەکانی تر، چوومە لایەوە.
یوریا دەربارەی شەراکەتەکەی دەگەڵ ئاغای ویکفیلدا گوتی: "کاکە کوپەرفیلد، وا بزانم خەبەرو هەواڵی پێگە تازەکەی منت بیستووە."
گوتم: "بەڵیٚ، خانم ویکفیلد هەندیٚ شتی لەمبارەیەوە باس کرد."
لە وەڵامدا گوتی: "خۆشحاڵم کە خانم ئاگنس ئاگای لەم بابەتەیە. کاکە کوپەرفیلد، ئاغای ویکفیلد پیاوێکی فرە باشە، خۆزگە دەتزانی چ کاریەلێکی گەوجانەی کردووە!"
گوتم: "ئاغای ویکفیلد زۆر زۆر لە من‌و تۆ زیاترە. هێشتا تۆ بەم زمانە قسە دەکەی‌و دەڵێیت کاری گەوجانەی کردووە؟".
یوریا هیپ وەڵامی دامەوە: "بەڵیٚ، کاکە کۆپەرفیلد، بە حەقیقەت زۆر گەوجانە. هەرکەسێکی دی لە جیاتی من بوایە، تا ئێستا حەوت زەمان بوو ئاغای ویکفیلدی لە قوڕی رەش نابوو. ئەگەر من نەبوایەم ئەو جگە لە زەرەرو شەرمەزاری چیتری بۆ نەدەمایەوەو بەخۆیشی ئەمە باش دەزانێت. بەڵام من هەمیشە گویٚ بە فرمانی ئەو بووم‌و خزمەتم کردووە. ئەویش پێگەو پایەیەکی داومەتیٚ کە بە هیچ جۆریٚ، بە خەیاڵیش بە تەمای نەبووم‌و دەبێت مەمنونی بم!"

**نەخشەی شومی یوریا**

چاکم لە بیرە، کە گوێم لەو قسانەی بوو زۆر ترسام. بە سەروچاویا تێگەیشتم کە گەرەکیەتی شتێکی تر باس بکات، وگوتی: "بەبۆچوونی تۆ ئەمشەو خانم ئاگنس زۆر جوان بووە، وا نیە ئاغای کوپەرفیلد؟"
گوتم: "بەڵیٚ، بە رەئی من ئەو لە هەموو هەلومەرجێکا، لە هەر کەسێکی تری ئێرە جوانترەو جوانتریش بووە."
گوتی: "سوپاس کاکە کوپەرفیلد، سوپاس، ئەوەی دەیڵێیت راستە، من ئەگەرچی هەم خۆم هەژارم‌و هەم دایکم، دەمیٚ ساڵە ئاشقی خانم ئاگنس بووم، بیٚ ئەوەی کە ئەمەم باس کردبێت. هەستدەکەم هیچ بەرهەڵستێك نیە کە رازی دڵم بە تۆ بڵێم. کاکە کوپەرفیلد، باوەڕ بکە هێندەم خا ئاگنس خۆش گەرەکە کە ئامادەم خاکی بەرپێی ماچ بکەم!".

لەو ساتەدا حەزم دەکرد تا هێزم تیایە بکێشم بە دەمیا. بەڵام تەنیا سەیرێکم کردو داواکەی (ئاگنس)م وەبیر هێنایەوە. و ناچار خۆم گرت و لێم پرسی کە ئایا ئاگنس ئاگای لەم ئەشقەی ئەو هەیە یان نا؟

لە وەڵاما گوتی: "نا، کاکە کوپەرفیلد، نا. هیوادارم بزانێت کە من چەند دڵسۆزی بابیم. هیوادارم بە چاوی خۆم ببینێ کە من چەند بە باشی کارەکانی بابی بەڕێوە دەبەم. لەم حاڵەتەدا لەوانەیە دەگەڵ مندا نەرمترو میهرەبانتر بێ، چونکە بە خۆت دەزانی کە چەندی بابی خۆش دەوێت."

ئێستا لەنیازو نەخشە شوومەکەی یوریا هیپ حاڵی بووم، ئەوەشم بۆ دەرکەوت کە بۆچی ئەم هەموو شتە لەلای من دەڵێت.

یوریا گوتی: "پەلەم نیە. "ئاگنس"ی ئازیزم هێشتا زۆر منداڵە، هێشتا دەرفەتی زۆرم بە دەستەوەیە کە خۆشەویستی خۆمی نیشان بدەم. کاکە کوپەرفیلد، زۆر مەمنوونی تۆم بۆ ئەم گفتوگۆیە کورتە.

بۆ خوداحافیزی دەستی گوشیم، دەستی وەکو هەمیشە ساردو لینج وناخۆش بوو.

ئیدی یوریام نەبینییەوە تا ئەو رۆژەی کە ئاگنس لە لەندەن رۆیی. چووم خواحافیزی لێبکەم، سەیرم کرد یوریاش لەوێندەرە. ئەویش لە هەمان کاتدا بۆ کانتربری دەڕۆیی.

## دورا

لەو سەردەمەدا کە لە نووسینگەکەی سپنلو وجارکینز کارم دەکرد، رۆژێ ئاغای سپنلو پێی گوتم کە کیژەکەی بەو زووانە لە فەرەنسا دەگەڕێتەوە، چونکە خوێندنی لە پاریس تەواو بووە، گوتی زۆر خۆشحاڵ دەبێت ئەگەر شەممەی ئاینده بچم بۆ ماڵیان.

دورا، کیژی ئاغای سپنلو، یەجگار جوان بوو وهەر لەو دەمەدا کە بابی بە منی ناساند، نەك بە دڵێ، بەسەد دڵ ئاشقی بووم. نە بیرم لە هیچ دەکردەوەو نەهیچیم بەلاوە گرینگ بوو، تەنانەت بێ ئەوەی تاقە قسەیەکم دەگەڵ کردبێت، خۆم بە ئەسیروبەندی ئەو دەزانی.

پاشان، بەسەرسامیەکی زۆرەوە گوێم لێ بوو یەکێك لە میوانەکان گوتی: "من پێشتریش ئاغای کوپەرفیلدم دیتبوو". ئەو دەنگەم زۆر بە باشی ناسییەوە: خات مەردستون بوو! خات مەردستون گوتی: "من و ئاغای مەردستون وەختێ دەمانناسی کە منداڵ بوو."

ئاغای سپنلو گوتی: "مەخابن کیژەکەم دایکی نیە. خات مەردستون لوتفی کردووەو هاونشینی و رێنوێنی ئەوی لە ئەستۆ گرتووە".

بەڵام من هەقم بەسەر ئەو قسانەوە نەبوو، وتەنیا نیگای دورام دەکرد. هیچ یەکێك لە میوانەکانم لە یاد نەماوە، تەنیا دورام لەبیر ماوە. یادم نیە کە شیوی ئەو شەوە چ بوو، چونکە تەنیا دورام دەبینی. لەسەر مێزی شیو خواردن لەلای منەوە دانیشتبوو، قسەم دەگەڵ کرد. دەنێکی ناسکی فرە دڵگیری هەبوو، لە هەمووان شادمانەتر پێدەکەنی و هەڵس وکەوتی لە هەمووان سەنگینتر بوو. راستە کیژێکی ئەندام وردیلەبوو، بەڵام ئەم وردیلەییەی لێ بوو بوو بە نەخش وجوانتری کردبوو.

هیچ شتێکی تری میوانداریەکەی ئەو شەوەم نایەتەوە بیر، تەنیا ئەوەم لەبیرە کە دورا گۆرانی چڕی، جارێك بە رووی مندا گرژیەوە، کاتێ کە چووم بخەوم هەستم بە لاوازیەکی زۆر دەکرد.

## بیری ژیان

ترادلز، لە گەڕەکێکی برێك هەژارنشین–ی لەندەن دادەنیشت. کە چوومە دیدەنی سەیرم کرد دەگەڵ کۆنە دۆستانی مندا، دەگەڵ خانەوادەی میکابردا دەژی. بە دیتنی یەکتر هەم سەرسامو هەم خۆشحاڵ بووین.ترادلزو خانەوادەی میکابرم دەعوەت کرد کە شەوێك بۆ شیو بێن بۆ ماڵی من. هاتنو شیوێکی باشمان خواردو شەوێکی خۆشمان رابوارد.

دوای رۆییشتنی میوانەکان، کڕوکپ لە پاڵ پیرە سۆپا دانیشتمو بیرم لە ژیانی خۆم کردەوە. بیرەکانم نیوە بە نیوە گەشو تاریك بوون. ترادلز زۆری کۆشش دەکردو خۆی ماندوو دەکردو دەرسی دەخوێند تا ببێ بە پارێزەر، بەڵام زۆر هەژار بوو. ماڵباتی میکابر هێشتا وەکو جاران گیروگرفتی داراییان هەبوو، بەڵام وەکو جاران دڵنیا بوون کە بەو زووانە بارودۆخەکە باش دەبێتو هەموو شتێکی بە دڵی خۆیان دەشکێتەوە. پاشان کارەکەرە پیرەکەمو خانەوادەکەیم بیر کەوتنەوە کە لە یارموت دەژیان.

لەو کاتەدا کە بیرم لە خانەوادەی پگوتی دەکردەوە لەپڕ گوێم لەدەنگی بە پەلەی پێیان بوو کە بە پلیکانەکاندا سەردەکەوت. ستیرفورت بوو.

بەدەم تەوقە کردنەوە، بە پێکەنینەوە گوتی: "سڵاو دەیڤید. لە (یارموت)ەوە دێم."

پرسیم: "زۆر لەوێ مایتەوە؟"

گوتی: "نا، تەنیا یەك دوو هەفتە".

گوتم: "دەزانی ستیرفورت. ئێستا بیرم لەوە دەکردەو کە ئەگەر سەرێکی کارەکەرە پیرەکەم بدەم رەنگە خراپ نەبێت، هەڵبەتە بە دیتنم زۆر خۆشحاڵ دەبێ.

سەفەرێکی زۆر درێژ نیەو سەردانی کەسێك کە ئەو هەموو زەحمەتەی بە منەوە کێشاوە ئەوە دێنێ. دڵنیام کە تۆش ئەم سەفەرەی من بەگەن دەکەی، وانیە؟"

ستیرفورت دانیشتو کەوتە بیرکردنەوە لە پرسیارەکەی من، ئەوسا بە دەنگێکی هێواش گوتی: "ئەگەر دڵت پێوەیە بڕۆ، زەرەری نیە. من ئەمشەو دەچم بۆ لای دایکم. مەبەستت ئەمە بوو کە سبەینێ بۆ یارموت بڕۆی؟"

گوتم: "بەڵێ."

گوتی: چەند رۆژێکی تر سەبر بکە. دەتوانی ئەو چەند رۆژە لەگەڵ مندا بیت. وەرە، چونکە لەوەیە ئیتر هەرگیز یەکتر نەبینین.

سوپاسم کرد.پاڵتۆیەکەی لەبەر کردو رۆیی بۆ ماڵەوە.

((٨))

## رەڤینی ئیمیلی

## خوا حافیزی دەگەڵ ستیرفورت دا

بـە ئاغـای (سـپنلو)م گـوت گەرەکمـە بـۆ ماوەیـەکی کـورت مەرەخەسـم بکـات. چـونکە هـیچ مووچەیەکیان نەدەدامێ، مەرەخەسیەکەم ئاسان بوو.

چووم بۆ ماڵی خات سیترفورت. هەم ئەوو هەم خانم رۆزادارتل بەدیتنم خۆشحاڵ بوون. هۆی خۆشحاڵییەکەی رۆزام بۆ هەڵنەدەهات. هەرچەندە کە دوای ئەو یەك سەعاتەی لەوێندەر بووم. هەستم کرد خانم دارتل، بە بایەخێکی تایبەتیەوە نیگام دەکات.

دوای نیوەرۆ، هەر چوارمان بۆ پیاسە چووینە دەرێ. رۆزا دارتل، قۆڵی بە قۆڵا کردمو رایگرتم. دوای ئەوەی سیترفورتو دایکی چەند شەقاوێك پێش ئێمە کەوتن، وئیدی نەیاندەتوانی گوێیان لە قسەکانی ئێمە بێت، رۆزا رووی تێکردمو چاوانی لە دوڕ چاوانم بڕی. ئەو جێ برینەی سەر لێوی سەرەوەیم، کە دەمێ بوو چاك بوو بووەوە، بە ئاشکرا دەبینی. ئەو جێ زامەو ئەو چاوە پرشنگدارانەی کە رۆزا تێی بڕی بووم،نیمچە ترسێکیان خستە دڵمەوە.

رۆزا، بە زمانێکی پڕ سۆزوگودازەوە کە سەراپای داگیر کردبوو، دەربارەی ستیرفورت پرسی: "جیمس چیەتی! توڕەیە، یا ناز دەکات، یان عاشقە؟ بۆچی وای لێهاتووە؟"

وەڵامـم دایـەوە:"نـازانم لەوسـاوە کـە هاتوومەتـە ئێـرە سـتیرفورت گـۆڕاوە یـان نـا. بـە باشـی لـە مەبەستی تۆش تێناگەم."

رۆزادارتل بە توندیو توڕەیی گوتی: "ئەم قسانەی کە کردمان، بۆ کەس نەگێڕیتەوە."

چ قسەیەکی تری نەکردو بێدەنگ بوو.

پێویسـتە شـتێکی دیکـەش دەربـارەی خـانم دارتـل بڵـێم. ئـەو رۆژە سـتیرفورت هـەوڵی دا دڵـی رابگـرێو عـاجزی نـەکات. بـەڵام ئەمـە کـارێکی ئاسـان نەبوو، ونەرمکێشـییەکی فـرەی دەویسـت. دەمبینـی کـە رۆزا هـەوڵ دەدات لـە هەنبـەر رەفتـارو هەڵوێسـتی ئاشـتیخوازانەی سـتیرفورتدا مقاوەمەت نیشان بدات. لە سەرەتادا پێدەچوو لە دەسەڵاتی ستیرفورت بەسەر ئەودا نارەحەتو توڕەبێ. بەڵام پاشان کە لە دەوری ئاگرو سۆپا دانیشتین دەمی بەخەندە کرایەوە. وەکو منداڵان قسەمان کرد، پێکەنینو خۆشمان رابوارد.

ئەنجام رۆزا هەستا کە بڕوات بخەوێ. ستیرفورت پێی گوت: "تکایە مەڕۆ، ئەگەر بۆ جارێکیش بووە لوتفێ بکەو گۆرانیەکمان بۆ بچڕە. با وەکو جاران کروکپ دانیشینو گوێمان لە گۆرانیەکەت بێ."

رۆزا، بەجۆشو خرۆشێکی فرەوە کەوتە گۆرانی گوتن. دەنگە سازگارەکەی، دەگەڵ موسیقادا، هەموو هزرو هەستی ئەویان دەنواند. دووچاری حاڵەتێك بووم کە دەتگوت خەو دەبینم. دوای دەقیقەیەك، ستیرفورت بەرەو لای ئەو چوو، ودەستی خستە سەرشانیو بە پێکەنینەوە گوتی: "دەزانی رۆزا، هێشتا یەکترمان زۆر خۆش دەوێ." بەڵام رۆزا لە پڕ مستێکی پێدا کێشا، بە

تورەییەکی فرەوە لە خۆیی دوور خستەوەو وەکو گیانلەبەرێکی هۆڤی لە جێی خۆی هەستاو لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

خات ستیرفورت، کە لەو ساتەدا وەژووردەرکەوت، پرسی: "رۆزا چیەتی؟"

ستیرفورت گوتی: "چونکە چەند دەقیقەیەك دەگەڵمان باش‌و میهرەبان بووە، ئێستا گەرەکیە لێمانی دەربێنێتەوەو تۆڵەمان لێبکاتەوە!"

رۆزا ئیدی نەگەڕایەوە. ستیرفورت بەدەم پێکەنینەوە لێی پرسیم کە ئایا هەرگیز کەسم بەو رەفتارە سەیرو زبرەوە دیتووە یان نا.

گوتم زۆرم سەیر بە رەفتاری رۆزا هات، ئیدی هۆی ئەو گۆڕانە کوت‌و پڕەی رەفتاری رۆزام لە ستیرفورت پرسی.

سیترفورت وەڵامی دامەوە: "نازانم. رۆزا چاوی لە هەموو شت‌و هەموو کەسێکە. ژنێکی ترسناکە. شەو باش!"

گوتم: "شەوباش برای ئازیز. من بەیانی بەر لەوەی تۆ لە خەو ڕابی، دەبێ بڕۆم. بۆیە لە ئێستاوە خودا حافیز."

نەی هێشت بڕۆم. گوتی:

"دەیڤید، ئەگەر بە هەر هۆیەکەوە لێکدی جودا بووینەوە، هەوڵ بدە هەمیشە بە دۆستی خۆتم بزانە."

گوتم: "هەمیشە بە دۆستی خۆمت دەزانم. هەمیشە خۆشم دەوێی‌و تۆ برای ئازیزی."

گوتی: "دەیسا شەوباش، خوداحافیز."

تەوقەمان دەگەڵ یەکدی کردو رۆیشتین کە بخەوین. بەیانی، بەر لە رۆییشتن، چاوێکم بە ژوورەکەیدا گێڕا. هێشتا لە خەوا بوو. بەهان شێوەی کە زۆرجار لە قوتابخانەدا دیبووم، سەری خستبووە سەر بازووی‌و خەوی لێکەوتبوو. بەمجۆرە دەگەڵ گەردی بەیانیدا، لە ماڵی وان وەدەرکەوتم.

## مۆمی پشت پەنجەرە

دوای دوو رۆژ، کاتێ گەییمە یارموت، لە سەعات دەی شەودا بەرەو ماڵی ئاغای پگوتی بوومەوە، تۆفە شەوێك بوو وبارانێکی توند دەباری. کاتێ گەییمە ماڵەکە خۆشبەختانە پەنجەرەکانیان روناك بوو.

ئاغای پگوتی بەروویەکی خۆش‌و بە پێکەنینەوە گوتی: "بەه بەه ئاغای دەیڤید، کە بە دیدارت خۆشحاڵم، فەرموو دانیشە".

ماڵەکە وەکو هەمیشە گەرم‌و نەرم‌و زۆر خۆش دەهاتە بەر چاو. ئاگرێکی خۆشیان کردبووەوە. پگوتی لە هەمان جێگەی هەمیشەیی لەسەر کورسیە کۆنەکەی دانیشتبوو ودەتگوت لەوساوە کە بۆ دواجار دیتبووم لەسەر کورسیەکەی هەڵنەسا بوو. (خانم گامیچ)ش لە سووچە هەمیشەییەکەی خۆیدا دانیشتبوو، بەڵام پێناچوو ئیمیلی لە ماڵ بێت.

پگوتی، دایکانە ماچی کردمو لەلایەوە دانیشتم. ئاغای پگوتی تەمەشایەکی سەعاتەکەی کردو بەلەز هەستا، شەمالکێکی هەڵگرتو لە قەراخ پەنجەرەکەی دانا، ئەوسا بە پێکەنینەوە گوتی: "ئێستاماڵەکە رۆشن بووەوە. ئەمە نەریتێکی کۆنە. بێگومان لە دڵی خۆتا دەپرسیت کە بۆ ئەم کارەم کرد. ئەم مۆمە بۆ ئیمیلییە، ئەگەر بەر لەوەی ئەو بۆ ماڵ بێتەوە، من لە ماڵەوە بم مۆمێك لە قەراخ پەنجەرەکە دادەنم. ئەم کارە دوو فایدەی هەیە. یەکەمیان ئەوەیە کە ئیمیلی لە دوورەوە ماڵەکە دەبینێ، دووەم ئەوەیە کە دەزانێ من لە ماڵەوەم، چونکە ئەگەر لە ماڵ نەبم، مۆم لە قەراخ پەنجەرەکە دانانەم!".

کە لە قسەکەی بووەوە بە دەنگی بەرز پێکەنی.

پگوتی بە برایەکەی گوت: "بەڕاستی دەڵێی منداڵی!"

ئاغای پگوتی هەمدیس بە پێکەنینەوە گوتی: "بە کەتە زەلامێکی وەکو من دەڵێی وەکو منداڵ وام؟ لەوەشە وابم. بە هەرحاڵ گرینگ نیە. تەنانەت ئەگەر شووش بکاتو ببێ بە خاوەنی ماڵو مێردیش من هەر مۆمی بۆ دەخەمە قەراخ پەنجەرەکەو لە دەوری سوپاکە دادەنیشمو وا تەسەور دەکەم کە دێتەوە. بە هەرحاڵ ئیمیلی هەر ئێستا پەیدا دەبێت".

لەم دەمەدا، هام وەژوورکەوت، بەڵام بە تەنێ بوو. کڵاوێکی زۆر پانی لەسەر بوو کە لە بارانی دەپاراستو قەراخی کڵاوەکە هاتبووە سەر دەموچاوی.

ئاغای پگوتی پرسی: "ئەدی ئیمیلی کوا؟"

هام، لە پڕ چاوی بە من کەوت، بەسەر ئامارژەیەکی کرد کە یانی ئیمیلی لە دەرەوەیە. پاشان بە منی گوت: "کاکە دەیڤید، یارمەتی هەیە یەك دەقیقە بێیتە دەرێ؟ منو ئیمیلی حەز دەکەین شتێکت نیشان بدەین."

چووینە دەرەوە، کاتێ کە دەگەڵ هام دا لە دەرگاکە دەچووینە دەرێ سەیرم کرد رەنگی بووە بە جاوی سپی.

بە نیگەرانی پرسیم: "هام، چی بووە؟"

لە جیاتی وەڵام کەوتە گریان، گریان ئەمما گریان! نەمدەزانی چ بکەمو تەنیا تەمەشام دەکرد.

گوتم: "دۆستی ئازیزی بەلەنگاز، توبی توخودا پێم بڵێ چی قەوماوە؟"

### هەواڵێکی ناخۆش

هام گوتی: "دەنکەکەم، دڵدارەکەم، ئەو کەسەی هەموو ئومێدێکی ئایندەی من بوو، ئەو کەسەی کە ئامادە بووم خۆمی لە پێناودا بەخت بکەم، لێی داوە رۆییشتووە، رەدوو کەوتووە!"

گوتم: "رەدوو کەوتووە؟"

تا ئێستاش سیمای خەمناکیم، کە تەمەشای ئاسمانی دەکرد، لەبەر چاوە. هەرگیز ئەو حاڵەتەم لە بیر ناچێتەوە.

بەپەلە گوتی: "کاکە دەیڤید، تۆ پیاوێکی خوێنەواری، تۆ پێم بڵێ من چۆن ئەم هەواڵە ناخۆشە بە هاپوم بڵێم.؟"

دەرگا کرایەوە. ئاغای پگوتی گوێی لە هەموو قسەکانم بوو بوو. هەرگیز حاڵەتی سەروسیمای ئەویش لەبیر ناکەم. لە بیرمە هاوارێکی کردو لە هۆڕژنی گریانی دا. پارچە کاغەزێکم بە دەستەوە بوو کە هام دابوومیە. ئاغای پگوتی بە قژی بژو شێواو ورەنگی هەڵبزڕکاوەوە نیگای منی دەکرد.

گوتی: "کاغەزەکە بخوێنەوە، بەڵام تکایە هێواش هێواش بیخوێنەوە، چونکە دڵنیانیم کە دەتوانم لێی تێبگەم یان نا."

هەردووکیان بێدەنگ بوون‌و من بە زەحمەتێکی زۆرەوە ئەو نامەیەم، کە ئیمیلی بۆ (هام)ی نووسی بوو، بۆ خوێندنەوە: "تۆ هەمیشە منت لەوە زیاتر خۆش‌و ویستووە کە شایستەی بم تا ئەو زەمانەی کە بیرم نەگۆڕی بوو، سەودای خراپم نەکەوتبووە سەر لە هەقی خۆم زیاترت خۆش دەویستم، کاتێ ئەم نامەیە دەخوێنیتەوە، من زۆر دوور کەوتوومەتەوە."

ئاغای پگوتی قسەکەی پێ بڕیم‌و گوتی: "نا، مەیخوێنەوە، چۆن دەبێ ئیمیلی لە ئێمە دوور کەوتبێتەوە. وای خودایا!"

درێژەم بە خوێندنەوەی نامەکە دا: "ئەمڕۆ بەیانی ماڵە ئازیزەکەم، ئەو ماڵەی کە بە قەد خۆمم خۆش دەویست، بە جێدێڵم‌و تەنیا وەختێ دەگەڕێمەوە کە شووم پێ کردبێت. (هام)ی ئازیزم، دەزانم کە جەزرەبەیکی گەورە لە تۆ دەدەم‌و تۆ هەرگیز نام بوری. ناتوانی تەسەوری ئەوە بکەیت کە چەندم خەفەت خواردووە، بەڵام هەوڵبدە لە حاڵی من بگەی. من بەشەرێکی ئەوەندە خراپم کە هەقی ئەوەم نیە هیچ شتێك دەربارەی خۆم بنووسم. بە هەموو ئەو چاکی‌و میهرەبانیەوە کە دەگەڵ منتان کردووە، من لەبیر بکەن. تۆش ئەوە لە بیر بەرەوە کە قەرار بوو پێکەوە زەماوەند بکەین، ببین بە هاوسەر، وا بیر بکەوە کە هەر بە منداڵی مردم‌و بە خاکت سپاردم! (هام)ی ئازیزم، هەوڵبدە کیژێکی ترت خۆش بوێ، کیژێکی باشی ئەوتۆ کە بتوانێت بە ئەندازەی من هاپۆی خۆش بوێ‌و سوکنایی بە دڵی ئەو ببەخشێت. من لە بیر بکە. بە هاپۆ بڵێ کە چەندم خۆش دەوی‌و دوا فرمێسکم لە پێناوی ئەوا دەڕێژم."

پاش ئەوەی لە خوێندنەوەی نامەکە بوومەوە، ئاغای پگوتی ماوەیەکی زۆر کڕوکپ روانیە من. تەنانەت کە من‌و هام قسەمان دەگەڵ کرد لە جێی خۆی نەجولا.لە نێو ماڵەکەدا، ماوەیەك روانیە چواردەوری ژوورەکە، ئەوسا بە دەنگی نزم پرسی: "رەدووی کێ کەوتووە؟" هام سەیری منی کرد. و من لە پڕێکا بە جۆرێ راچڵەکیم کە خەریك بوو لە هۆش خۆ بچم.

ئاغای پگوتی لە (هام)ی پرسی: "مەزەندەی تۆ لەسەر کێیە؟"

هام گوتی: "ماوەیەك بوو، کوڕێکی گەنج لە ناوەختدا لە دەوروبەری ماڵەکەماندا دەسووڕایەوە. دوێنێ شەو لەگەڵ ئیمیلی دا دیتبوویان. وامان زانی ئیدی رۆییشتووە، تومەز خۆی شاردبووەوە."

لەو دەمەدا، بە جۆرێ حەپەسا بووم ئەگەر خانووەکەم بەسەرا روخابا نەمدەتوانی لە جێی خۆم بجوڵێم.

هام گوتی: "ئەمڕۆ بەیانی زوو ئەو کوڕە بێگانەیە لە شارا بووە، خەریکی تەرتیب کردنی سەفەرێك بووە، ئیمیلی لەگەڵ دا بووە. پێم وایە خۆیەتی"

گوتم: "نا، تکات لێ دەکەم ناوی مەیەنە!"

هام گوتی: "ئاغای دەیڤید، خۆ خەتای تۆ نیە، نێوی ستیرفورتە، پیاوێکی تاوانکارە!"

ئاغای پگوتی هیچی نەدەگوت و لە جێی خۆی نەدەجولا. نەدەگریاش، لە پڕ دەتگوت لە خەو راپەڕی. دیاربوو کە بڕیارێکی داوە. گوتی: "دەبێ کیژە ئازیزەکەم بدۆزمەوەو بۆ ماڵی بێنمەوە" لە منی پرسی ئایا سبەینێ بۆ لەندەن دەڕۆم. وەڵامم دایەوە کە هەموو دەمێ ئامادەی سەفەرم.

گوتی: "کەواتە ئەگەر قەبوڵ بکەی، منیش سبەینێ دەگەڵ تۆدا دێم."

## ئاغای پگوتی و خات ستیرفورت

کە گەییشتینە لەندەن هەوەڵین کارمان ئەمە بوو کە ژوورێك بۆ ئاغای پگوتی پەیدا بکەین. خۆشبەختانە دوو شەقام لە سەرووی ماڵەکەی منەوە، ژوورێکمان بۆ پەیدا کرد.

ئاغای پگوتی گوتی دەیەوێ بەر لە هەر شتێك خات ستیرفورت ببینێ. هەمان شەو نامەیەکم بۆی نووسی و بەوپەڕی نەزاکەتەوە، رووداوەکەم بۆ باس کرد. ئەوەی ستیرفورت کردبووی، بۆم روونکردەوەو ئاماژەم بۆ ئەو رۆڵەش کرد کە مەخابن خۆم لەو بەینەدا گێڕابووم. بۆم نووسی بوو کە سەعات دووی سبەینێ دەچینە دیدەنی.

لە کاتی دیاریکراودا چووین بۆ ماڵی خات ستیرفورت، لە ماڵ بوو. خانم روزادارتل بە ئەسپایی لەلایەکەی تری ژوورەکەوە خۆی گەیاندێ و لە دوایەوە وەستا. یەکسەر تێگەییشتم کە خات ستیرفورت پێشتر رووداوەکەی لە زاری کوڕەکەیەوە بیستووە.

ئاغای پگوتی نامەکەی ئیمیلی دایە دەست خات ستیرفورت وگوتی: "تکایە ئەمە بخوێنەوە. نامەی کیژەکەمە".

خات ستیرفورت نامەکەی خوێندەوەو بە هێمنی و غرورەوە نامەکەی دایەوەوگوتی: "دڵنیام کە ناتوانن پێکەوە زەماوەند بکەن و هەرگیزیش نایکەن. بەڵام ئەگەر کارێکی دیکە لە ئارادا بێ و بە من بکرێ فەرموو بیڵێ".

ئاغای پگوتی گوتی: "ناشێت سەرباری ئەو بەڵایەی بەسەر کیژە بەستەزمانەکەی مندا هاتووە، سەرباقیتش بوێ!"

رەفتاری خات ستیرفورت گۆڕا، توڕە بوو وگوتی: "لە هەموو ژیانمدا ئاواتم ئەمە بووە کە کوڕەکەم لێم رازی بێت. جا ئێستا کە منی بەجێهێشتووەو دەگەڵ کیژێکی بەرەڵلادا هەڵاتووە، بەڕای تۆ نابێ ناڕەحەت بم؟"

روزادارتل ویستی هێوری بکاتەوە، بەڵام نەیتوانی. لە ماڵی خات ستیرفورت وەدەرکەوتین. ئاغای پگوتی لە فکران راچوو بوو وبە ئەسپایی رێی دەکرد. گوتی گەرەکیەتی هەر ئەو شەوە درێژە بە سەفەرەکەی بدا. لێم پرسی کە دەخوازێ کێوە بڕوات، وەڵامی دامەوەوگوتی: "دەڕۆم، کاکە، دەڕۆم کیژەکەم دەدۆزمەوە.

((٩))

## من و دورا

## ئیعتراف

لە هەموو ئەم ماوەیەدا پەیوەندی من دەگەڵ دوردا دا زیاترو زیاتر دەبوو. ئاغای سپنلو پێی گوتم کە هەفتەیەکی دی ساڵیادی لە دایکبوونی دورایە، داوای لێکردم لەو ڕۆژەدا بچم بۆ ماڵیان و بەشداری ئەو سەیرانە چکۆلەیەیان بکەم کە بەو بۆ نەیەوە سازیان دابوو. بۆ ئەو ڕۆژە هەر چیم لە دەست هات کردم.سەعات شەشی بەیانی چووم بۆ بازاڕ تا گوڵ بۆ دورا بکڕم.
پێلاوێکی نقتو نوێی بریقەدارم لەپێ کرد. سەعات دەی سەر لە بەیانی بە ئەسپە شێیەکی گران قیمەت بەرەو ماڵی ئاغای سپنلو بوومەوە.
کاتێ گەییمە جێ، لە ئەسپەکە دابەزیمو بە پێلاوە تەنگەکانمەوە کە پێی دەگرتم بە باخەکەدا ڕەت بوومو بەرەو دورا کە لە ژێر درەختێکدا دانیشتبوو ڕۆییشتم. چ وێنەو دیمەنێکی جوان بوو! دەوروبەری دورا پڕ لە گوڵو باڵندە بوو، کراسێکی شینی ئاسمانی لە بەربوو.
دورا هەر کە منی بینی گوتی: "سوپاس ئاغای کوپەرفیلد، بەڕاستی گوڵی جوانت بۆ هێناوم. جابا خەبەرێکی زۆر خۆشت بدەمێ: خات مەردستون ئەمڕۆ لێرە نیە."
گوتم هەر خەبەرێك بۆ ئەو (دورا) خۆش بێ بۆ منیش خۆشە،ودڵنیام کە ئەو بەغیابی خات مەردستون خۆشحاڵە.
ئاغای سپنلو لە ماڵ هاتە دەرێو هەموو بۆ چوونە سەیران ئامادەبووین.
ئەو لەزەتەی ئەو ڕۆژە لە سەیرانو ئەسپ سواریم بینی جارێکی دی هەرگیز دووبارە نابێتەوە. ئەوەندەی بیرم بێ ڕێگەکەمان هەر خاكوخۆڵ بوو، بەڵام من ئەوەم نەدەبینی. تاقە شتێك کە دەمبینی جوانی دورا بوووتاقە شتێك کە هەستم پێدەکرد خۆشەویستی ئەو بوو. لەوە بترازێ بیرم لە هیچ شتێکی دی نەدەکردەوە.
تەنانەت ئەمڕۆش نایەتەوە بیرم کە کێوە چووین. هەموو ئەوەی لە بیرم ماوە، شوێنێکی سەوزەزاری خۆش بوو، لەسەر گردێکی پڕ لە سەوزەگیای نەرم بوو. سێبەری درەختەکان عاردەکەی دادەپۆشیو دیمەنێکی یەکجار جوانیان دەنواند. من لە کەیفوخۆشیا گێژو مەنگ بووم. دورا گۆرانی چڕی. هەرچەند میوانەکانی تریش ستایشی دەنگو ئاوازەکەیان کرد، من وام هەست دەکرد کە بە تەنیا بۆ منی چڕی. کە شەو داهات، خۆشیو شادیم گەییە تروپك.
کاتێ کە هەموو میوانەکان خوداحافیزیان کردو ڕۆییشتنو من دەگەڵ دوراو ئاغای سپنلو بۆ ماڵی ئەوان گەڕامەوە، شادیەکەم بوو بەدوو چەنانە. ئاغای سپنلو دەعوەتی کردم کە پێش گەڕانەوەم بۆ لەندەن ئیسراحەتێك بکەمو شتێك بخۆم.
بۆ سبەینێ، کاتێ کە لە لەندەن لە خەو ڕابووم، لێبڕام کە ڕازی دڵم بە دورا بڵێم. تەنیا بەو شتە دەمتوانی بزانم کە ئەویش منی خۆش گەرەکە یان ناو بکەومە بیرکردنەوە لە زەماوەندو خێزان

دروستکردن. له ئەنجامدا دووباره چوومەوه بۆ ماڵی ئاغای سپنلو. ئەمجارەیان جلكو بەرگێكی پۆشتەو گرانبەهام لەبەر کرد.
کاتیٚ گەییمه ئەوێندەر دورا خەریکی نیگارکێشی بوو. گوتی: "هیوادارم ئەسپه بەستەزمانەکەت دوێنیٚ شەو زۆرماندوو نەبووبیٚ. رێگەیەکی فره دوور بوو."
گوتم: "بەڵیٚ بۆ ئەو رێیەکی دوورو درێژ بوو، چونکه به درێژایی رێگەکه هیچ شتێك نەبوو دڵخۆشی بکات." وام به خەیاڵدا هەر لەوێدا داوای لێبکەم که شووم پێبکات.
دورا گوتی: "ئەو حەیوانه بەستەزمانه، زۆر ماندوو نەبوو بوو؟"
بیرم کردەوه که باشتر وایه سبەینیٚ خوازبێنی بکەم. گوتم: "ئەی مەعنای چی، ماندوو بوو بوو، چونکه وەکو من بەختەوەر نەبوو که له پەنای تۆدا بووم."
دورا گوتی: "نازانم بۆ ئەمه ناو دەنەی بەختەوەری. دڵنیام که مجامەله دەکەی."
سەیرم کرد که ناتوانم لەوەی پتر خۆ بگرم. دوو دڵیم وەلانا، ئەوەی له دڵمابوو، خستمه سەر زمانم. گوتم که ئەوم خۆشدەویٚ وبیٚ ئەو دەمرم.
دورا کەوته گریان. لەشی دەلەرزی. من هەمدیس باسی ڤیانی خۆم بۆ کردو گوتم هەر له یەکەم ساتەوه که ئەوم بینی شەوو رۆژ له بیری ئەودا بوومو ناتوانم بەبیٚ ئەو بژیم.
دوای کەمێك، هەردوو کڕوکپ له تەنیشت یەکترەوه دانیشتبووینو هیچمان نەدەگوت. قەرارمان دا به زووترین کات زەماوەند بکەین.

## هەواڵی ناخۆشی پوریٚ

شەویٚ که له ئۆفیس گەڕامەوه سەیرم کرد دەرکەی ماڵەکەم کراوەتەوەو له ژوورەوه دەنگی قسەکردن دیٚ. وەژوور کەوتم، سەیرم کرد پگوتیو پورم له وێن، زۆر سەرسام بووم! پوریٚ لەسەر چەند پریاسکەو جانتایەك دانیشتبوو.چایی دەخواردەوه، پگوتی بۆی دەم دابوو. هەواڵی ناخۆشم له پورمەوه بیست، گوتی: "بەدبەخت بووم، دارونەدارم له دەست داوه." ئەگەر لەو دەمەدا ماڵەکەم هەرەسی هێنابا و بکەوتبا روبارەکەوه، باوەڕ بکه هێندەی ئەو قسانەی پوریٚ کاری تێنەدەکردم. پوریٚ هێدی هێدی بۆی باسکردم که هەرچی داراییو سامانی هەیه له دەستی داوه. گوتی تەنیا هەمان خانووی بۆ ماوەتەوەو ئەوەی توانیویەتی لەم جانتایانەدا دەگەڵ خۆیی بێنیٚ. گوتی پگوتی تکای لێکردووه بڕێك پارەی لیٚ قەبوڵ بکات، بەڵام مەحاڵه شتی وا قەبوڵ بکات.
پوریٚ ئاگاداری بەینی منو دورا هەبوو. به هەواڵی دەزگیرانداریەکەمان زۆر خۆشحاڵ نەبووو تەنیا گوتی:
"بەلەنگازینه! بەستەزمانینه!"
گوتم: "پوریٚ گیان، خۆشم دەزانم که هێشتا گەنجو کەم ئەزموونین. بەڵام یەکترمان زۆر خۆشدەویٚ. من نازانم ئەگەر دورا کەسێکی تری خۆش ویستبا، یان منی خۆش نەویستبا چم

دەکرد. ئەگەر بە خەیاڵیش بیر لەوە بکەمەوە کە کەسێکی ترم خۆش بوێ، یان ئیتر ئەوم خۆش نەوێت، شێت دەبم."

پوریێ گوتی: "دەیڤید. چاوت بکەوە! بۆچی حەقیقەت نابینی؟"

نازانم بۆچی خەم دایگرتبووم. هەستم دەکرد شتێکم لە دەست داوەو زۆر نیگەران بووم.

ئەو شەوە زۆر بە ناخۆشی بوری، وپێدەچوو لە شەوانی دی درێژتر بێ. پوریێ رۆیی بخەوێ، بەڵام خەو نەدەچووە چاوی. ئاگام لێ بوو کە چەند جارێك هەستاو پیاسەی کرد. بە خۆیشم هەستم کرد کە هەر هەوڵێك بۆ نووستن بێفایدەیە. خەوم لێنەکەوت تا رۆشنایی بەرەبەیان لە پەنجەرەکەی دا. هەستامو جلەکانم لەبەرکرد. بە(پگوتی)م گوت ئاگاداری پوریێ بێت. چووم پیاسەیەك بکەم. تەسەوری نابووتیو بێ پارەیی پوریێم بەلاوە زەحمەت بوو.

## ویکفیلدو هیپ

دوای کەمێك دووبارە (ئاگنس)م بینی، دەگەڵ بابیو یوریا هیپ دا بۆ لەندەن هاتبوو. بۆ ماڵەوەم برد تا پوریێ بدینێ.

پوریێ بە دیتنی ئاگنس زۆر خۆشحاڵ بوو. دەربارەی ئەو جەزرەبە داراییە گەورەیە قسانمان کرد کە بە پوریێ کەوتبووو هەموو شتێکی لە دەست دابوو. گوتم بە نیازم سەرباری کارەکەم لە ئۆفیسی سپنلوو جارکینز کارێکی دیکەش بۆ خۆ بدۆزمەوە تا بتوانم خەرجی پوریێ بکێشم. ئاگنس گوتی کە دکتۆر سترانگ، خاوەنو بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی جارانم، لە لەندەن بە دوای کەسێکدا دەگەڕێ کە سەرپەرشتی قوتابخانەکەی بۆ بکات. دانیشتمو یەکسەر نامەیەکم بۆ نووسی.

تا من نامەکەم نووسی، ئاگنس هەموو ماڵەکەی پاكو خاوێن کردەوە. تەماشایەکم کردو لە دڵی خۆم دا گوتم بەو هێمنیو خاویە رواڵەتیەوە چەند گورجو گۆڵە.

دەنگی دەرکە هات.لە پڕ ڕەنگی ئاگنس هەڵبزڕکا. بەنیگەرانیەوە گوتی: "وابزانم باوکمە."

دەرکەم کردەوە. ئاغای ویکفیلد وەژوورکەوت، یوریا (هیپ)ش لە دوایەوە بوو. لە مێژ بوو کە ئاغای ویکفیلدم نەبینی بوووبەدیتنی سەرم سوڕما. زۆر پیر بوو بوو، ڕەنگی دەموچاوی سوور بووو پێدەچوو نەخۆش بێت.

دەستەکانی دەلەرزین. بەڵام ئەوەی زۆری کارتێکردم ئەمە بوو کە بە ئاشکرا دەمبینی جڵەوی بە تەواوەتی لە دەستی یوریا هیپ دایەو ئەو هەر کارێکی بوێ لەگەڵ ئاغای ویکفیلدیدا دەکات. پیاوێکی بەرێزو سەنگینو میهرەبانی وەکو ویکفیلد، گویڕایەڵی هیچو پوچێکی تەڵەکەبازی وەکو یوریای دەکرد.

ئاگنس بە ئەسپایی بە ئاغای ویکفیلدی گوت: "باوکە، ئەمانە خانم تراتڤودو دەیڤیدن. دەزانی کە دەمێ بوو ئەمان دیتبوون." ئاغای ویکفیلد تەوقەی دەگەڵ پوریێو مندا کرد. سەیرم کرد بزەیەکی قێزەوەر نیشتەسەر لێوانی یوریا، (ئاگنس)ش بزەیەکی ئەوی بینیو لێی دوورکەوتەوە.

یوریا، بەجۆری وەکو کرم هەڵدەپلا کە پوریێ نارەحەت بوو. بە توندی گوتی: "ئەمە بۆچی وا دەکات؟ ئاغا بەو جۆرە هەڵ مەپلیێ، ئەگەر کرمی قەیدی نیە، بەڵام ئەگەر بەشەری وەکو بەشەران رەفتار بکە. کۆنترۆڵی بەدەنی خۆت بکە!"

زمانە توندەکەی پوریێ یوریای ترساند. ئەوسا، یوریا منی بردە لایەکەوەو بە ئەسپایی قسەی دەگەڵ کردم تا پوریێ گوێی لیێ نەبێت.

گوتی: "من دەزانم کە خات تراتڤود تورەیە، هەرچەندە خانمێکی زۆر زۆر باشە، تەنیا بۆ ئەوە هاتووم کە بپرسم ئایا لەم وەزعو حاڵەیدا ئێمە دەتوانین هیچ یارمەتیەکی بدەین یان نا. من، دایکم، کۆمپانیای ویکفیلدو هیپ ئامادەی هەر جۆرە کۆمەکێکین."

ئاغای ویکفیلد بە زمانێکی گوێڕایەڵانە گوتی: "یوریا هەرچیەك بڵێ منیش رازیم".

یوریا گوتی: "جەنابی کوپەرفیلد، ئەو متمانەیەی ئەو، زادەی هەوڵو زەحمەتی بەندەیە!"

هەمان بزەی قێزەوەر نیشتە سەر لێوانی، وهەستم کرد چاودێری بچووکترین رەفتاری من دەکات.

## کاری تازە

بۆ سبەینێ چوومە دیدەنی دکتۆر سترانگ، زۆر خۆشحاڵ بوو وەکو سەرپەرشتیار کاری دەگەڵدا بکەم. مووچەیەکی زۆر باشی بۆ دانام. بۆ ئەو وەزعە تازەیەی کە بە هاتنی پوریێ، هاتبووە رێمان ئەو مووچەیە زۆر گیروگرفتی چارەسەر دەکردین. قەرارمان کرد کە لە سبەی بەیانیەوە، سەعات حەوت دەست بەکار بم.

پێم وابوو کە ژیانێکی تازە دەست پێدەکەم. حەزم لیێ بوو کارێکی دیکەش بکەمو لێبڕام هانا بۆ ترادلز بەرم. بیستبووم کە گەلێك لە گەورە پیاوانی گرینگو سەرکەوتوو لە لاویدا ماوەیەك لە رۆژنامەکاندا پەیامنێرییان کردووە.

ترادلز پێی گوتم کە من بەهرەو توانای پێویستم بۆ ئەم کارە نیە. گوتی پیاوی پەیامنێر دەبیێ بتوانیێ زۆر بەخێرایی بنووسێت و ئەم کارە بە ئەندازەی فێربوونی شەش دانە زوبانی بیانی قورسە.

پێم گوت: "برادەری ئازیز، زۆرت لیێ مەمنونم. لە سبەینێوە دەست پێدەکەم. کتێبێك دەکڕم کە سەرەتاکانی کاری رۆژنامەوانیم فێر بکات. دەبینی چۆن بە زووترین کات فێری ئەم پیشەیە دەبم."

ترادلز زۆری پیێ سەیر بوو. بەڵام نەیدەزانی کە من لە لایەکەوە زۆر پێویستم بەوە بوو تواناو هەستی بەرپرسیاریەتی خۆم بۆ پوریێ بسەلمێنم، ولەلایەکی ترەوە ئەڤیندار‌ی دورا بوومو گەرەکم بوو زەماوەندی دەگەڵ بکەم.

گوتی: "کوپەرفیلد، باوەڕم نەدەکرد کە ئەوەندە پڕ ورەو بە هیمەت بیت!"

لە پڕ نامەیەکی لە بەرکی دەرهێناو گوتی: "کارێکت کرد کە لەزگ بوو ئاغای میکابر بە تەواوەتی لە بیر بکەم".

نامەیەك بوو کە ئاغای میکابر بۆ منی نووسی بوو. دەیگوت دەخوازێ دەگەڵ خانەوادەکەیدا لە لەندەن بار بکاتو لە شارێکی بچوکتردا بژی. دەعوەتی منو ترادلزی کردبوو کە هەر ئەو شەوە بۆ شیو خواردن بچین بۆ ماڵی ئەوان.

کاتێ گەییینە ماڵی ئاغای میکابر سەیرم کرد باروبنەیان بەستووەو ئامادەی سەفەرن. دەربارەی وەزعی خانەوادەکەو سەفەرەکەیان قسەم دەگەڵ خات میکابردا کرد. گوتی: "کوپەرفیلدی ئازیز. دەزانم چوونمان بۆ شارێکی چکۆلەی بێ بایەخ خۆ فیداکردنە. بەڵام هیچ چارێك نیە. ئەمەش دەزانم هەرچەند چوونمان بۆ ئەو جۆرە شارە بۆ من جۆرە فیداکاریەکە، بەڵام بۆ ئاغای میکابر کە بەهرەو توانایەکی فراوانی هەیە فیداکارییەکی زۆر گەورترە".

پرسیم: "بۆ چ شارێك دەڕۆن؟"

ئاغای میکابر لە تونگەیەکی گەورە، خواردنەوەیەکی بۆ داکردین کە تامەکەی تێکەڵەیەك بوو لە تامی چایو قاوە! وەڵامی دامەوە: "دەمانەوێ بڕۆین بۆ کانتربری. دەگەڵ یوریا هیپ دا، کە دۆستی هەردوولامانە، رێك کەوتووم کە پێکەوە کاربکەین. قەرارە ببم بە سکرتێری ئەو."

بەسەرسامی روانیمە ئاغای میکابر، وکە سیمای حەیرماوی منی بینی کەوتە پێکەنین.

((١٠))

### زەماوەندی منو دورا

### کارەسات

هەفتەیەك زیاتر بەسەر ژیانی تازەمدا رۆیی. رۆژ بە رۆژ مکوڕتر دەبووم، کە لەم تەنگانەیەی تێی کەوتبووین، هەستی مەسئولیەتو توانای خۆم بۆ پورم بسەلمێنم، ئەوەی پێ نیشان بدەم کە کوڕی تەنگانەم.

ئەمەشم لەبیر نەکرد کە لێبڕا بووم پیشەی پەیامنێری فێر ببم. ترادلز پێشنیازی کرد کە بە مەبەستی مەشقو راهێنان، هەوڵبدەم ئەوەی ئەو لە حاڵەتی نوتق دا دەیڵێ، بە هەمان خێرایی بینووسمەوە. پێشنیازێکی پراکتیکی باش بوو. هەموو شەوێك، دوای ئەوەی لەسەر کارەکەم، لە قوتابخانەکەی دکتۆر سترانگ بۆ ماڵ دەگەڕامەوە، ماوەیەکی زۆر دەگەڵ ترادلزدا کارم دەکرد.

لە ئەنجامی ئەم هەموو کارو مەشقەدا، زۆر زوو توانام بەوەدا شکا کە گوتەکانی ترادلز بە هەمان خێرایی کە دەیگوتن بنووسمەوە. هەڵبەتە بە زەحمەتێکی یەجگار زۆر گەییمە ئەم ئەنجامە.

رۆژێك کە بۆ ئۆفیسی کاری مافەوانییەکەم رۆییشتم، بینیم ئاغای سپنلو لەبەر دەرگا وەستاوە. زۆر توڕە دیاربوو. وەکو جاران چاكو خۆشی دەگەڵ نەکردمو "بەیانی باشی"ی لەگەڵ نەکردم. بەڵکو بە نەزاکەتێکی فرەوە داوای لێکردم دەگەڵی بچمە چاخانەیەکی ئەو نزیکانە.

لە چاخانەکەدا سەیرم کرد خات مەردستون چاوەڕوانمانە، هەر کە دیتم یەکسەر زانیم کە مەسەلەکە دەربارەی پەیوەندی منو دورایە.

خات مەردستون جانتاکەی کردەوە. دەستەیەك نامەی دەرهێنا کە بە قەیتانێکی شینی جوان پێکەوە بەسترا بوون. ئەو نامانە بوون کە من بۆ دورام نووسیبوون.

هەوڵمدا بۆی روون بکەمەوە کە دورام یەجگار خۆش دەویٚ‌و دەبیٚ تا زووە زەماوەندی دەگەڵ بکەم. لیٚ ئاغای سپنلو قسەکەی بڕیم‌و گوتی: "ئێوە هەردووکتان هێشتا زۆر منداڵن. باسی زەماوەندو ئەم جۆرە تورەهاتە بخەنە لاوە. تکا دەکەم ئەو نامانەی کە کچەکەم بۆی نووسیویت بدەوە تا هەموویان بخەینە ئاگرەوەو چیتر باسیان نەکەین."

نا، نەمدەتوانی ئەو کارە بکەم. ئاغای سپنلو گوتی: "زۆر باشە، لەم حاڵەتەدا دەبیٚ خۆم مەسەلەکە لەگەڵ کیژەکەمدا چارەسەر بکەم."

پاشان پێی گوتم کە پێویست ناکات من بیر لە بەختەوەری‌و ئایندەی کیژەکەی ئەو بکەمەوە، گوتی کە بە دوراشی گوتووە کە بەڕای ئەو پەیوەندی ئێمەو نیازی زەماوەندمان، کارێکی بیٚ مانایە. بە مەزەندەی من خانەوادەی ئاغای سپنلو دەوڵەمەند بوو وەدەیویست مێردی کیژەکەشی دەوڵەمەند بیٚ‌و پایەیەکی کۆمەڵایەتی لە من باشتری هەبێت.

ئەو شەوە بەوپەڕی نا ئومێدی خەوتم. بەیانیەکەشی، کە شەممە بوو، بە نائومێدی لە خەو رابووم. بە ناڕەحەتی لە ماڵ وەدەرکەوتم‌و یەکڕاست بۆ ئۆفیس رۆییشتم. لەویٚ دیمەنێکی سەیرم بینی: هەموو سکرتێرو کاتب‌و کارمەندانی ئۆفیسەکە هاتبوون، بەڵام کەس کاری نەدەکرد.

یەکێك لە سکرتێرەکان گوتی: ئاغای کوپەرفیلد، کارەساتێکی ترسناك قەوماوە!" پاشان بۆی باسکردم کە ئاقای سپنلو شەویٚ لە گەڕانەوەدا دووچاری کارەساتێك بووەو مردووە. گوتی کە بە تەنیا بۆ ماڵ گەڕاوەتەوەو وادیارە لە گالیسکەکە کەوتووەتە خواریٚ‌و، کاتیٚ خزمەتکارەکانی دۆزیویانەتەوە، کە چەند سەعاتێك بەسەر مردنەکەیدا بوریوە.

هێندەم پیٚ سەیرو باوەڕنەکردەنی بوو کە زمانم بەسترا.

## پورەکانی دورا

دورا دوو پوری هەبوون کە لە پانتی دەژیان. پێشنیازیان بۆ کرد کە بڕوات دەگەڵ ئەواندا بژی، چونکە ئیدی تەنیا بوو وهیچ پارەو دەرامەتێکی نەبوو پێی بژی. لەوە دەچوو کە ئاغای سپنلو هیچ پارەو پولێکی بۆ کیژەکەی لە پاش بەجیٚ نەمابیٚ.

پورەکانی دورا نامەیەکیان بۆ من نووسی‌و داوایان لێکردم کە بچمە دیدەنیان. وەڵامی نامەکەم دانەوەو جارێکی دی باسی ڤیانی خۆم‌و دوراو نیازی زەماوەندم بۆ کردنەوە. پاشان، لە رۆژی دیاریکراودا (ترادلز)م دەگەڵ خۆدا بردو چووین بۆ دیدەنی پورەکانی دورا.

لە ژوورێکی پەزێرایی پاك‌و خاوێن‌و کپ‌و رێك‌و پێکدا، دوو پیرەژنی لاوازی وردیلەو چاوەڕوانمان بوون. وادیار بوو یەکێك لەم دوو خوشکە شەش حەوت ساڵێك لەویتر گەورەترە. دیار بوو کە جڵەوی کاروبارەکان لە دەستی خوشکە چکۆلەکەیە، ئەو نامەیەی کە بۆم نووسی بوون بە دەستی ئەوەوە بوو. خوشکە گەورەکە بازووەکانی نابوونە سەریەك‌و بە هێمنی دا نیشتبوو. خۆشکە چکۆلەکە سەری قسەی دامەزراند. گوتی: "کاکە کوپەرفیلد: من‌و (کلاریسا)ی خوشکم، باوەڕمان وایە کە تۆ گەنجێکی باش‌و ئابڕومەندیت."

خات کلاریسا، لە دوای قسەکانی خوشکەکەی گوتی: "تۆ داوات لە منو (لاوینیا)ی خوشکم کردووە کە بێیتە دیدەنی دورا. منو خوشکەکەم نامەکەمان بە وردی خوێندیتەوە. دڵنیاین کە پێت وایە دورات زۆر خۆش دەوێ"

وەڵامم دانەوە کە لە دنیادا هیچ کەسێك، ئەوەندەی من دورام خۆش ویستووە، کەسی خۆش نەویستووە. هەر بەینی خۆمان بێ لە هەر شوێنێکدا دەرفەت هاتبا پێشێ، ئەو قسەیەم بە هەموو کەسێك دەگوت!.

خات لاوینیا، دووبارە نامەکەی بە عەینەك خوێندمەوە. هەردوو خوشك چاویان خڕو بچووك بوو، لە چاوی باڵندە دەچوون. هەڵسو کەوتو رەفتاریشیان گورجو خێراو ناسك بوو و بە شێوەیەکی گشتی لە باڵندە دەچوون. خات لاوینیا گوتی: "کاکە کوپەرفیلد، بە بۆچوونی ئێمە باشترین کار ئەمەیە کە بزانین ئایا بە ڕاستی دورات خۆش دەوێ یان نا. جا لەبەر ئەمە رێگەت دەدەین کە بێیتە دیدەنی ئەو."

لە کاتێکدا کە لە خۆشیا گریان ئەوکی گرتبووم گوتم: "زۆر مەمنوونی ئێوەم خانمانی ئازیز. هەرگیز ئەم لوتفو چاکەیەی ئێوە لەبیر ناکەم".

خات لاوینیا بە خوشکەکەی گوت: "کلاریسا، خۆت باقی کارەکان رێك بخە."

خات کلاریسا بۆ یەکەمجار بازووەکانی لێك ترازاند، دەعوەتی کردم کە هەموو یەك شەممەیەك، سەعات سێ بۆ ماڵی ئەوان بڕۆمو بۆ شیو میوانی ئەوان بم، ولە هەر هەفتەیەکدا دوو رۆژی دی، لە سەعات شەشو نیودا لە ماڵی ئەواندا عەسرە خواردنیان لەگەڵ بخۆم.

بەم دەعوەتەیان لە رادەبەدەر خۆشحاڵ بووم، بەرێزێکی فرەوە سوپاسی هەردوو پیرەژنم کرد. ئەوسا خات لاوینیا هەستاو داوای لێکردم لەگەڵی بڕۆم، بەلەرزە لەرز هەستامو کەوتمە دووی، بۆ ژوورێکی بردم کە دورا لەوێندەر چاوەڕوانم بوو.

### زەماوەند

ئێستا تەمەنم بیستو یەك ساڵ بوو، ئیدی منداڵ نەبووم، بوو بووم بە پیاوی تەواو. فێری پیشەی رۆژنامەوانی بوو بوومو پارەو پولێکی باشم لێی دەست دەکەوت. دەگەڵ یازدە نەفەری دیدا لە رۆژنامەیەکدا کارم دەکرد. دۆستی ئازیزم (ترادلز)ش لەم رۆژنامەیەدا کاری دەکردو کارێکی وەکو کارەکەی منی ئەنجام دەدا. دەستم بە نووسینی کورتە چیرۆکان کرد بوو وچەند چیرۆکێکم بۆ گۆڤاران نارد بوو. بەرە بەرە وەکو نووسەرێك دەناسرامو نووسینەکانم دەهاتنە کڕین. بە شێوەیەکی گشتی وەزعو حاڵم زۆر باش بوو.

بەو زووانە دورام دەگواستەوە. پورەکانی قاییل بوو بوونو بە گەرمی کەوتبوونە کڕینی تەدارەكوجیازی زەماوەند. پگوتی هاتبوو بۆ لەندەن تا یارمەتیان بدات. وا دیار بوو کاری سەرەکی ئەو ئەمە بێ کە هەموو شتەکان خاوێن بکاتەوەو بیانخاتە بریقە.

### ئاواتەکانم دەهاتنە دی

ترادلز دەیگوت: "باوەڕ بکە، ئەوەندە خۆشحاڵم کە دەڵێی خۆم زەماوەند دەکەم."

"ئاگنس)ش لە (کانتربری)یەوە هات. جارێکی دیکەش توانیم ئەم دۆستە ئازیزەم بدینم. لەگەڵ هەموو ئەمەشا هێشتا باوەڕم نەدەکرد. تەنیا دوو رۆژم بۆ زەماوەندەکە مابوو. شەوێکی زۆر خۆشمان، بە شۆخی و پێکەنین رابوارد،بەڵام هێشتا باوەڕم نەدەهات.

بۆ سبەینێ، هەموو چووین بۆ سەیری ئەو خانووەی کە قەرار بوو لە دوای زەماوەندەکەمان لەوێ بژین. ماڵی ئێمە، ماڵی من و دورا. بەڵام هێشتا هەر باوەڕم نەدەهات کە من خاوەنی ئەو ماڵە بم. ماڵۆ خانویەکی چکۆلەی جوان بوو،کە هەموو شتێکی ناوی لە تازەیی‌و خاوێنی دا دەبریقایەوە. پەردەکان یەکپارچە وێنەی‌گوڵ‌و گەڵا بوو، هێندە تەڕو تازەو بە رەونەق بوون لە تۆ وایە گوڵ‌و گەڵای راستەقینەی تازە رووان. هەموو شمەك‌و جیازیەکانی دورا لە شوێنی خۆیان ریزکرا بوون.

لە کاتێکا کە لە کەیف‌وخۆشیان لە پێستی خۆم نە دەهێوریم‌و هەموو هۆش‌و گۆشم لای بەرنامەی زەماوەندەکەم بوو، چوومەوە بۆ ئەو ماڵەی کە هێشتا لەوێ دەژیام. بەیانی زوو لە خەو رابووم تا بچم بە دووی پورمدا.

تا ئەو کاتە، ئەوم بەو حاڵەوە نەبینی بوو. کراسێکی ئاوریشمی شینی ئاچوخی لەبەر کردبوو، کڵاوێکی سپی لەسەر کردبوو.(پگوتی)ش خۆی بۆ هاتنە کڵێسا ئامادە کردبوو.

لە گالیسکەیەکی سەر بە تاڵدا دانیشتبووین. لە خۆشیا خەریك بوو باڵم دەگرت، دڵم بە حاڵی هەر هەموو ئەو کەسانە دەسووتا کە لەو رۆژەدا کاریان دەکردو لە مشوری ژیانی رۆژانەیاندا بوون.

گەییشتینە بەر دەرگای کڵێسا. هەموو شتێکم وەکو خەون‌و خەیاڵ دەهاتە بەرچاو.

کە دوراو ئەوانی دی هاتنە کڵێساکەوەو کەشیش هات‌و رێوڕەسمی مارەبرینی دەست پێکرد، دەتگوت خەو دەبینم.

لە بیرمە یەکەم کەس کە گریا خات لاوینیا بوو. لە بیرمە من‌و دورا لە پاڵ یەکا ئەژنۆمان داداو رێوڕەسمی مارەبڕین بەردەوام بوو، لە کۆتایی رێوڕەسمەکەدا هەموو تەمەشای یەکترمان کردو بزەمان کەوتە سەر لێوان‌و روندك زایە چاوانمان.

لە بیرمە کە لە کڵێسا وەدەرکەوتین، هاوسەرە ئازیزەکەم بازووی گرتبووم‌و منیش هەستم بەوپەڕی بەختەوەری‌و سەربەرزی دەکرد. هێندە خۆشحاڵۆ بە کەیف‌و بە دەماخ بووم کە خەڵکەکەی دەوروبەرم نەدەبینی. بەڵام گوێم لێ بوو کە لە بن لێوانەوە ستایشی جوانی بووکێیان دەکرد.

لە ئاهەنگی شاییەکەدا زۆر شتی خۆشمان خواردو خواردەوە. ئەوسا دورا ئامادە بوو کە بڕۆین، هەمدیس وەکو عادەتی هەمیشەیی، بۆ چەندەمین جار بیری کەوتەوە کە شتێکی لەبیر چووە. لە بیرمە کە هەمووان لە ماڵەکەدا بەملاو بەولادا رایان دەکرد تا ئەو شتەی کە بیری چووە بدۆزنەوە.

سەرەنجم بای بای لە هەمووان کردو کەوتینە ڕێ. بە گالیسکە. لە ئاپۆڕاکە دوور کەوتینەوەو من لە خەونە خۆشەکەم بێدار بوومەوە،و ئیدی سەیرم کرد هەر هەموو ئەو شتانەی کە وامدەزانی لە خەوا دەمبینی، حەقیقەت وراستیە.هاوسەرە ئازیزەکەم، لە پاڵمدا دانیشتبوو!

**نەخۆشی دورا**

نە منو نە دورا هیچ شارەزاییەکمان لە ماڵداریو ماڵ بەڕێوەبردندا نەبوو، نەماندەزانی ماڵ چۆن بەڕێوە دەبرێت. باوەڕ ناکەم هیچ ژنو مێردێك هێندەی ئێمە لە کاروباری ماڵدا نابەڵەد بووبێ! هەڵبەتە کارەکەرێکمان هەبوو کە کاروباری ماڵی بۆ ڕێك دەخستین.
بەڵام ئەم کارەکەرە هەردووکمانی زۆر نیگەرانو ناڕەحەت دەکرد. یەکەمین دەمبۆڵەی ژیانی هاوسەریشمان لەسەر ئەوە بوو. هەڵبەتە زۆر زوو ئاشت بووینەوەو سۆزمان بە یەکدی دا کە ئەو دەمبۆڵەیە یەکەمینو دوایەمین شەڕمان بێ. بەڵێنمان بەیەکدی دا کە ئیدی هەرگیز یەکتر زویر نەکەین.
دوایی،دورا گوتی کە بە نیازە بە خۆی کاروبارەکان لە ئەستۆ بگرێو ماڵەکە بەڕێوەبەرێ. بۆیە هەستا کتێبێکی ئاشپەزی کڕی. زۆری هەوڵدەدا کە خۆی گوتەنی کەیبانۆیەکی باش بێ. هەروەها دەفتەرێکی زۆر گەورەی کڕی تا حیسابی خەرجی ڕۆژانەی ماڵەکەی تیا بنووسێت. بەڵام دوای ئەوەی کە دوو سێ ژمارەی دەنووسی ماندوو دەبوو، بە نائومێدی سەری هەڵدەبڕیو دەیگوت: "نا، حیسابەکان دروست دەرناچن. سەرم دێشێنێتو بە دڵی من دەرناچێت."
پێم گوت: "با یارمەتیت بدەم. بە دوو قۆڵی دەینووسین. تەمەشا بکەو فێر بە."
دورا بە وردی تەمەشای دەکرد، بەڵام دوای پێنج دەقیقە ماندوو دەبوو و ئیدی مێشکی کاری نەدەکرد، لە قژی من دەوڕکا یان یەخەی کراسەکەی خوارو ڕاست دەکردەوە.
بەمجۆرە ناچار بووم بە تەنیا بەگیروگرفتەکانی ژیانماندا ڕابگەمو دورا نەیدەتوانی هیچ یارمەتیەکم بدات.
دورا، زۆربەی کات دەم بە پێکەنینو رووگەشو روح سووكو خۆشڕەفتار بوو، وئەمەم لە گیان خۆش بوو، بەڵام زۆر بە هێز نەبوو. ڕاستە جوانو جوانکیلەو روو بە پێکەنین بوو بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر دەبوو، پێیە بچووکەکانی کە هەڵدەپەڕیو دەرەقسی بەرە بەرە لە جوڵە دەکەوت.
کار گەییە ڕادەیەك کە ناچار بووم هەموو بەیانیەك خۆم لە پلیکانەکانەوە بیبەمە خوارێو هەموو شەوێك بۆ ڤاتی سەرەوەی سەربخەم. هەندێجار کە هەڵم دەگرت دەمبینی کە لە جاران سووکتر بووە. بەرە بەرە زانیم کە هاوسەرە ئازیزەکەم زۆر نەخۆشە. هەنگێ هەستم کرد ژیانم بە فیڕۆ چوە.

((١١))

**گەڕانەوەی ئیمیلی، ناپاکیەکانی یوریا**

**هەڕەشەی خانم دارتل**

دورا چەند مانگێك بوو نەخۆش بوو. ڕۆژێ لە نێو باخچەی ماڵەکەدا پیاسەم دەکرد، پەستو غەمگین بووم، لە کاتێکا بیرم لە زۆر شتی جیاواز دەکردەوە، بە ڕێکەوت تەمەشایەکی شەقامەکەم کرد، سەیرم کرد پیاوێك ڕووخۆش‌و دەم بەپێکەنین بەرەو لای من دەهات. ئاغای پگوتی بوو، پیر بوو بوو، پێدەچوو نەخۆش بێت، بەڵام یەجگار شادو بەکەیف بوو.

هەر کە منی بینی، بە چاوانی گەش‌و پڕ لە شادیەوە گوتی: "سڵاو ئاغا، کیژەکەم زندووە! دێیت پێکەوە بچینە دیدەنی؟"

بەڕاکردن لە باخچەکە وەدەرکەوتم‌و خۆم گەیاندێ. بێ ئەوەی تاقە قسەیەك دەگەڵ یەکدی بکەین بەلەز بەرەو یەکێك لە کۆڵانە تاریکەکانی لەندەن کە ئەو پێی دەزانی ڕۆییشتین.کۆڵانێك بوو کە لە کۆنا خانوو بەرەی جوان‌و ڕازاوەی تیا بوو، بەڵام خانووەکانی بەرەو وێرانی چوو بوون‌و ژوورەکانیان بە تاك تاك بە کرێ دەدا. ئاغای پگوتی خۆی بە یەکێك لە خانووەکاندا کردو ئاماژەی کردە من کە بە دوای ئەوا لە قاڵدرمە نیمچە وێرانەکانەوە سەر بکەوم.

کاتێ گەییشتینە ژوورەکەی ئیمیلی، لە نێو ژوورەکەوە دەنگی ژنێك دەهات کە زۆر تووڕە بوو،و هاواری دەکرد. دەنگی ئیمیلی نەبوو، دەنگی ژنێکی تر بوو کە ناسیمەوەو زۆریشم پێ سەیر بوو. ئەو ژنەی کە لە تووڕەییدا هاواری دەکرد خات ڕۆزادارتل بوو. من‌و ئاغای پگوتی لە پشت دەرگاکەی ئیمیلییەوە، کە نیمچە واز بوو، ڕاوەستاین‌و گوێمان هەڵخست.

خات دارتل دەیگوت: "گرینگ نیە ئەو لە ماڵە یان نا. هاتووم تۆ ببینم."

دەنگێکی نەرم وەڵامی دایەوە: "من بدینی؟ بۆچی؟ ئەم دەنگەم ناسییەوەو یەجگار خۆشحاڵ بووم. ئیمیلی بوو.

خات دارتل گوتی: "بەڵێ، هاتووم تۆ بدینم. دەخوازم بزانم ئەو گێژە بێ ئەدەب‌و یاخیەی کە دەگەڵ جیمس ستیرفورتدا هەڵاتووە چۆن بەشەرێکە. ئایا بیرت لەوە نەکردووەتەوە کە بەم کارەت ماڵ‌و ماڵباتێك وێران دەکەی؟"

ئیمیلی بەگریانەوە گوتی: "با، شەوو ڕۆژ بیر لە ماڵ‌و ماڵباتی خۆم دەکەمەوە کە وێرانم کردن!"

ڕۆزا دارتل قیژاندی: "ماڵباتی خۆت؟ چما لات وایە ماڵباتی تۆ لای من زەڕەیەك بایەخی هەیە؟ هیچ‌و پووچ! من باسی ماڵباتی جیمس دەکەم، کە خۆیشم ئەندامێکی ئەو ماڵباتەم. ماڵباتێك کە تۆ تەنانەت حەددی ئەوەت نیە کارەکەریشیان بیت! تۆ زۆر بێ قیمەتی!"

ئیمیلی بەدەم گریانەوە گوتی: "نا. من بەرگری لەو کارەناکەم کە کردم. بەڵام سوور دەزانم کە جیمس هەرچییەکی لە تواناداد بوو کردی تا هەڵم بخەڵەتێنێ،و بەخۆیشی ئەمە دەزانێت. منیش پێی هەڵخەڵەتام، باوەڕم پێکردو ئاشقی بووم."

خات دارتل هاواری کرد: "ئاشقی بوویت؟ لە ڕووت دێ شتی وا لە بەردەم مندا بڵێی؟ کچەتیوەی بێچاوو ڕوو! ئەگەر بە دەستی من بوایە پارچە پارچەم دەکردی!"

بەرە بەرە دەستی بە پێکەنین کرد. بەڵام پێکەنینەکەی لە تووڕە بوونە ترسناکەشی خراپترو شوومتر بوو.

گوتی: "خولیام پێ کەوتبوو، دەمویست بزانم تۆ چ جۆرە جانەوەرێکی. ئێستا ئیتر دڵم ئیسراحەتی کرد. بەڵام دەبێ شتێکی دیکەش بە تۆ بڵێم. باش گوێ بگرە، چونکە من قسەو کردارم یەکێکە، بۆیە پێت دەڵێم: "لێرە بڕۆو لە شوێنێکدا خۆت ون بکە، شوێنێ کە نەدۆزرێیتەوە. بڕۆ لە شوێنێکی لاچەپدا بژی، یان ئەگەر حەزدەکەی خۆت بکوژە بەڵام لێرە مەمێنە. چونکە ئەگەر بمێنی من لێت دەکەم بە قاو کە چ کارێکت کردووە."

رۆزا دارتل دەرگاکەی کردەوەو بەلەز بەلای ئێمەدا ڕەت بوو. لەوە ناچوو ئێمەی دیتبێ.

ئاغای پگوتی هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشاو بەلەز وەژوورکەوت.

ئیمیلی بەسەرسامی گوتی: "هاپۆ گیان!"وئەوجا قیژاندی. سەیرم کرد ئاغای پگوتی باوەشی بە ئیمیلی دا کردووە. بەستەزمانە لە هۆش خۆی چوو بوو.

ئاغای پگوتی روو لە من گوتی: "شوکر بۆ خوا کە ئاواتەکەم هاتە دی. دەبێ مەمنوونی خودا بم کە بە کیژەکەمی شادو شوکر کردەوە.

دوای ئەو قسانە، ئیمیلی، کە بە تەواوەتی لە خۆ چوو بوو، لە باوەش کردو بە پلەکاندا بردیە خوارێ.

## بەسەرهاتی ئیمیلی

بۆ سبەینێ، ئاغای پگوتی بەیانی زوو هاتە دیدەنیمو بەسەر هاتەکەی بۆ گێڕامەوە.

گوتی: "دوای ئەوەی پێکەوە هەڵاتوون، جیمس ستیرفورت، ئیمیلی دەگەڵ خۆدا بۆ ئیتاڵیا بردووەو لە خانوویەکی کەناری دەریادا ئاکنجی بوون. ئیمیلی زوبانی ئەوێندەر بەڵەد نەبووەو هیچ دۆستو ئاشنایەکی نەبووە، نەیزانیوە چۆن بۆ وڵاتی خۆی بگەڕێتەوە. ئیدی لەوێندەر دیلو ئەسیری ستیرفورت بووە، رۆژێ لێبڕاوە هەڵێتو ڕێی کەوتووەتە فەرەنسا. لە فەرەنسادا ماوەیەك کارەکەری کردووەو ئەنجام توانیویەتی خۆی بگەیەنێتە ئینگلیستانو لە شاری داڤیر لە کەشتی دابەزیوە."

ئاغای پگوتی کە بە ئاستەم دەنگی دەردەچوو، لەسەر قسەکەی رۆیی:

"گەیی بووە لەندەن. بە عەمراتی ئەم شارەی نەبینی بوو. لەم شارە گەورەیەدا بە تەنیا بووەو هیچ پارەو پولێکیشی پێ نەبووە. کیژێکی جوانکەلەو خشیكو شەنگوڵ لە شارێکی وا گەورەدا. بەڵام خۆشبەختانە هەرکە لە ڕێوە گەیی بوو کەسێك فریای کەوتبوو. خانمێکی چاکەکار کە گوتبووی دەتوانێ کارێك بۆ ئیمیلی پەیدا بکاتو شوێنێکی حەوانەوەی شەویشی بۆ دابین بکات. دواییش بە ئیمیلی گوتبوو کە دەگەڕێت تا من بدۆزێتەوە."

من لە هەڵچوونو خۆشحاڵیدا هاوارم کرد.

ئاغای پگوتی گوتی: "ئەو خانمە دوای ئەوەی کە ئیمیلی بۆ ماڵی خۆی برد بووو شوێنی خەوتنی دابوویە، کەوتبووە گەڕان تا من بدۆزێتەوە." ئیدی بێدەنگ بوو. پاشماوەی بەسەرهاتەکەم دەزانی.

هەردووکمان بێدەنگ بووین، بیرمان لەو سەربورە دەکردەوە کە گێڕابوویەوە. پرسیم: "دۆستی ئازیز، ئێستا قەرارت داوە کێوە بڕۆی؟"

بزەیەکی پڕ هیوای کردو گوتی: "بەڵێ، کاکە دەیڤید. بە (ئیمیلی)م گوتووە کە وڵاتانێکی گەورە هەن کە یەجگار لێرەوە دوورن. ئێمە دەبێ لەم وڵاتە باربکەین. دەچین بۆ ئوستراڵیاو ژیانێکی تازە دەست پێدەکەین. تا سەفەر دەکەین ئیمیلی لە لای من دەبێ، بەستەزمانە پێویستی بە ئیسراحەتو ئاسوودەیی هەیە، شتێکی تریش هەیە دەبێ بە تۆی بڵێم. نامەیەکم بۆ هام نووسیوەو شتەکەم پێی ڕاگەیاندووە. بۆم نووسیووە کە سبەینێ بۆ یارموت دەڕۆم تا خواحافیزی لە هەمووان بکەم."
پرسیم: "حەز دەکەی منیش لە گەڵتا بێم؟"
گوتی: "ئەگەر بێی زۆر خۆشحاڵ دەبم. بە دیتنی تۆ هەمووان، هەر نەبێ بۆ چەند سەعاتێك خەم پەژارەیان فەرامۆش دەکەن."
بۆ سبەینێ بەرەو یارموت کەوتینە ڕێ. یەکڕاست بۆ لای کۆنە کەشتیەکە ڕۆییشتین. لەوێ، لە ماڵە پاكو خاوێنەکەیاندا هەموو چاوەڕوانمان بوون. ئاغای پگوتی لە سیر تا پیازی سەربورەکەی بۆ گێڕانەوە. پگوتی و خات گامیج هەردووکیان کەوتنە گریان. هام گوتی: "دەچمە دەرێ تا کەمێ پیاسە بکەم." حەزی دەکرد بە تەنیا بێت.
پگوتی منی بۆ ژوورێکی چکۆلە برد کە بۆ من دانرابوو. گوتی کە بەڕای ئەو هام ئیدی هەرگیز رووی خۆشی بە خۆیەوە نابینێ. گوتی کە هام هەندێ جار، شەوان باسی ژیانی ڕابردوویان دەکات. بەڵام کە باسی ئیمیلی دەکات تەنیا باسی منداڵیەتی ئەو دەکاتو وەکو ژنێکی گەنج باسی ناکات.
دەگەڵ هام دا قسەم کرد. زۆر خەمگین بوو. گوتی: "حەز دەکەم بە زمانی منەوە شتێك بە ئیمیلی بڵێیت یان شتێکی بۆ بنووسیت. پەشیمانم لەوەی کە قەناعەتم پێکرد شوو بە من بکاتو حەز دەکەم لێم ببورێ. پێم وایە ئەگەر داوام لێنەکردبا شووم پێ بکات، ئاسانتر دەردە دڵی دەگەڵ مندا دەکردو ئەو شتەی کەمایەی نیگەرانی ئەو بوو، بۆی دەگێڕامەوە. لەو حاڵەتەدا دەمتوانی رزگاری بکەم. دەزانی هێشتاش زۆرم خۆشدەوێ."
قەولم دایە کە ئەم شتانە بە ئیمیلی بڵێم.

## کەڵەکبازی یوریا هیپ

دوای کەمێك بۆ لەندەن گەڕامەوە، نامەیەکی ئاغای میکابرم پێ گەیی. نووسیبوی لە کانتربرییەو داوای لێکردبووم بچمە دیدەنی. نامەکەی خستمیە سەر خولیاو کەڵکەڵە، چونکە نووسیبوی حەز دەکات ترادلزو پورشم دەگەڵ خۆ بەرم.
سبەی بەیانی بەسێ قۆڵی بۆ کانتربری رۆییشتن. لە خانوویەکی کۆنا کە سەردەمانێ هی ئاغای ویکفیلد بوو، ئاغای میکابر هاتە پێشوازیمانو بردینییە دیدەنی یوریا هیپ. دەرگای ژوورێکی کردەوە کە سەردەمانێ ئۆفیسی ئاغای ویکفیلد بوو،و بە دەنگی بەرز گوتی: "خانم تراتڤود، ئاغای دەیڤید کوپەرفیلد، ئاغای تومس ترادلز!"
بە تەواوەتی دیار بوو کە یوریا هیپ لە هاتنی ئێمە بێ ئاگایەو غافڵگیر بووە.

لە هەمان دەمدا (ئاگنس)ش هات. هەستم کرد زۆر نیگەران و بێتاقەت بووە، بەڵام هێشتا هەمان سیمای جوان و ڕواڵەتی ئارام و پڕ خۆشی و سەفای هەبوو. ئەوجا ترادلز هات، بێ ئەوەی کەس پێ بحەسێت ڕۆییشتبوو دایکی یوریای دەگەڵ خۆیدا هێنابوو.
ترادلز بە یوریای گوت کە داوا لەو کراوە وەکو وەکیل و پارێزەری ئاغای ویکفیلد کار بکات و ئاغای میکابر یارمەتی داوە.
ئاغای میکابر نامەیەکی لە بەرکی خۆی دەرهێنا کە پێدەچوو زۆر گرینگ بێت. نامەکەی کردەوە، تەمەشایەکی یەك بەیەکی ئێمەی کردو بە ئەسپایی دەستی بە خوێندەنەوەی کرد:
"ئەوەی لێرەدا ڕایدەگەیەنم ئەنجامی کۆمەڵێك پرسوجۆی وردە کە پتر لە دوانزدە هەیڤی خایاندووە. ئەم لێکوڵینەوەو پرسوجۆیانە دەیسەلمێنن کە یوریا هیپ ئەم تاوانانەی خوارەوەی کردووە."
هەموو حەپەساین. دڵنیام کە (یوریا هیپ)ش زاتی هەناسەدانی نەبوو.
ئاغای میکابر درێژەی بە خوێندنەوەی نامەکەدا:
"یەکەم ئەمەی کە یوریا هیپ ئاغای ویکفیلدی ناچارکرد هەندێ بەڵگەنامەو سەنەدی زۆر گرینگ بە زەرەری خۆی ئیمزا بکات لە حاڵێکا وای دەنواند کە بەڵگەنامەی گرینگ نین. پاشان ئاغای ویکفیلدی ناچار کرد کە سەڵاحیەتی بداتێ بڕێك لە پارەی کۆمپانیاکە هەڵگرێ. یوریا، دەیگوت ئەم پارەیە بۆ دانی بودجەی کۆمپانیاکەیە، لە کاتێکا هیچ بودجەیەکی لەو جۆرە لە ئارادا نەبوو. جگە لەمەش کارێکی کرد کە مەسئولیەتی ئەم گەندەڵی داراییە بکەوێتە گەردنی ئاغای ویکفیلدو وا بکەوێتە بەرچاو کە بڕیاری ئەم کارە لەلایەن ئەوەوە بووە. یوریا هیپ لە مێژە ئەم شێوەی کارکردنەی گرتبووە بەر تا ئاغای ویکفیلد بترسێنێ و بیخاتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی خۆیەوە."
"تاوانی دووەم ئەمەیە کە یوریا هیپ بە ئانقەست هەندێ سەندو قەواڵەی کاری بە نێوی ئاغای ویکفیلدەوە ئیمزا کردووە. دڵنیام کە یوریا هیپ چەندین جار ئەم گەندەڵیەی کردووەو ئیمزای ئاغای ویکفیلدی تەزویر کردووەو بەلای کەمەوە دەتوانم لە بوارێکدا ئەم تەزویرکاریە بسەلمێنم، چونکە بەڵگەنامەو قەواڵەکەم لەبەر دەستدایە."
"سێیەم ئەمەیە کە یوریا هیپ بەنیاز بوو ئاغای ویکفیلد ناچار بکات کە دەست لە بەشەکەی خۆی لە کۆمپانیاکە هەڵگرێ، و هەموو پارەو ماڵ و خانووەکەی و ناو ماڵەکەی بدات بەو."
چەند دەقیقەیەك بوو کە خانم هیپ کەوتبووە گریان و پەیتا پەیتا بە کوڕەکەی دەگوت کە تەسلیم بێت، و ئەویش بە نیگایەکی توڕە بە دایکی گوت: "گەرەکتە چ بکەم؟"
ترادلز گوتی: "سەبر بکە، من پێت دەڵێم چ بکەی. یەکەم دەبێ هەموو قەواڵەو سەنەدە قەڵبەکان بە من بدەی. پاشان دەبێ هەر هەموو ئەو پارانەی کە لە ئاغای ویکفیلدت سەندووە بگێڕیتەوە. دەبێ هەموو دەفتەرو تۆمارو قەواڵەو بەڵگەنامەو پارەکان لێرە دابنەین و تۆ دەبێ لە ژوورەکەی خۆت وەمێنی و قسە لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەکەیت و نامە بۆ هیچ کەسێك نەنێریت."
یوریا گوتی: "مەحاڵە ئەم کارانەی کە لە منت دەوێن بیکەم."

ترادلز گوتی: "لەم حاڵەتەدا، باشترین شوێن بۆ تۆ زیندانە. دەیڤید، بێ زەحمەت دەتوانی بچی دوو ماموری پۆلیس بێنی؟"
بەرەو دەرگاکە چووم.. خانم هیپ دووبارە کەوتەوە گریان. لەبەردەم ئاگنسدا کەوتە سەر چۆکان‌و تکای لێکرد کە فریای کوڕەکەی بکەوێ. هێندە نیگەرانی کوڕەکەی بوو، لەوە دەچوو ئەقڵی تێك چووبێ. یوریا هاواری بەسەر دایکیا کرد: "بەسە دایکە! ئەوەندە مەپاڕێوە. ئەو قەوالانەیان بدەیە کە دەیانەوێ. بڕۆ بیان هێنە."
خانم هیپ کەسێکی سەرسەخت نەبوو. نەك هەر چووو بە هەموو قەواڵەکانەوە گەڕایەوە، بەڵکو قوتویەکی پڕ لە پارەشی لەگەڵ خۆیدا هێنا.
ترادلز گوتی: "زۆرباشە، ئاغای هیپ، ئێستا دەتوانی بچیتە ژوورەکەی خۆتان."
یوریا بێ ئەوەی سەر بەرز بکاتەوە، ژوورەکەی تەی کردو وەدەرکەوت. لەناو دەرگاکەدا بۆ دەمێك وەستاو گوتی: "کۆپەرفیلد، هەمیشە رقم لە تۆ بووە، هەمیشە دژی من بووی. میکابر تۆ کەسێکی دڵڕەقی، بزانە چۆن تۆڵەی ئەم ئیشەت لێدەکەمەوە." پاشان ترادلز گوتی کە هەموو سەروەت‌و سامانەکەی پورمی لە یوریا هیپ وەرگرتووەتەوە. پورێ زۆر خۆشحاڵ بوو،و هەر زوو بە زوو وەفاداری‌و منەتباری خۆی لەمەڕ ئەو خزمەت‌و چاکەکەیەی دەرهەقی کرابوو، نیشان داو چاکەی هەمووانی دایەوە.

## هەقی چاکەی ئاغای میکابر

دەبوایە ئاگنس بۆ لای بابی بگەڕێتەوە،ودەبووا یەکێکیش ئاگای لە یوریا بێ تا هەڵنەیەت. ترادلز ئەو کارەی لە ئەستۆ گرت‌و من‌و پورێ دەگەڵ ئاغای میکابردا چووین بۆ ماڵی ئەو.
ماڵەکەی زۆر دور نەبوو. کە گەییشتینە ئەوێندەر، ئاغای میکابر بەلەز وەژوورکەوت، یەك بەیەکی ئەندامانی خێزانەکەی بە خۆشحاڵیەوە ڕاموسی. ئەوسا پورێی پێناساندن.
پورێ پرسی: "هەموو ئەم خێزانە هی تۆیە؟ ئەمانە هەموو منداڵی تۆن؟"
ئاغای میکابر گوتی: "بەڵێ خانم، هەموویان منداڵی خۆمن‌و سەرپەرشتی‌و پێڕاگەیشتنیان بەڕاستی زەحمەتە."
پورێ پرسی: "قەت بیرت لەوە کردووەتەوە بۆ هەندەران بڕۆیت؟"
ئاغای میکابر گوتی: "بە گەنجی هەموو ئاواتێکم ئەمە بوو کە بۆ هەندەران بڕۆم. ئێستاش کە چوومەتە ساڵەوە هێشتا ئەو مەیلەم هەر دانەناوە."
پورێ گوتی: "تۆ خزمەتێکی گەورەت بە من کردووە. منیش لە تۆڵەی ئەو خزمەت‌وچاکەیەی تۆ، دەتوانم مەسرەفی چوونە هەندەرانتان بۆ دابین بکەم."
ئاغای میکابر، کە هەم خۆشحاڵ‌و هەم سەرسام بوو بوو، بە نە باوەڕیەوە گوتی: "من ناتوانم ئەو مەسرەفە زۆرو پارەیە وەکو دیاری لە تۆ قەبوڵ بکەم. بەڵام ئەگەر بە قەرز بمدەیتێ‌و پاشان بەسووکە قازانجێکەوە لێمی وەربگرێتەوە، ئامادەم قبوڵی بکەم."

پوریێ گوتی: "قەیدی نیە. ئەو پارەیەت وێدەدەم. دەیڤید خەڵکانێك دەناسێت کە بەو زووانە بۆ ئوسترالْیا دەڕۆن. چۆنە دەگەڵ ئەواندا سەفەر بکەی؟"

خانم میکابر گوتی: "خانمی ئازیز، شتێك هەیە حەزدەکەم روونی بکەیەوە: ئایا ئوسترالْیا بۆ کەسێکی بەهرەدارو بە توانای وەکو ئاغای میکابر شوێنێکی لە بارە؟ ئایا دەتوانێ لەوێ، وەزعو حالْی خۆی باشتر بکات؟"

پوریێ گوتی: "بۆ کەسێك کە رەفتارو ئاکاری دروست بێ ئەهلی کاروکۆشش بێت، ئوسترالْیا باشترین شوێنە."

خانم میکابر گوتی: "رەفتاری دروستوکارو کۆشش. بەم حیسابە ئوسترالْیا بۆ ئاغای میکابر لەهەر جێیەکی دی لە بارترە."

((١٢))

## چەند کارەساتێك، کۆتاییەکی خۆش

### دوراو ئاگنس

دووباره بۆ ماڵەکەی خۆم، بۆ لای دورا گەڕامەوە. لە یادم نیە کە نەخۆشی هاوسەرە ئازیزەکەم چەند هەفتە یان چەند مانگ درێژەی کێشا، بەڵام هێندەم لە دڵ گرانو خەمناك بوو، کە وامدەزانی چەندین ساڵە. شەو بوو، بەلای تەختە خەوەکەیەوە دانیشتبووم. بێدەنگ بووینو کەسمان هیچمان نەدەگوت. دورا بزەیەکی بەسەر لێوەوە بوو. مودەتیك بوو سەرو خوارم پێنەدەکرد، بە پەلیکانەکاندا سەرم نەدەخستو دام نەدەگرت، چونکە هەموو ماوەکە لە جێدا کەوتبوو.

لەپڕ گوتی: "دەیڤید!"

"گیانەکەم!"

"کە دەچیتە قاتی خوارەوە، زۆر هەست بە تەنیایی دەکەی؟"

گوتم: "بەڵێ ئازیزەکەم، کە کورسیە چۆڵەکەی تۆ دەبینم، بەراستی هەست بە تەنیایی دەکەم."

گوتی: "یانی بەڕاستی جێگەی من دیارە؟ بەڕاستی دڵت بۆ منی گەوجی هیچو پوچ تەنگ دەبێت؟"

گوتم: "بۆ ئەم قسانە دەکەی؟ دەزانی کە من کەسم لە تۆ خۆشتر ناوێت."

گوتی: "ئاخ، مێردی ئازیزم، هەم زۆر خۆشحاڵم هەم زۆرم دڵ بۆ دەسوتێیت. تکات لێدەکەم بە ئاگنس بڵێ کە زۆرم خۆش دەوێو حەزدەکەم بیدینم. ئەمە دوا ئاواتو خۆزیامە.

### مردنی دورا

دوای چەند رۆژێك ئاگنس لە کانتربرییەوە هات. شەو ورۆژێك لای ئێمە مایەوە، من بە تەنیا لە قاتی سەرەوە دەگەڵ دورا بووم.

دورا گوتی: " دەیڤید، حەزدەکەم شتێکی گرینگت پێ بڵێم. شتێکە لەم دواییانەدا زۆرجار ویستوومە پێتی بڵێم. زویر نابی گەر پێتی بڵێم."

گوتم: "نا، بیلّێ گیانەکەم."
گوتی: "لەوەیە خۆتیش زۆرجار بیرت لەم شتە کردبێتەوە. دەیڤیدی ئازیزم، رەنگە من بۆ شووکردن بە تۆ زۆر بچووك بووبم، کیژۆڵەیەکی بچووکی بیّ ئەقلّ بووم! بە ئەقلّی خۆم هێشتا نە گەیی بوومە تەمەنی شووکردن، بۆ شووکردن نەدەشیام."
وەڵامم دایەوە: "دورای ئازیز، چەند من بۆ مێردایەتی دەشیام تۆش ئەوەندە بۆ هاوسەری دەشیای. لە ژیانی هاوبەشیمانیش دا زۆر بەختەوەر بووینە."
گوتی: "بەڵێ، من بەڕاستی بەختەوەر بووم. بەڵام ئێستا ئیدی گەییومەتە کۆتایی ژیانمو ئەمە باشترین کۆتاییە. کە چوویتە قاتی خوارەوە بە ئاگنس بلّێ بێتە سەرەوە بۆ لام. کە ئەو هاتە سەرەوە مەیەڵە کەسی دی سەربکەویّ. گەرەکمە بە تەنیا قسە دەگەڵ ئاگنس دا بکەم."
ئاگنس لە قاتی خوارەوە بوو .چوومە خواریّو داواکەی دورام پیّ گوت. ئاگنس چووە سەریّو من بەتەنیّ مامەوە.
بەدیار سۆپاکەوە دانیشتم. بیرم لە یەك بە یەکی ئەو وردە دەمبۆڵانە کردەوە کە لەگەلّ دورادا تووشی بووینو زۆرم خەفەت خوارد کە هەندێجار زیزم کردبوو. نەمزانی زەمەن چۆن رۆیی. سەیرم کرد ئاگنس لە ئاستانەی دەرگاکە وێستاوەو تەمەشای من دەکاتو چارەی یەکپارچە خەمو سۆزو بەزەییە.
گوتم: "ئاگنس، چ بووە؟"
هیچ وەڵامێکی نەدامەوە. پێویستیشی نەدەکرد هیچ شتێك بلّێت. ئیدی تێگەیشتم کە هەموو شتێك کۆتایی هاتووە. لەپڕ هەموو دنیام لەبەر چاو تاریك بووو بۆ چەند دەمێك هیچ شتێکم لەبیر نەما.

## مەرگی دوو دۆستی کۆن

بەمردنی دورا ئیدی ژیانم ژێرو ژوور بوو. نایەتەوە یادم کەی بوو لێبڕام بۆ ڕەواندنەوەی خەمەکانم بۆ هەندەران بڕۆم. تەنیا چاوەڕوانی ئەوە بووم کە، میکابر گوتەنی "کارەکەی یوریا هیپ بگاتە ئەنجام." و ئاغای پگوتیو خانەوادەی میکابر بۆ ئوسترالیا بڕۆن. لێبڕام بەر لە رۆییشتنی ئەوان، بۆ دواجار سەری یارموت بدەم.
لە یارموت، کەشو هەوا زۆر خراپ بوو وبیستم کە کەشتیەك شکاوەو نقوم بووە. بە پەلە بەرەو کەنار رۆییشتم. ئاپۆڕایەکی زۆر لەوێندەر بوو، لە نێو قەرەباڵغیەکەوە ڕێیەکم کردەوەو چوومە پێشیّو گەییمە قەراخی پیرە دەریا کە هەستابوو ئەمما هەستان. جگە لە گڤەی باو هارەو هاژەی شێتانەی دەریا چ شتێکی دی نەدەبیستراو تاقە شتێك کە دەبینرا کەفو کەفچەڕینی شەپۆلە بەرزو بلّندەکان بوو. پاشان هەر لەو نزیکانە چاوم بە کەشتیەکی شکاو کەوت، ئاسیوێکی زۆری دیتبوو، بادەوانو کندرەکانی تێك هاڵابوون. تەکانێکی خواردو بە ئەسپایی بەرەو لای ئێمە گەڕایەوە. کەشتیوانەکانیم بە باشی دەبینی کە تەور بەدەست مژوڵی کارکردن بوون. بە تایبەتی یەکێکیان کە قژی درێژو ئاڵۆزکاو بوو، سەرنجی ڕاکێشام. کلاوێکی سووری کەشتیەوانی بە

دەستەوە بوو. هەموومان دیتمان کە کڵاوەکەی هەڵتەکان. ئەم جوڵەیەی کەسێکی وەبیر هێنامەوە کە سەردەمانێ دۆستێکی ئازیزی من بوو.

کەشتیەکە خەریك بوو دەبوو بە دوولەتەوە. هێرشی شەپۆلەکان هێندە توند بوو کە کاری کەشتیوانەکان هیچ فایدەیەکی نەبوو. و نەدەتوانرا لەوەی زیاتر درێژە بکێشێت. کەشتیە شکاوەکە لە ناکاودا لە ئاوەکەدا نقوم بووودووبارە سەرکەوتەوە. لەم ماوە کورتەدا دوو کەس نقوم بوون.

پاشان دیتم کە هام بەپاکە پاك بەرەو ئاپۆپاکە هات. بەرەو پیری هەڕام کرد. هەرکە منی بینی هەردوو دەستی گرتم‌و بە هەڵچوونەوە گوتی: "کاکە دەیڤید، ئەگەر من مردم، گرینگ نیە، خودا ئاگای لە ئێوە، هەمووتان بێت".

پەتێکی لە خۆی پێچاو بەنێو شەپۆلانی زەلام‌و توندا بەرەو کەشتیە شکاوەکە ڕۆیی. لەو کاتەدا کە ئەو دەچووە پێشێ، شەپۆلێکی زەلامی سەوزباو، لە چیایەکی ئاو دەچوو، بەرەو کەنارەکە هێرشی  هێنا. هام خۆی هەڵداو لە شەپۆلەکەدا نقوم بوو. بەڵام دواتر هیچ شتێك لەبەر چاو نەما. نە هەواڵێکی ئەو بوو، نە هی کەشتیە شکاوەکە.

دوای ماوەیەك، بەدەنی کەوتە سەر ئاوەکە. بەغار بەرەو ئەو شوێنە چووم کە ئەویان لە ئاوەکە دەردەکێشا. لە ئاوەکەیان دەرهێناو بەرەو ماڵێکی ئەو نزێکانەیان بردو دکتۆرێك معایەنەی کرد. بەڵام شەپۆلە زەلامەکە هەموو بەدەنی شکاندبوو. هام، کە مەردانەو ڕەندانە هەوڵی دابوو خەڵکانێك لە غەرق بوون رزگار بکات، مرد.

لە کاتێکا کە بە دڵی پڕ لە خەم‌و پەژارە بەدیارییەوە دانیشتبووم، گوێم لە پیاوێك بوو کە بە ئەسپایی بانگی دەکردم. بەسەرو چاوی ڕەنگ هەڵبزڕکاوی لە فرمێسکا شەلاڵ گوتی: "ئاغا، تکایە دەگەڵ من وەرە."

بەرەو کەنارەکەی بردم، بۆ ئەو شوێنەی کە جاران لەوێندەر دەگەڵ ئیمیلی دا زیخ‌و چەوو گوێچکە ماسیمان کۆ دەکردەوە. چاوم بە گەنجێك کەوت کە لەسەر عاردەکە کەوتبوو‌و‌دەتگوت خەوتووە. بە هەمان ئەو حاڵەتەی کە زۆرجار لە قوتابخانە دیتبووم. باسکی نابووە ژێر سەری. بەڵام ئەمجارەیان خەوی یەکجارەکی لێ کەوتبوو، خەوێ کە بێدار بوونەوەی لە دوا نەبوو.

### ماڵاوایی

دەبوایە تا زووە کارێك بکەم: نەدەبوو! بێڵم هەواڵی کارەساتە خەمناکەکەی یارموت‌و مردنی هام‌و ستیرفورت بە ئاغای پگوتی‌و ئیمیلی بگات. بۆ لەندەن گەڕامەوە. چوومە سۆراخی پگوتی‌و ئیمیلی‌و سەیرم کرد بەیانی زوو لە ماڵ وەدەرکەوتوون‌و ڕۆییشتوون تا خۆیان بگەیەننە شوێنی سواربوونی کەشتی. دوای نێوەڕۆ دەگەڵ پگوتی دا چووین بۆ شوێنی سواربوونی کەشتی تا خوا حافیزی لە دۆستانی موسافیرمان بکەین. کەشتیەکە لە کەناری روبارەکەدا ئامادەی سەفەر بوو. ئاغای پگوتی چاوەڕوانمان بوو، چەند دەقیقەیەك قسانمان کرد ،بەڵام بەرە بەرە وەختی ڕۆییشتن دەهات. تەوقەم دەگەڵ ئاغای پگوتی دا کرد. پگوتی دەستی بەگریان کرد، قۆڵیم گرت‌و لەوێندەرم دوور خستەوە تا لەوەی پتر نەگری.

ئاغای میکابرمان بینی. ڕامکێشایە لاوەو کارەساتی کەنار دەریاکەم بۆ گێڕایەوە. قەولی دا بە هەر جۆرێ بووە نەیەڵێت ئەم هەواڵە بە ئاغای پگوتی بگات.
زۆرخۆشحاڵ دەهاتە بەرچاو، بە هێڤی بوو کە سەرەنجام خانەوادەکەی سەروەت و سامانێك بەدەست بێنێ و ژیانێکی خۆش و ڕەحەت بەسەر بەرێت. خوا حافیزیم دەگەڵ خانم میکابرشدا کرد. دوا قسەی دەگەڵ مندا ئەمە بوو کە هەرگیز مێردەکەی بە تەنیا بەجێ ناهێڵێت.
دوای خودا حافیزی لە کەشتیەکە دابەزین. با کەوتە بادەوانی کەشتیەکەو هێدی هێدی کەوتە جوڵە. هەموو ئەو خەڵکانەی کە لە بەلەمو قەیاغەکانی دەوروبەری کەشتییەکە سواربوون هورای شادییان کێشا. سەرنشینانی کەشتییەکەش بە فریادی شادی وەلامیان دانەوەو دەنگدانەوەی فریادێن شادی تا چەند چرکەیەکیش لە گوێدا دەزرنگایەوە. بە بیستنی ئەم دەنگانە،و بە دیتنی ئەو ئاپۆڕایەی کلاو ودەستە سڕەکانیان وەکو ڕەمزی خودا حافیزی هەڵدەتەکاند، هەستم بە خۆشحاڵی کرد. ئەوسا چاوم بە ئیمیلی کەوت. ئیمیلی لە پاڵ مامیدا وەستابوو، خۆی دابوو بەسەر قۆڵێکیداو زۆر لاواز دەهاتە بەرچاو. ئاغای پگوتی ئێمەی بە ئیمیلی نیشانداو ئەویش کە ئێمەی بینی دەستی بۆ بەرزکردینەوەو خوا حافیزی لێکردین.

## ئاگنس

لە ئینگلیستان ڕۆییشتم. ئەو کاتە نەمدەزانی چ جەزرەبەیەکی گەورەو ترسناك بە ژیانم کەوتووە. دڵم پڕ لە خەم بوو، چونکە هاوسەرەکەم کە زیاتر لە کچۆڵەیەك دەچوو، لە هەڕەتی گەنجیدا مردبوو.
چەندین مانگ هەر لەسەفەرا بووم. جارێ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی دەڕۆییشتم، نەمدەتوانی لەیەك شوێندا ئۆقرە بگرم. جارێکی دی، بۆ ماوەیەکی درێژ لە یەك شوێندا دەمام. شەوێك گەییمە گوندێك کە لە دۆڵێکدا بوو،ودەبوا شەو لەوێندەر بەسەر بەرم. لەوێ دەستەیەك نامەیان دامێ کە لە ئینگلستانەوە بۆیان ناردبووم. بەدەم چاوەڕوانی کاتی شیوەوە ڕۆییشتم تا پیاسەیەکی ناو گوندی بکەمو نامەکان وەخوێنم. خەتی (ئاگنس)م لەسەر یەکێك لە نامەکان ناسییەوە.
لە نامەکەیدا نە هەواڵێکی تایبەتی بۆ من هەبوو نەشتێکی تایبەتی لێم دەخواست، تەنیا بە هەمان شێوەی هێمن و خۆشی هەمیشەیی خۆی بۆی نووسیبوم کە متمانەی بە من هەیە. نامەکەیم چەندین جار خوێندەوە.
سێ دانەساڵ لە سەفەرا بووم. لەو ماوەیەدا هەمیشە هەستم بە خەمو تەنیایی دەکردو عەزرەتم بۆ ماڵ و ژیان و شارو ولاتەکەی خۆم دەخوارد. ماڵ و حاڵم زۆر ئازیز دەهاتنە بەرچاو. (ئاگنس)شم لا ئازیز بوو بەلام هاوسەری من نەبوو،وهەستم دەکرد هەرگیزیش نابێ بە هاوسەرم. تەنیا یەکجار ئەم دەرفەتە هەڵکەوتبوو کە ببێ بە هاوسەرم، ئەویش تێ پەڕی بوو! لە شەوێکی ساردی زستانی دا بۆ لەندەن گەڕامەوە. ئەو شەوە هێندەم قوڕاوو بەفر بینی کە بە درێژایی هەموو ساڵی پار نەم دیتبوو.

به تەما بووم ژیانی دۆستانو ئاشنایانم زۆر گۆڕابێ. پورم گەڕابووەوە داڤیرو لەوێندەر دەژیا. ترادلز ژنی هێنابووو ژیانێکی خۆشی ڕادەبوارد. یوریا هیپ، ناتوانم بە دۆستی خۆمی نێو بەرم، بەڵام هەرچیەك بوو، لە زینداندا بوو، ڕۆژادارتل هێندە تەنیا بوو کە بەوە قاییل بوو بوو دەگەڵ خات ستیرفورت دا وەمێنیٚو خزمەتی ئەو بکات. خات ستیرفورت پیرەژنێکی غەمگین، بەڵام بەو حاڵەشەوە مەغروورو لوتبەرز بوو. چووم بۆ داڤیر تا پورم بدینم، و شەوێك لە ماڵی ئەودا مامەوەو چووم بۆ کانتربری بۆ دیدەنی ئاگنس.

کە گەییشتینە یەکدی تا چەند دەمێك هەردووکمان بێدەنگ بووینو نەماندەزانی چی بە یەکتری بڵێین. ئەوسا لە پاڵ یەکدا دانیشتین. دەموچاوی یەکپارچە خۆشیو هێمنی بوو، بێگەردانە لێی دەڕوانیم. ئەمە هەمان ئەو پێشوازیە بوو کە دەمێ ساڵ بوو بە ئاواتیەوە بووم. ویستم پێی بڵێم کە چەند بەدیتنی خۆشحاڵمو بوونی دۆستێکی وەکو ئەو چەند بۆ من گرینگە، بەڵام لە کەیفو شادیان نەمدەتوانی قسان بکەم.

بە هەمان نەرمو نیانیو نەزاکەتی هەمیشەیی خۆیەوە باسی ئیمیلی کرد چەند جارێك بە دزیەوە، لەو کاتەدا کە لە لەندەن بووە، چوو بووە دیدەنی. هەروەها بە زمانێکی پڕ لە سۆزو بەزەیی یادی دورای کردەوە. ئەوسا من بەوم گوت: "دەی باشە ئاگنس، تۆزێکیش باسی خۆت بکە."

وەڵامی دامەوە: "باسی چ بکەم. بابم حاڵی باشە. ئێستا هیچمان دوچاری نیگەرانیو سەر یەشەنین. ماڵەکەمان دیسان ئەمنو ئارام بووەتەوە. ئیدی ئاوها. بەڵام دەیڤیدی ئازیز، من دەبێ شتێك بە تۆ بڵێم. دەبێ ئەوە بزانی کە من هەمیشە تۆم خۆش ویستووە.". دوای دوو هەفتە زەماوەندمان کرد.

زەماوەندێکی ئاساییو سادە بوو، تەنیا ترادلز، پورێ، و ئاغای ویکفیلدو دکتۆر سترانگ لە ئاهەنگەکەدا بەشدار بوون.

دوای ئەوەی بە خۆشیو شادی لەوان جیابووینەوە،ئاگنس گوتی: "مێردی ئازیزم، پێویستە رازێکت بۆ بدرکێنم. پەیوەندی بەو شەوەوە هەیە کە دورا لەم دنیا رۆیی. ئەو بە تۆی گوتبوو کە من بنێریتە لای. کە چوومە لای پێی گوتم کە شتێکی گرینگم بۆ بە جێدێڵێ. بە مەزەندەی تۆ ئەو شتە گرینگە چی بوو؟"

مەزەندەم بۆ شتەکە دەچوو. بەڵام هیچم نەگوت. ئاگنس گوتی: "دوا راسپاردەشی بە من گوت."

پرسیم: "دوا راسپاردەی چی بوو؟"

گوتی: "ئەمە بوو کە دوای ئەو جگە لە من کەس نەبێ بە هاوسەری تۆ."

ئەمەی گوتو کەوتە گریان. منیش لەگەڵی گریام.

## کۆتایی

سەربوری من لێرەدا کۆتایی دێ. جارێکی دی، بەر لەوەی کۆتایی بەم کتێبە بینم. بۆ دواجار یادی ئەو ساڵانە دەکەمەوە. یادی خۆم دەکەمەوە کە دەگەڵ ئاگنس دا ژیانێکی تازەو شادم

دەست پێکردو بە کەیف و خۆشی درێژەم دایە. پورم وەبیر دێنمەوە کە پیرەژنێکی زورهان بوو بەڵام سەری بەرزو قەدی راست دەگرت. هێشتا بەگوڕ بوو، دەیتوانی لە رۆژانی سەرمادا بە دە کیلۆمەتر بە پێیان بڕوات. پگوتی، پگوتی ئازیزو دڵسۆز هەمیشە لەگەڵی بوو. (پگوتی)م بیر دێتەوە کە عەینەکی لە چاو دەکردو سەری زۆر لە چراکە نزیك دەگرت و شتی دەدروو. گۆنا و بازووەکانی چرچ و لۆچ بوو بوون، کەچی وەختێ من منداڵ بووم، قوت و قەڵەو توندو تۆڵ وسوور بوو. لە منداڵیم دا هەمیشە سەیرم لەوەدا دەهات کە بۆچی باڵندەکان گۆناکانیان کە لە سێوە لاسوورە دەچوون، بەر دەنووکان نەدەدان.

خانمێکی پیرم لە بیرە کە سەردەمانێ جوان و لە خۆ ڕازی بوو. ئەو دەمەم بیرە کە لە پرێکا، بە قیژەیەکی پڕ ئازارەوە گوتی: "رۆزا، فریام بکەوە، کوڕەکەم مرد!" رۆزا لە بەردەمیا دادەنیشت هەندێجار دەگەڵی میهرەبان بوو، هەندێجار دەمەدەمی دەگەڵ دەکردو هاواری بەسەرا دەکرد: "من لە تۆ خۆشترم دەویست." هەر هەموو ئەو خەڵکانەم لە یادن و زۆر جار بیریان لێدەکەمەوە. جارێکی دی دۆستی ئازیزم ترادلزم بینی کە بوو بوو بە پارێزەر. لە ساڵیادی لە دایکبوونی ژنەکەیدا بۆ شیو میوانیان بووین. باسی هەموو خۆشی و سەرکەوتنەکانی خۆی بۆ کردم.

لێرەدا کۆتایی بەم کتێبە دێنم و هەموو ئەم خەڵکانە بە فەرامۆشی دەسپێرم. بەڵام یەکێك هەیە کە هێشتا سیمایم لەلا روناك و پرشنگدارە.

ئاوڕ دەدەمەوەو تەمەشای دەکەم. درەنگە. بە درێژایی شەو هەر خەریکی نووسین بووم و چی وای بۆ بەیانی نەماوە. چراکەم بەرەو کوژانەوە دەڕوات. بەڵام سیمای هاوسەرەکەم، لە تەنیشتمەوە، ژیانم روناك دەکاتەوە.

**حەمە کەریم عارف**

* کەرکووکییە و لە ساڵی ۱۹۵۱دا لەدایك بووە.
- لە ساڵی ۱۹۷۵ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (۱۷۰) رۆژنامەی هاوکاری لە ۱۹۷۳/٦/۸ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ۱۹۷۵ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ۲۲۲، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ۲۲۲ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ۱۹۷٤ – ۱۹۷۵دا پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ۲۰۱۰/۸/۲۰راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ۱۹۷۹
٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،۱۹۸۸،چاپی سێیەم ۲۰۰۷
٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ۱۹۸۸
٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ۲۰۰۵

**٥- له خۆ بێگانه بوون، کۆمەڵه چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان**

**٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، به فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ**

**٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥**

**٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایه،سلێمانی**

**٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧**

**١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.**

**١١- هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان**

**١٢ - بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦**

**١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق**

**١٤- دووره وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان**

**١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨**

**١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر**

**١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥**

**١٨- ئەو رۆژەی که ونبووم (کۆمەڵه چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦**

**١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك**

**٢٠- زنده خەون، کۆمەڵه چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی**

**٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك**

**٢٢-دیدارو دەق و رەخنه،چ١،٢٠٠٥**

**٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١**

**٢٤-ئەو بەرخەی که بوو به گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك**

**٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ**

---

**٢٦- مەسەلەی کورد له عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥**

**٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١،١٩٩٨١**

٢٨- كورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێكراو، د. كوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ كەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەكەم ٢٠٠٦
٣٠- كورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،كریس كۆچرا،چاپی چوارەم ٢٠٠٧
٣١ –كورد لە ئینسكلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەكەم ١٩٩٨
٣٢- چینی كۆن، چ١(        )دەزگای موكریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەكداری هەم تاكتیكە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٣٦- بە دوعا شاعیرەكان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جولەكەكەی ماڵتا، شانۆنامە،كریستۆفەر مالرۆ.
٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر كامۆ
٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر كامۆ.
٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غولام حسەینی ساعیدی)
٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەكسپیر.چاپی یەكەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی
٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵلائەلبوسێری..

---

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆكی درێژ بۆ منداڵان.
٤٤- فاشیزم چییە؟ كۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای
٤٥- شوانە بچكۆلەكە، چیرۆكێكی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
٤٦- زارۆكستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)
٤٧- چەند چیرۆكێك لە ئەفسانەی یونانی كۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گەنجینەی حیكایەتی توركمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەكەم٢٠٠٨
٤٩- ئەفسانەێن گریكی و رۆمانی، چاپی یەكەم (٢٠٠٤) كتێبخانەی سۆران، هەولێر
٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی - کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی
٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست
٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی
٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
٦٠- خافروغ لە شیعر دەدویٚ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان
٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٦- ریالیزمودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز
٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی
٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦
٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی
٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦
٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦

**٧٤- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ٢٠٠٧،١**

**٧٥- دەربارەی ڕۆمان و چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨**

**٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-ڕۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك**

**٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩**

**٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()**

**٧٩- پەڵکە ڕەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤**

**٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف**

**٨١-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی**

**٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی**

**٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی**

**٨٤-**وقفات في رحاب الثقافة الكوردية، **حەمە کەریم عارف**

**٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی**

**٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (ڕۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز**

**٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس**

*** لە ڕاپەڕینەوە تا نهوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی دەکات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بڵاودەکاتەوە..**

*** ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن، دەبێ پرس بە نووسەر بکات...**